عەبدوڵڵا سەمەدی

# بەسەرکردنەوەی مێژووی ٣٢٠ ساڵەی فەرهەنگنووسیی زمانی کوردی

گرینگیی وشە، وەك کەرەستەی زمان و ئامێری پێوەندی نێوان مرۆڤان، شتێکی ڕوون و ئاشکرایە. زمانە کارا و زیندووەکانی ئەمڕۆی دنیا، هەموو خاوەنی دەیان و سەدان فەرهەنگن لە بوارە جۆربەجۆرەکانی چاند، وێژە، هونەر و زانستدا. هەر بوارێك لەمانەش دەیان لکی لێ جوێ دەبێتەوە، کە ئەوانیش وشە و زاراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە و فەرهەنگی سەربەخۆ دەخوازن. ڕەنگە چ جار وەکی سەردەمی ئێمە، وشە دەوری ئاوا گرینگی نەبینیبێ. هەر بەو پێیەش ئەرکی فەرهەنگەکان قورستر دەبێ و چاوەڕوانی کۆمەڵگا لەوان بەرەژوورتر دەچێ.

هەرچەند فەرهەنگنووسی، بارودۆخ و مەیدانی تایبەت دەخوازێ و ئەو بارودۆخ و مەیدانەش قەت بۆ فەرهەنگنووسانی کورد هەڵنەکەوتووە، بەڵام چونکە نەتەوەی ئێمە بە درێژایی مێژووی پڕهەوراز و نشێوی، فێری خۆڕاگری و پاراستنی کەلتوور بووە، فەرهەنگنووسانی کوردیش لە نالەبارترین بار و دۆخدا، بە چەشنێکی نائاسایی و سەرسووڕهێنەر توانیویانە هەوڵێکی پیرۆز بدەن و لە ماوەیەکی سێسەدوبیست ساڵەدا کۆمەڵێك فەرهەنگ بە بیست زمان بە دیبێنن و گەنجینەیەکی بایبدار بۆ سەردەم و دواڕۆژی زمانەکەیان پێکەوە بنێن.

زۆربەی هەرە زۆری فەرهەنگەکانی زمانی کوردی لە ئاستێکدا نووسراون کە نووسین بە زمانی کوردی تاوانێکی گەورە بووە و نووسەر لێبڕاوە لە ماڵ و زێدی خۆی دەربەدەر بێ و بە دەستی بەتاڵ و بێوەری لە هەر پێداویستییەکی سەرەکی ژیان، بەڵام بە دڵێکی پڕ لە ئەوین و سەرێکی پڕشۆڕەوە، فەرهەنگ بنووسێ. هەر بەم هۆیە، سەرجەم فەرهەنگەکانی زمانی کوردی بەرهەمی هەوڵی تاکەکسین. کەوایە هێشتا فەرهەنگێکی گەورە و تەواو، کە هەرچوار دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردی دابپۆشێ، نەنووسراوە. لەم وتارەدا ئاوڕێك وەسەر مێژووی سێسەد و بیست ساڵەی فەرهەنگنووسیی کوردی دەدەینەوە و لە ئاست هەر فەرهەنگەش وچانێك دەگرین و تێدەپەڕین. بۆ ئەم کارەش پێنج بەش دیاری دەکەین. یەکەم: **ئەو فەرهەنگانە کە بەشێوەی کتێبی سەربەخۆ، لەیەك یا چەند بەرگدا نووسراون و چاپ وبڵاو کراونەوە.** دووییەم: **ئەو فەرهەنگۆکە گرینگانەی کە بەشێك لەکتێبێکی ڕێزمان یا زمانەوانی پێك دێنن و بە شێوەی پاشبەند ڕێکوپێکڪراون.** سێیەم: **لیستەی ئەو وشانە کە لە یەك یا چەند ژمارەی پلاڤۆکێکدا بەردەوام بلاو کراونەتەوە.** چوارەم: **ئەو ناونامانەی کە بە شێوەی فەرهەنگۆکێکی سەربەخۆ چاپ و بلاو کراونەتەوە.** پێنجەم: **ئەو فەرهەنگە دەستنووسانەی کە هێشتا چاپ نەکراون**، جا یا هەڵگیراون و پارێزراون، یا لە ناو چوون و فەوتاون.

★★★

**د. ئەورەحمانی حاجی مارف**، لە کتێبی « وشەی زمانی کوردی[١] »دا، لە ژێر سەرباسی « فەرهەنگنووسی و کاری فەرهەنگنووسی کوردی »، ئاوڕێکی وەسەر فەرهەنگەکانی زمانی کوردی داوەتەوە و نزیکەی ٦٠ فەرهەنگی باس کردووە.

مامۆستا **عەبدوڕڕەحمان زەبیحی**، لە پێشەکی قامووسەکەیدا، بە مەودای دوو ساڵ، دەقی ئەم وتارەی راگوێستووە و هەر وەها **د.محەممەدتەقی ئیبراهیمپووریش** لە پێشەکیی» واژەنامەی کوردی ـ فارسی «یەکەیدا، بە مەودای ٢٠ ساڵ ، بەشێك لە هەمان وتاری هێناوەتەوە.

لەم دوو جار ڕاگوێستنەوەی وتاری د. ئەوڕەحماندا شتێکی تازەیان لە سەر زیاد نەکردووە، کەچی لەو بیست ساڵەدا کاری فەرهەنگنووسی کوردی پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە.

**ئەمیر حیسامی** و **سەید ئەسعەد سەججادی**ش لە دوو ژمارەی گۆڤاری سروەدا، وتارێکیان بە ناوی «کورتە مێژوویەك لە مەڕ فەرهەنگەکانی کوردی[٢]» بڵاوکردەوە کە جگە لەو فەرهەنگانەی د. ئەوڕەحمان باسی لێکردبوون، هەندێ فەرهەنگی تازەشیان لە سەر زیاد کرد.

هەروەها **هیمدادی حوسێن**، لەگۆڤاری ئۆتۆنۆمی دا و **دڵدار** و **هەرێم** یش لە گۆڤاری پێشەنگ دا، هەرکام لیستەیەکیان لە فەرهەنگە کوردییەکان بڵاو کردۆتەوە.

**سەید محەممەدی سەممەدی**ش لە نامیلکەیەکی فارسیدا، بە ناوی «مقدمەای بر واژەنامەهای زبان کردی» کە هێشتا چاپ نەکراوە، دەوری ١٩٠ کاری فەرهەنگنووسی کوردی باس کردووە. گۆیا بەڕێز **عەبدوڵڵای مەردووخ** یش بیبلۆگرافیایەکی فەرهەنگە کوردییەکانی نووسیوە.

لێرەدا، بە داخەوە جگە لە کارە بەنرخەکەی د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف و دەستنووسەکەی سەیدمحەممەدی سەممەدی و وتارەکەی گۆڤاری سروە، نەکرا لە هەوڵی ئەو بەڕێزانەش، کە لەم مەیدانەدا کاریان کردووە، کەڵك وەربگرم و چاوم بە بەرهەمەکانیان نەکەوت.

پێویست بوو لە لیستەیەکی نوێدا، سەرجەمی ئەو هەوڵ و کۆششانەی لەم پێیەدا دراون، کۆ بکرێنەوە و وەکی بیبلۆگرافیایەك باسیان لێوە بکرێ. لەم وتارەدا هەرچەند ژمارەیەکی پتر لە فەرهەنگە کوردییەکان خراونە بەرچاو و هەوڵ دراوە تا هیچکار یا وردەکارێك لە قەڵەم نەکەوێ، بەڵام بێگومان لە هەڵە و ناتەواویش بەدوور نیە. ئەرکی دڵسۆزانی ترە کە هەڵەی راست کەنەوە و فەرهەنگە باسنەکراوەکانیش دەستنیشان بکەن.

پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە نووسراوی حازری ئەرکی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی فەرهەنگەکانی وە ئەستۆ نەگرتووە. چونکە هەم کارێکی جیاوازە و هەم نووسەری وتاریش خۆی لە ئاستێکی ئاوادا نابینێ کە ئەرکێکی وا گرینگ و ئەستەم وە ئەستۆ بگرێ.

## بەشی یەکەم

## ئەو فەرهەنگانە کە بە شێوەی کتێبی سەربەخۆ، لە یەك یـا چەند بەرگدا نووسراون و چاپ و بڵاو کراونەتەوە:

١ـ ئەحمەدیخانی (١٦٥٠ ـ ١٧٠٦)، لە ساڵی ١٦٨٢دا فەرهەنگۆکێکی عەرەبی ـ کوردی بە ناوی **نەوبەهار** بە هۆنراوەی کوردی دانا، تا زارۆکی کورد فێری وشەی عەرەبی بکا. ئەمە یەکەم فەرهەنگی زمانی کوردی بوو. ئەو فەرهەنگە تا ئێستا زۆر جار چاپ کراوەتەوە.

٢ـ ئیسماعیل بایەزیدی (١٦٥٤ ـ١٧٠٩) ، بە چاولێکەری **نەوبەهار**ی خانی، فەرهەنگۆکێکی سێ زمانەی کوردی ـ فارسی ـ عەرەبی بە ناوی **گوڵعوزار** نووسی کە وێدەچێ لە ساڵی ١٦٨٤دا نووسرابێ. گوڵعوزار بە یەکەم فەرهەنگی سێ زمانەی کوردی دەژمێردرێ.

٣. شیخ مارف نۆدێ (١٧٥٣ ـ ١٨٣٧) له ساڵی ١٧٩٥دا فەرهەنگێکی عەرەبی ـ کوردی بە ناوی **ئەحمەدی** بە هۆنراوەی کوردی نووسی، کە لە ساڵی ١٩٣٦دا دوو جار چاپکرایەوە.

٤. میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی ئەفسەر (کۆچی دوایی ١٨٩٩) ، لە ساڵی ١٨٦٩ دا فەرهەنگێکی کوردی ـ فارسی بە ناوی **بدایع‌اللغه** نووسی، کە نزیکەی دووهەزار و پێنسەد وشە دەبێ. ئەو کتێبە لە ساڵی ١٩٩١دا لە لایەن مامۆستا محەمەد رئووف تەوەککولی‌یە وە چاپ و بڵاو کرایەوە.[٣]

٥. ئا. ژابا، هەوەڵین فەرهەنگی کوردی ـ فەرەنسی کە بریتییە لە پازدە هەزار وشەی کوردی، نووسی و ساڵی١٨٧٩ لە لایەن ف.ژوستی یەوە چاپ و بڵاوکرایەوە.[٤] ژابا هەروەها دوو فەرهەنگی تریشی نووسی کە هەر بە دەستنووسی ماونەوە و لە کۆڕی زانیاری شووڕەوی لە لێنینگراد هە لگیراون.

٦. ئەبولحەسەن ئەردەڵانی، لە ساڵی ١٨٨٨ فەرهەنگێکی فارسی ـ کوردی بە ناوی **کتاب لغت کردی**، بۆ ناسرەددین‌شای قاجار نووسیوە. ئەم فەرهەنگە ڕێزمانێکی کوردیشی لەپاڵدایە. وشە کوردییەکانی ئەم فەرهەنگە بە شێوەزاری سنەن.

٧. ئی.پریم و ئا.سۆتسین، فەرهەنگێکی کوردی ـ ئەڵمانی یان لە چوار بەرگدا نووسیوە، کە بە دیالێکتی کرمانجی ژووروویە و بە شێوەزاری تورعابدین و بۆتانە. ئەو فەرهەنگە لە ساڵی ١٨٩٠دا بڵاوکرایەوە.[٥]

٨. یۆسف زیائەددین‌پاشای خالدی لە ساڵی ١٨٩٣دا, فەرهەنگێکی کوردی ـ عەرەبی بڵاوکردەوە،[٦] سەرجەم ٣١٩ لاپەڕەیە و لە ڕیزی فەرهەنگە هێژاکانی کوردی‌دایە.

٩. هـ. ئاجاریان لە ساڵی ١٩١١دا، پەیڤ و وشەکانی ناوچەی بایەزید ـ ی کۆکردەوە و بە شێوەی فەرهەنگێکی کوردی ـ فەرەنسی و فەرەنسی ـ کوردی لە پاریس بڵاوی کردەوە.[٧]

١٠. ن.ڤ. تێرلتسکی، لە ساڵی ١٩١٣دا، فەرهەنگۆکێکی ئازەری ـ کوردی لە بیست لاپەرەدا نووسی و لە تفلیس بڵاوی کردەوە.[٨]

١١. و. نیکیتین لە ساڵی ١٩١٦دا فەرهەنگۆکێکیڕووسی ـ کوردی دانا، کە کۆنسوولیەتی رووسیای قەیسەری لە ورمێ چاپی کرد. ٧٢ لاپەڕەیە و بریتییە لە زاراوەی جەنگی.[٩]

١٢. (م.م) [=محەمەد مێهری]، فەرهەنگێکی پێنج زمانەی کوردی ـ تورکی ـ عەرەبی ـ فارسی ـ فەرەنسی نووسیوە و ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەمبوڵ بڵاوی کردۆتەوە.[١٠]

١٣. ئاکادێمی ئی.ئا.ئۆربیلی، لە دەهەی بیست دا، پرۆژەی فەرهەنگی کوردی ـ ڕووسی بە ئەنجام گەیاند، پاشان بەرێوەبەرانی بەشی کوردی لێنینگراد ئەو فەرهەنگەیان بۆ چاپ ئامادەکرد. بەپێی وتاری ئی. ئی. تسۆکرمان و ژ. س. موسیلیان ئەم فەرهەنگە کارێکی هێژا و کەم وێنەیە.[١١]

١٤. ف. پێتۆیان و ئە. ئەڤداڵ، بە هاوکاری کۆمەڵێك پسپۆڕ، لە ساڵی ١٩٣٣دا فەرهەنگێکی ئەرمەنی ـ کوردی یان لە ٣٣٠ لاپەڕە و پتر لە نۆهەزار وشەدا نووسی و لە یەریڤان بڵاویان کردەوە.[١٢]

١٥. شاکر فەتتاح، لە ساڵی ١٩٣٤دا، فەرهەنگۆکێکی ئینگلیسی ـ کوردی و کوردی ـ ئینگلیسی، لە ٥٣ لاپەڕەدا نووسی و وشەکانی بە پێی بابەت دابەش کرد.[١٣]

١٦. ساڵی ١٩٣٥ لەیەریڤان فەرهەنگێکی تێرمینۆلۆژی ئەرمەنی ـ کوردی لەپەنجا لاپەڕەدا چاپ درا و بڵاوکرایەوە.[١٤]

١٧. ئە. خاچاتریان و گ. کاپانسیان و هاوکارانیان، لە ساڵی ١٩٣٦دا فەرهەنگێکی تێرمینۆلۆژی‌یان لە یەریڤان بڵاوکردەوە. ئەم فەرهەنگە بەرهەمی هەوڵ و کۆششی نۆکەس لە نووسەران و تۆێژەرانی کورد و ئەرمەنی‌یە.

١٨- دوكتۆر محەممەد موكری، ساڵی ١٩٤٧ لە تاران، ناوی پەلەوەرە و باڵندانی لە زۆربەی دیالێكتەكانی زمانی كوردیدا تۆمار كرد و لە **فرهنگ نامهای پرندگان** دا، كوردی ـ فارسی  بڵاوی كردەوە. چاپی دوویەمی، لە ساڵی ١٩٧٦ لە پاریس و چاپی سێیەمی ساڵی ١٩٨٢ لە تاران لێدایەوە. دواین چاپی ئەم فەرهەنگە ١٥١ لاپەڕەیە و لە وێنەی باڵندەكان كەڵك وەرگیراوە.[١٥] د.موكری بە تایبەت لە دیالێكتی گۆرانـــیدا گەلێك فەرهەنگ و كاری بەنرخی بڵاو كردۆتەوە.

١٩- فەرهەنگی مەردووخ فەرهەنگێكی كوردی ـ كوردی/فارسی/عەڕەبیی ئایەتوڵڵا شێخ محەممەدی مەردووخی كوردستانییە، ساڵی ١٩٤٩ [١٦]لە هەزار و نۆسەد وچل و دوو لاپەڕە و لە دوو بـەرگدا چاپ و بڵاوكرایەوە. نزیكەی ٥٧٠٠٠ وشەی كوردی و ٦٥٠٠٠ وشەی فارسی و ٧٦٠٠٠ وشەی عەڕەبی لەم فەرهەنگەدا هەمبەری یەك كراون و سەرجەم فەرهەنگی مەردووخ نزیكەی دووسەدهەزار وشەی گرتۆتە خۆ، كە تا ئێستا بە گەورەترین فەرهەنگی زمانی كوردی دەژمێررێ.[١٧]

٢٠- گیوی موكریانی، ساڵی١٩٥٠ فەرهەنگی ڕابەر -المرشد-ی بە عەرەبی ـ كوردی بڵاو كردەوە. ڕابەر فەرهەنگێكی قوتابخانەییە و نزیكەی پازدە هەزار وشەی تێدایە.[١٨]

٢١- كۆلكە زێڕینە ناوی دوویەم فەرهەنگی گیوی موكریانییە كە لە ساڵی ١٩٥٥دا چاپ و بڵاوكرایەوە. كۆلكەزێڕینە فەرهەنگێكی پێنج زمانەی كوردی ـ فارسی ـ عەڕەبی ـ فەرەنسی ـ ئینگلیسی یە, مامۆستا گیو لەو فەرهەنگەدا وشەكانی بە پێی بابەت، لە پەنجاونۆ بەشدا جوێ كردۆتەوە. ئەو فەرهەنگە جارێكی تریش لە ساڵی١٩٦٦دا چاپ كرایەوە.[١٩]

٢٢- د. عێزەددین مستەفا ڕەسووڵ, ساڵی ١٩٥٥ ، فەرهەنگێكی بۆ قوتابیانی كورد نووسی و لەودا وشە عەڕەبییەكانی كتێبی چوارەم، پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی بۆ قوتابیان لێك داوەتەوە.[٢٠]

٢٣- سەمەند سیابەندۆڤ و ئارام چاچان، لە ساڵی ١٩٥٧دا، فەرهەنگێكی نوێی ئەرمەنی ـ كوردی یان نووسی لە ٥٣٢ لاپەڕە و بیست و سێ هەزار وشەدا.[٢١]

٢٤- د. ئیوان ئیمارویچ فاریزۆڤ، لە ساڵی ١٩٥٧ ، فەرهەنگێكی ڕووسی ـ كوردی لە ٧٨١ لاپەڕە و سیهەزار وشەدا نووسی و لە مۆسكۆ چاپی كرد.[٢٢]

٢٥- د. چەركەزی باكاییێڤ، لەساڵی ١٩٥٧دا فەرهەنگێكی كوردی ـ ڕووسی لە٦١٨ لاپەڕە و چاردە هەزار وشەدا نووسی و لە مۆسكۆ چاپی كرد. [٢٣]ئی. ئا. ئوربیلی بەم فەرهەنگەدا چۆتەوە.

٢٦- ساڵی ١٩٥٧ ق. كوردۆ، فەرهەنگێكی بۆ خوێندكارانی سەرەتایی نووسی و لە مۆسكۆ چاپ و بڵاوی كردەوە.

٢٧- مامۆستا ق. كوردۆ لە ساڵی ١٩٦٠دا فەرهەنگێكی كوردی كرمانجی ژووروو- ڕووسی لە٨٩٠ لاپەڕە و ٣٤ هەزار وشەدا نووسی و لە مۆسكۆ چاپ و بڵاوی كردەوە.[٢٤] ئەم  فەرهەنگە بە هەنگاوێكی گەورەی فەرهەنگنووسیی كوردی دێتە ژمار.

٢٨- تا ساڵی ١٩٦٠ هیچ فەرهەنگێكی كوردی ـ كوردی چاپ نەكرابوو. **فەرهەنگی كوردستان**ی گیوی موكریانی بەر لەم ساڵە نووسرابوو, بەڵام هەروا بە دەستنووسی مابۆوە و چاپ نەكرابوو. **فەرهەنگی خاڵ**ی مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ لەم ساڵە دا بەناوی هەوەڵین فەرهەنگی كوردی — كوردی لە سلێمانی چاپ و بڵاوكرایەوە، بەرگی یەكەم (ئـ - ج)، لە ساڵی ١٩٦٤ بەرگی دوویەم (چ ـ ف) و ساڵی١٩٧٦بەرگی سێیەم (ق ـ ی)یش چاپكرا.[٢٥] فەرهەنگی خاڵ،

سەرجەم١٢٨٤ لاپەڕەیە و سی (٣٠) هەزار وشەی تێدایە و بە هەنگاوێکی گرینگ دادەنرێ لە مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا.

٢٩. مامۆستا جەمال نەبەز، ساڵی١٩٦٠ فەرهەنگۆکێکی زاراوەی زانستی لە ١٧ لاپەڕە دا و نزیکەی ٦٠٠ وشە بە کوردی ـ عەرەبی ڕێکخست [٢٦]

٣٠. ساڵی١٩٦٠ لە لایەن نەقابەی مامۆستایانی سلێمانی‌یەوە، فەرهەنگێکی زاراوەی زانستی لە ١٠٤ لاپەڕە و دووهەزار زاراوەی زانستیدا بە عەرەبی ـ کوردی لە پێنج بەشدا چاپ و بڵاو کرایەوە.[٢٧]

٣١. مامۆستا جەمال نەبەز، ساڵی ١٩٦١ فەرهەنگۆکێکی تری زاراوەی زانستی بە کوردی ـ عەرەبی ڕێکخست کە نزیکەی سێ‌هەزار وشەی تێدایە و بە چەشنی پۆلیکۆپی لە سەد نوسخەدا بڵاوی کردەوە.[٢٨]

٣٢. مامۆستا گیوی موکریانی، ساڵی١٩٦١ فەرهەنگی مەهاباد ی لە ٧٩٥ لاپەڕە و نزیکەی سی (٣٠) هەزار وشە دا بە کوردی ـ عەرەبی بڵاو کردەوە.[٢٩] ئەم فەرهەنگەی مامۆستا گیو، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ فەرهەنگەکانی پێشووی، پێشکەوتنێکی بەرچاوی تێدایە.

٣٣. مامۆستا عەلائەددین سەججادی، لە ساڵی ١٩٦٢، فەرهەنگێکی کوردی ـ عەرەبی ـ فارسی لە بەغدا چاپ و بڵاوکردەوە، [٣٠]کە وشەکان بە پێی بابەت بە سەر حەڤدە بەشدا دابەشکراون و هەربەشە وشەی تایبەت بە مەبەستی هەمان بەشی تێدا کۆکراوەتەوە.

٣٤. مامۆستا جگەرخوێن **فەرهەنگا کوردی** بە کوردی ـ کوردی نووسی[٣١] وساڵی ١٩٦٢ لە بەغدا چاپ کرا. ئەم فەرهەنگە لە دوو بەرگدایە و بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو نووسراوە، سەرجەم ٥٧٢ لاپەڕەیە و نزیکەی پێنج‌هەزار وشەی گرتۆتە خۆ.

٣٥. حەمید ئیزەدپەنا، **فرهنگ لك و لری** بە کوردی (کرمانجیی باشوور) ـ فارسی نووسی وساڵی ١٩٦٣ لە تاران چاپ و بڵاو کرایەوە.[٣٢] ئەو فەرهەنگە پتر لە دووهەزار وشە دەبێ و مامۆستا مەحموود زامدار ساڵی ١٩٧٨ هەمان فەرهەنگی بە شی‌کردنەوە و لە سەر نووسینی پترەوە بە چەشنی لۆڕی ـ کرمانجیی خواروو ـ فارسی لە ٢٣٠ لاپەڕەدا چاپ و بڵاو کردەوە.[٣٣]

٣٦. عەلی حسووری، ساڵی ١٩٦٣ ڕاپۆرتێکی لە سەر دیالێکتی لۆڕی بڵاوکردەوە بە ناوی «**گزارش گویش‌های لری**» کە بریتی بوو لە شێوەزاری خوڕڕەم‌ئاوا، کوهدەشت، ئێلی حەسەنوەند، ئێلی سەگوەند، ئێلی بیرانوەند، گەڵباخی، ڕوومشکانی تەرحان، ئابدانان و دێهلۆڕان. وشەکان بەپێی فارسی- لۆڕی ڕێکخراوان. سەرجەم هەشتا لاپەڕەیە و پتر لە دووهەزار وشەی تێدایە.

٣٧. حەمید ئیزەدپەنا، **فرهنگ لری** لە١٥٩ لاپەڕەیە و پتر لە ٥٠٠٠ وشە دا بە لۆڕی ـ فارسی نووسی و لە ١٩٦٤ بڵاوی کردەوە.[٣٥]ئەم فەرهەنگە جارێکی تر لە ١٩٨٤ لە تاران چاپکرایەوە.

٣٨. کۆمپانی World publishingی ئەمریکایی، لە ساڵی١٩٦٥ فەرهەنگۆکێکی ٣٠ لاپەڕەیی بە شەش سەفحەی گرامافۆنەوە بڵاوکردەوە،[٣٦] تاکوو گەڕۆکە بیانییەکان لە سەردانی کوردستاندا بتوانن کەڵکی لێ وەرگرن.

٣٩. خاتوو جۆیس بلۆ فەرهەنگێکی گەورەی کوردی ـ فەرەنسی ـ ئینگلیسی نووسیوە[٣٧]، کە ساڵی١٩٦٥ لە پاریس چاپ و بڵاو کرایەوە.

٤٠. مامۆستا تەوفیق وەهبی بە هاوکاری سی.جی. ئەدمۆندس، فەرهەنگێکی کوردی ـ ئینگلیسی نووسی،[٣٨] کە لە ١٧٩ لاپەڕە دا، ساڵی ١٩٦٦ [٣٩] لە لەندەن چاپ و بڵاو کرایەوە.

٤١ـ ئێرنێست مەكارێوس، فەرهەنگێكی كوردی ـ ئینگلیسی لە ١٩٤ لاپەڕە و پێنج هەزار وشەدا نووسی[٤٠] كە لە ساڵی١٩٦٧ لە میشیگان چاپ و بڵاوكرایەوە.

٤٢ـ مووسا ئەنتەر، فەرهەنگێكی كوردی ـ توركی لە ١٦٨ لاپەڕە و یازدەهەزار وشەدا نووسی[٤١] و ساڵی١٩٦٧ لە ئەستەنبووڵ چاپ و بلاّو كرایەوە.

٤٣ـ مامۆستا مراد ئەورەنگ، فەرهەنگێكی كوردی ـ فارسی بە ناوی **فرهنگ كردی**[٤٢] نووسیوە كە تەنیا دووبەرگی لێ چاپ و بڵاوكرایەوە. بەرگی یەكەم بریتییە لە دووپیتی (ئا ـ ب)، كە ساڵی١٩٦٨ لە تاران چاپكرا، ئەم بەرگە٦٤٠٠ وشەی تێدایە.

هەروەها ساڵی١٩٦٩ بەرگی دوویەم (پ ـ ت)ی هەر لە تاران چاپ كرد كە نزیكەی٦٠٠٠ هەزار وشەی گرتۆەتە خۆ. مامۆستا سەددیق بۆرەكەیی لە نووسینی ئەم فەرهەنگەدا یارمەتی نووسەری داوە.

٤٤ـ مامۆستا مستەفا خوڕڕەمدڵ، ساڵی ١٩٦٨ دوو كتێبی لە مەڕ زمانی كوردی بڵاوكردوە: **صرف دستور زبان كردی سورانی**[٤٣] و **مكالمەی روزمره زبان كردی**[٤٤]. كتێبی دوویەم بریتییە لە دوو بەش: بەشی هەوەڵ ( ل ٩- ١٢٤) نزیكەی پێنج هەزار وشەی فارسییە بە هەمبەری كوردیەوە، بەشی دوویەم (ل ١٢٥-١٧٠) پتر لە شەشسەد ڕستەی كوردیە كە لە وتووێژی رۆژانەدا پتر دەكار دەكرێن. ئەم كتێبە جارێكیتر چاپكرایەوە. ساڵی چاپی دوویەم دیاری نەكراوە، بەڵام لە وانەیە لە مابەینی ساڵانی ١٩٨١ تا ١٩٨٥ بووبێ.

٤٥ـ محەممەد ئەمین میسری (سەیدیان)، فەرهەنگۆكێكی بچووكی كوردی- فارسی- عەرەبی لە مەهاباد چاپ و بڵاوكردەوە.[٤٥] ساڵی چاپی ئەو فەرهەنگۆكە دیاری نەكراوە، بەڵام وێدەچێ لە سەرەتای حەفتاكاندا بووبێ.

٤٦ـ مامۆستا مەلا عەبدولكەریم مودەڕڕیس، بە شێوەی نەوبەهاری ئەحمەدی خانی و ئەحمەدی شێخ مارفی نۆدێ، فەرهەنگێكی عەرەبی- كوردی بە ناوی **دوو ڕشتە**[٤٦] بە هۆنراوە نووسی و ساڵی ١٩٧٠ لە بەغدا چاپ و بڵاوكرایەوە. ئەو فەرهەنگە هەوڵ دەدا منداڵی كورد بە هاسانی فێرە وشەی عەرەبی بكا. ١١٢ لاپەڕەیە بە سەر سیوچوار باسدا دابەش كراوە. دوو ڕشتە جارێكیتر لە ساڵی ١٩٨٢ لە بەغدا چاپكرایەوە.

٤٧ـ ساڵی ١٩٧١ لە لایەن لێژنەیەكی تایبەتییەوە لە مامۆستایان وخاوەنڕایان، فەرهەنگێكی زاراوەكانی پارێزگای سلێمانی، بە عەرەبی- كوردی بڵاوكرایەوە.[٤٧] ئەو فەرهەنگە ٣٤ لاپەڕەیە و نزیكەی ١٥٠٠ وشە و زاراوەی كارگێڕی تێدایە.

٤٨ـ مامۆستا سەددیق بۆرەكەیی، فەرهەنگۆكێكی بە ناوی **واژەهای همانند در پهلوی و كردی**[٤٨] نووسیوە كە بریتییە لە ٩٦ لاپەڕە و ١٥٩١ وشەی پەهلەوی، بە هەمبەری فارسی و كوردیەوە. ئەو فەرهەنگۆكە ساڵی ١٩٧١ لە تاران چاپكراوە.

٤٩ـ مامۆستا عەبدولقادر بەرزنجی، فەرهەنگی زانیاری یا ئنسكلوپێدیای كوردی نووسیوە و بەرگی یەكەمی لە ٢٣٧ لاپەڕەدا لە ساڵی ١٩٧١ لە سلێمانی چاپ و بڵاوكردۆتەوە.[٤٩] فەرهەنگی ئەعلام لە زمانی كوردیدا، تا ئێستا ئاوڕی وەلا نەدراوەتەوە و وەك كەموكووڕیەكی گەورە لە كتێبخانەی كوردیدا جێگای دیارە. هەوڵی تاكە كەسی مامۆستا بەرزنجی، كە ڕەنگە یەكەم هەنگاو بێ لەم مەیدانەدا، بە هەنگاوێكی گرینگ دادەنرێ. بەرگی یەكەمی ئەم فەرهەنگە لە (ئەلف)ەوە هەتا (س)ی گرتۆتە خۆ.

٥٠ـ بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی كوردی، ژمارە ٤ی گۆڤارەكەی تەرخان كرد بۆ فەرهەنگێكی عەرەبی- كوردی، ساڵی ١٩٧٢، لە ١٩٦ لاپەڕە و پتر لە چوار هەزار وشە و زاراوەی زانستیدا بڵاوی كردەوە.[٥٠]

٥١. مامۆستا مەعرووف قەرەداغی مەردۆخی، فەرهەنگی کشت و کاڵی بە کوردی- کوردی لە دووبەرگ دا نووسی.[٥١] بەرگی هەوەڵ (ئەلف- س) ٧٠٠٠ وشە و بەرگی دوویەم (ش- ی)٦٠٠٠ وشەی گرتۆتە خۆ. بەرگی هەوەڵی ئەم فەرهەنگە لە ساڵی ١٩٧٢ و بەرگی دوویەم لە ١٩٧٣ لە بەغدا چاپ و بڵاوکرایەوە.

٥٢. مامۆستا سادق بەهائەددین ئامێدی، فەرهەنگی ئیدیۆمی کوردی لە ١٦٢ لاپەڕەی گەورە و دوو هەزار و پێنسەد ئیدیۆم بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو نووسی و ساڵی ١٩٧٣ لە بەغدا چاپ و بڵاوی کردەوە.[٥٢] ئەو فەرهەنگە کوردی- کوردی- عەرەبییە.

٥٣ـ مامۆستا کەمال جەلال غەریب، خاوەنی **فەرهەنگی زانیاری**یە، کە فەرهەنگێکی چوار بەرگی عەرەبی - ئینگلیسی- کوردی‌یە.[٥٣] بەرگی یەکەم لە ساڵی ١٩٧٤ بە ٤٣٨ لاپەڕەوە چاپکرا. بەرگی دوویەم لە ساڵی ١٩٧٩ لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە لە ٤٠٠ لاپەڕەدا چاپکرا. بەرگی سێیەم ساڵی ١٩٨٣ لە بەغدا بە ٣٨٢ لاپەڕەوە چاپ و بڵاوکرایەوە.[٥٤]

٥٤ـ بەڕێوەبەرێتە گشتی خوێندنی کوردی، ژمارە ٧ و٨ی گۆڤارەکەی تەرخان کرد بۆ فەرهەنگۆکێکی کوردی- عەرەبی و لە ساڵی ١٩٧٤، سەرجەم وشە و زاراوەی زانستی کتێبە دەرسییە کوردییەکانی کۆکردەوە و لە بەرگێکدا چاپ و بڵاویکردەوە.[٥٥]

٥٥ـ زاراوەی کارگێڕی ناوی فەرهەنگێکی ١٦٩ لاپەڕەیی‌یە کە لە لایەن ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری کوردەوە پێکهاتووە، د. کەمال مەزهەر پێشەکی بۆ نووسیوە و ڕێکی‌خستووە و ساڵی ١٩٧٣- ١٩٧٤ لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.[٥٦] ئەم فەرهەنگە کۆکراوەی ئەو دوو لیستەیە کە لە بەرگی یەکەم و دوویەمی گۆڤاری کۆڕدا چاپ کراون، نزیکەی ٢٥٠٠ زاراوە دەبێ و عەرەبی- کوردییە.

٥٦. زاراوی هەمە چەشنە ناوی فەرهەنگێکی ترە کە لە لایەن ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری کورد و لێژنەکانییەوە پێکهاتووە، د. ئەورەحمانی حاجی مارف پێشەکی بۆ نووسیوە و ڕێکی‌خستووە و ساڵی ١٩٧٤ لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە چاپکراوە.

٥٧. لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ ناوی فەرهەنگێکە کە لە لایەن ئەنجومەنی کۆڕی زانیاری کورد و لێژنەکانی یەوە پێکهاتووە، د. ئەورەحمانی حاجی مارف پێشەکی بۆ نووسیوە و ڕێکی‌خستووە و ساڵی ١٩٧٥ لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە بە شێوەی فەرهەنگێکی عەرەبی- کوردی چاپ کراوە.[٥٨]

٥٨ـ کەمال جەلال غەریب، فەرهەنگی زانیاری وێنەداری لە ١١٠ لاپەڕەی گەورە و پتر لە ١٤٠٠ وشەی زانستیدا نووسی و ساڵی ١٩٧٥ لە بەغدا چاپکرا.[٥٩] ئەم فەرهەنگە کە عەرەبی، ئینگلیسی- کوردی یە لە سەرەتای هەشتا کاندا جارێکی‌تر لە سنە چاپ کرایەوە.

٥٩ـ بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی، ژمارە ٧ و ٨ی گۆڤارەکەی تەرخان کرد بۆ فەرهەنگۆکێکی عەرەبی- کوردی و لە ساڵی ١٩٧٥ نزیکەی ٦٥٠٠ وشە و زاراوەی زانستی لە بەرگێکدا بڵاوکردەوە.[٦٠]

٦٠ـ مامۆستا حەسەنی سەلاح(سۆران)فەرهەنگێکی کوردی- فارسی نووسیوە[٦١] کە ساڵی ١٩٧٦ لە لەندەن چاپ و بڵاوکراوتەوە.

٦١. ئەستێرە گەشە ناوی فەرهەنگێکی کوردی- عەرەبییە کە فازل نیزامەددین نووسیویەتی و لە ساڵی ١٩٧٧ بە ٧٧٠ لاپەڕە و نزیکەی بیست هەزار وشەوە لە بەغدا چاپکراوە[٦٢].

٦٢ـ یَ. ئـی. کیـدایتینیَ، کوردسـتان موکریـانی، ڤـ. ئـی. میتڕۆخینـه سـاڵی ١٩٧٧ فەرهـەنگێکی قوتابـخانەیی ڕووسـی- کوردییان بۆ ئەو کەسانەی کە تازە دەست بە فێربوونی زمانی ڕووسی دەکەن، نووسی.[٦٣] نزیکـەی ٢١٠٠ وشـەیە و لـە مۆسکۆ چاپکراوە.

٦٣ـ قامووسی زمانی کوردی ناوی فەرهەنگێکی کوردی- کوردییە کە مامۆستا عەبدوڕڕەحمان زەبیحی، دوو بـەرگی لـیَ چاپ و بڵاوکردەوە و کارەکەی وێستا.[٦٤] بـەرگی یەکـەم ٣٥٦ لاپـەڕەیـە و نزیکـەی دووهـەزار وشـەیە. ئـەم بەرگـە بریتییە لە سەرجەم ئەو وشانەی کە بە پیتی (ء)ەوە دەست پێدەکـەن.١١٠ لاپـەڕەی هـەوەڵی فەرهەنگەکـە تـەرخان کراوە بۆ چەند باسێکی زمانەوانی و فەرهەنگنووسیی و مێژووی زمان و ٢٤٦ لاپەڕەی دوایی دەقی فەرهەنگەکەیـە. بـەرگی یەکـەم لـە سـاڵی ١٩٧٧ ، لـە چاپـخانەی کـۆڕی زانیـاری کـورد لـە بەغـدا چـاپکراوە. بـەرگی دوویـەمی ئـەو فەرهەنگە لە لایەن کۆڕی زانیارییەوە لە ساڵی ١٩٧٩ چاپکرا، ئەم بەرگە تەرخان کراوە بۆ ئـەو وشـە و زاراوانـەی کـە بە پیتی(ب) وە دەستپێدەکەن، بەڵام کارەکە نەگەیشتۆتە دوایی و لـە وشـەی **بەیـەوە** دا دەبڕێتـەوە. وشـەکانی ئـەم بەشەش دەگەنە ڕادەی ٢٠٠٠ دانە. پاشی ئەو دوو بەرگە ئیدی هەواڵێك لە پاشماوەی کارەکە نیە و گۆیا فیشەکان لە ناو چوون. ماوەیەك دوایە، مامۆستا زەبیحیش بە چارەنووسێکی وەکوو قامووسەکەی گرفتار بـوو. قامووسـی زمـانی کوردی لە ڕووی ئوسلووب و شێوازەوە، بە یەکێك لە هەنگاوە گەورەکانی فەرهەنگنووسیی کوردی دێتەژمار.

٦٤ـ بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی، ژمارە ١٤ی گۆڤارەکەی تەرخان کـرد بـۆ فەرهـەنگێکی زاراوەکـانی زانسـتی عەرەبی- کوردی و لە ساڵی ١٩٧٨ لـە بەرگێکدا پتـر لە شەش هەزار وشە و زاراوەی زانستی تێدا بڵاوکردەوە.[٦٥]

٦٥ـ سابیر گرد عازەبانی، ساڵی ١٩٧٨ چوارەمین چاپی کتێبی چۆن فێری زمانی عـەرەبی دەبـیتی بڵاوکـردەوە. فەسـڵی سێیەم تا هەشتەمی ئەو کتێبە بریتییە لە فەرهەنگێکی عەرەبی- کوردی.[٦٦]

٦٦ـ عەزیـز ڕەشید عـەقراوی فەرهەنگێکـی عـەرەبی- کـوردی بـە نـاوی گیانیَ مرۆڤـی لـە ٥٥ لاپـەڕە وسـیَ هـەزار وشەدا نووسی و ساڵی١٩٧٨ لە بەغدا چاپ و بڵاوکرایـەوە.[٦٧] ئـەو فەرهەنگـە چاپی ڕەنگی و وێنـەدارە و ئـەو وشـە و زاراوانە تۆمار کراون کە پێوەندییان بە لەشی مرۆڤ و نەخۆشییەکانەوە هەیە.

٦٧ـ د. کامران بـەدرخان فەرهەنگێکی فەرەنسی – کوردی و کوردی – فەرەنسی نووسـیوە و سـاڵی ١٩٧٩ لـە پـاریس چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.[٦٨] و نزیکەی ٩٥ هەزار پەیڤی تێدایە.

٦٨ـ گۆڤـاری ئەسـتێرە کـە لـە سـاڵانی سـەرەتای شۆڕشـی ئیسـلامی ئێـران، لـە سـنە بڵاودەکرایـەوە، لـە سـاڵی ١٩٧٩ فەرهەنگۆکێکی کوردی- فارسی بە نزیکەی دووهەزار وشەوە لە ٥٦ لاپەڕەدا بە شێوەی فۆتۆ بڵاوکردەوە.[٦٩]

٦٩ـ فـەتاح عـەزیزی ئەقـدەم، فەرهـەنگێکی بچووکی کوردی- فارسـی لـە ١٨١ لاپـەڕە و پتـر لـە دوو هـەزار وشـەوە نووسـیوە، کـە لـە سـاڵی ١٩٧٩ چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە.[٧٠] هـەر چـەند فەرهەنگەکـە بـە نـاوی بـەرگی یەکەمـەوە بڵاوکراوەتەوە و نووسەر لە پێشەکیدا بەڵێنی بەرگەکانی تریشی داوە، بـەڵام سـەرجەم پیتـەکانی ئـەلف هـەتا یـیَ تێداهاتووە و بە ڕواڵەت فەرهەنگەکە گەیوەتە دوایی.

٧٠ـ د. مەکسیمی خەمۆ، فەرهەنگی ئیدیۆمی کوردی – ڕووسی لـە ٢٨٤ لاپـەڕە و نزیکـەی هەشـت هـەزار ئیدیۆمـدا نووسیوە و ساڵی ١٩٧٩ لە یەریڤان چاپ و بـڵاوی کردوەتـەوە.[٧١] نووسـەر، بیست وهەشت لاپـەڕەی پێشـەکی تـەرخان کردووە بۆ باس و لێدوانی ئیدیۆم لـە زمـانی کـوردی دا. دیـالێکتی ئـەم فەرهەنگـە، کرمانـجیی ژووروو (بـە تایبـەت شێوەزاری کوردەکانی سۆڤیەت)ە.

٧١- د.محه ممەد تەقی ئیبراهیم پوور، فەرهەنگێکی فارسی-کوردی نووسیوە[٧٢] وهەنگاوێکی تازەی لە کاری فەرهەنگنووسی کوردی دا هاویشتووە، بەم چەشنە کە لە بەرامبەر ئەستوونی فارسیدا، سێ ئەستوونی شێوەزاری ئەردەڵان- دیالێکتی هەورامی- دیالێکتی کرمانجیی ژووروو‌ی داناوە و بەو چەشنە لەبەریەکڕانان وهەڵسەنگاندنی ئەم سێ شێوە ئاخاوتنەی زمانی کوردی هاسان کردووەتەوە. ئەو فەرهەنگە ٧٤٢ لاپەڕەیە و پتر لە هەشتهەزار وشەی تێدایە و بەرهەمی بیست ساڵ هەوڵی نووسەرە. ساڵی چاپی دیاری نەکراوە، بەڵام لە سەرەتای هەشتاکاندا چاپ و بلاّوکرایەوە.

٧٢- سیامەند سەلیم ، ساڵی ١٩٨١ بەرگی یەکەمی هەنگی هیندی – کوردی – عەربی بەناوی **چۆن فێری ئەم سێ زمانە دەبیت** ی بڵاوکردەوە[٧٣] ، کە ١٢٥ لاپەڕەیە و نزیکەی دووهەزار وشە و ئیدیۆم و ڕستەی هیندی تێدایە. ئەوە دەبێتە یەکەم فەرهەنگی زمانی کوردی کە بۆ زمانی هیندی ڕێکخرابێ. بەرگی دوویەمی ئەو فەرهەنگە لە ١٨٤ لاپەڕەدا, ساڵی ١٩٨٣ لە بەغدا بلاّوکرایەوە. نووسەر هەر لەم ساڵەدا بەرگی یەکەمی فەرهەنگەکەی بۆ جاری دوویەم چاپ و بلاّو کردەوە.

٧٣- سەدیق بۆرەکەیی فەرهەنگێکی کوردی – فارسی بە ناوی فەرهەنگی **ماد** نووسیوەکە تا ئێستا دوو بەرگی لێ چاپ کراوە.[٧٤] بەرگی یەکەم ساڵی ١٩٨٢ لە ١٢٥ لاپەڕە و دووهەزار و پێنسەد وشەدا بلاّوکرایەوە. حەفتا لاپەڕەی هەوەڵی فەرهەنگەکە تەرخان کراوە بۆهەندێ باسی زمانەوانی و ڕێزمانی، ئەم بەرگە بریتییە لە ئەو وشە و زاراوانەی کە بە پیتی (ء)ەوە دەست پێدەکەن. بەرگی دوویەمی فەرهەنگی ماد پاشی هەشت ساڵ، یانی لە ١٩٩٠ چاپ کرا، ئەم بەرگەش تایبەتە بە پیتی(ب)، ٢٠٨ لاپەڕەیە و نزیکەی ٤٥٠٠ وشەی گرتۆتە خۆ.

٧٤- مامۆستا شوکروڵڵای بابان، فەرهەنگێکی فارسی – کوردی بە نێوی **فەرهەنگی بابان** نووسیوە کە لە ساڵی ١٩٨٢ لە٨٧٢ لاپەڕەدا چاپ کراوە.[٧٥] فەرهەنگی بابان بە شێوەی وشەی هاوواتا ڕێکخراوە ولە بەرامبەر هەشت هەزار وشەی فارسیدا، نزیکەی چل هەزار وشەی کوردی تومار کراوە.

٧٥- مامۆستا قادر فەتتاحی قازی، پەراوێزێکی لە سەرفەرهەنگی مەهابادی مامۆستا گیوی موکریانی نووسیوە، بەناوی **حاشیه برفرهنگ مهاباد.**[٧٦] مامۆستا قازی لەم کتێبە باسی لەو وشانە کردووە کە لە فەرهەنگی مەهاباد دا لە قەڵەم کەوتوون یا بە تەواوی راڤە نەکراون. حاشیە کەی مامۆستا قازی ساڵی١٩٨٢ لە تەورێز چاپ وبلاّوکرایەوە.

٧٦- خۆشناو سەلاحەددین، کە ئەندازیارێکی کوردە، ساڵی ١٩٨٢ فەرهەنگێکی کوردی – ئینگلیسی – فەرەنسی- سوئێدی- تورکی- عەڕەبی- فارسی نووسی و لە مەنچستەری ئینگلستان چاپ و بلاّوی کردەوە.[٧٧] وشە کوردییەکانی ئەم فەرهەنگە بە ئەلف وبێی لاتینی نووسراون.

٧٧- م- س:کارا، فەرهەنگی فارسی-کوردی **وشەبژێری** لە حەوت هەزار و پێنسەد وشەدا نووسیوە. وشەبژێر لە قەوارەی باغەڵی دایە و ٣٤٨ لاپەڕەیە و لە ساڵی ١٩٨٢ لە سنە چاپ کراوە.[٧٨] ئەوفەرهەنگە بچووکە تا ڕادەی فەرهەنگێکی گەورە توانایی هەیە، چونکە نووسەر لە هەڵبژاردنی وشە فارسییەکاندا تێکۆشاوە وشەی زۆر پێویست وبنەڕەتی دەسنیشان بکا.

٧٨- محەمەد ئەمینێ ئوسمان. فەرهەنگێکی بە ناوی **کوردی-ئورووپی بەرهەڤکرن** نووسیوە وساڵی ١٩٨٢ لە بەغدا چاپ وبلاّوکراوەتەوە.[٧٩] ئەوفەرهەنگە ٦٠ لاپەڕەیە ونزیکەی ٤٠٠ وشەی کوردی هەڵبژاردووە کە لەگەڵ زمانە

جۆربەجۆرەکانی ئوروپایی هاوبەشن وبەوکارە خزمایەتی نزیکی زمانی کوردی لە گەڵ زمانە ئورووپایییەکان نیشان داوە.

٧٩- پرۆفسۆر ق. کوردۆ و ز.یۆسف، ١٩٨٣ فەرهەنگێکی گەورەی کوردی (کرمانجی خواروو)- ڕووسییان لە ٧٥٢ لاپەڕە و ٣٠هەزار وشەدا نووسی و بڵاویان کردەوە.[٨٠] ئەم فەرهەنگە بەرهەمی کۆششێکی دە ساڵە بوو.

٨٠- سابیر گرد عازەبانی ، ساڵی ١٩٨٣ لە کتیبێ **کیف تتعلم التدریب علی المحادثه باللغتین العربیه و الکُردیه**دا گەلێ وشە و ڕستەی عەرەبی وکوردی بەرانبەر یەك داناوە و بە شێوەی فەرهەنگێگ ڕێکیخستووە.ئەم کتێبە دوو بەرگە و سەرجەم ٢٤٩ لاپەڕەیە.[٨١]

٨١- م-س:کارا، لە ساڵی ١٩٨٤ هەنگاوێکی گرینگ و زانستییانەی بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی هاویشت و کارەکەی وەکوو پێشنیارێك خستە بەر سرنج و تێبینی شارەزایان. م-س: کارا بەکەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی زمانی ئیستپرانتۆ، لە دیالێکتەکان و شێوە زارەکانی زمانی کوردی، دیالێکتێکی نوێی خوڵقاند، بەم چەشنە: کارا بە شێوەی زامێنهۆڤ ، لە هەموو چەشنە ئاخاوتنەکانی کوردی، دووهەزار و پێنسەد ڕیشەی دەسنیشان کرد و کۆمەڵەیەك پێشگر و پاشگر و نێوگریشی بۆ دانا. ڕیشەکان بە یارمەتی پێنگرەکان، وشەی تازە دەخوڵقێنن و مانای نوێ دە بەخشن و بەم چەشنە دیالێکت یا زمانێکی نوێ پێکدێنن بە ناوی **ژوورە زاری کار** کە هیچکام لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی نین و هەمووشیانن. کارا لە ساڵی ١٩٨٤ **فەرهەنگی ژوورە زاری کار**[٨٢]ی بڵاو کردەوە کە لە ڕاستیدا فەرهەنگی (ڕەگ/ڕیشە)کانی ئەو دیالێکتەیە. ئەوفەرهەنگە ٣٢٠ لا پەڕەی قەوارە بچووکە و بە کوردی – فارسی – ئیسپرانتۆ یە و بە ڕادەیەکی بەرچاویش لە وێنە کەڵك وەرگیراوە. نووسەر بۆ نیشان دانی توانایی ئەو زمانە, بەیناوبەین لە فەرهەنگەکەدا چەند دەقێکیشی پێنووسیوە. ژوورە زاری کار ئاوڕی وەلا نەدرایەوە و نەکەوتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام هەنگاوێکی گرینگ بوو لە کاری زمانەوانیدا.[٨٣]

٨٢- مالمیسانژ، فەرهەنگێکی دملکی- تورکی نووسیوە و ساڵی ١٩٨٤ لە ٤٣١ لاپەڕەدا لە پاریس چاپ و بڵاوی کردەووەتەوە. ١٦ لاپەڕەی هەوەڵی ئەو فەرهەنگە، بریتییە لە: پێشەکی بەکوردی (زازایی) و پێشەکی بە تورکی و بیبلۆگرافی.[٨٤]

٨٣- سابیرگرد عازەبانی، ساڵی ١٩٨٥ بەرگی یەکەمی فەرهەنگی ئاری بەکوردی-کوردی-عەرەبی لە ٢٢٤ لاپەڕەدا بڵاو کردەوە. بەرگی یەکەم, ئەو وشانەن کە بە پیتی (ء)ەوە دەست پێدەکەن و نزیکەی دووهەزار پەیڤێك دەبن.[٨٥]

٨٤- سەلام عەبدوڵڵا، فەرهەنگۆکێکی سوئێدی-کوردی نووسیوە کە ساڵی ١٩٨٥ لەلایەن بنکەی چاپەمەنی ئازادەوە لە سوئێد، لە٧١ لاپەڕەدا چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم فەرهەنگۆکە، پاشکۆی کتێبێکە بە ناوی MaI (مۆل: ئامانج/مەبەست) کە بۆ فێرکردنی زمانی سوئێدییە.[٨٦]

٨٥- مامۆستا تەها فەیزیزادە لە ساڵی ١٩٨٥ کتیبێ نۆبەرەی بەناوی گەڵاڵەیەك بۆ داڕشتنی قامووسێکی زاراوەیی زمانی کوردی بڵاو کردەوە. لەو کتێبەدا سەرجەمی ئەو وشە تێکەڵاو و پێکهاتووانەی کە لە وشەی چوونەوە ساز دەکرێن، دەستنیشان کراون و بە کوردی ڕاڤە کراون.[٨٧]

٨٦- عەبدولسەتتار تاهیر شەریف **فەرهەنگی دەروونناسی** بە ئینگلیسی- عەرەبی- کوردی نووسیوە و ساڵی ١٩٨٥ لە ٢٥٢ لاپەڕە و نزیکەی هەزار وشەدا بڵاوی کردووەتەوە.[٨٨]

٨٧- عەلی سەیدۆ گەورانی، ساڵی ١٩٨٥ لە عەممانی ئۆردۆن، **فەرهەنگا کوردی نووژەن**، القاموس الکردی **الحدیث**ی بە کوردی-عەرەبی بڵاو کردەوە. عەلی سەیدۆ بۆ نووسینی ئەم فەرهەنگە کەڵکی لە زۆربەی فەرهەنگەکانی پێشوو

بینیوه و گەلێك وشه و زاراوەی كرمانجی نێوەڕاستیشی له فەرهەنگەكەی خۆیدا هێناوه و سەرجەم بریتییه له ٣٥ هەزار وشه.[٨٩]

٨٨- **الباكوره/نۆبەره** یەكێك له فەرهەنگەكانی مامۆستا گیوی موكریانی‌یه، ئەم فەرهەنگه عەرەبی – كوردی‌یه و سەرجەم ٢٥ هەزار وشەیه. بەرگی یەكەمی (ا – ت) ساڵی ١٩٨٦ لەلایەن د. كوردستان موكریانی یەوه بڵاو كرایەوه.[٩٠] بەپێی ئاگاداری نووسەری ئەم وتاره تا ئێستا دوو بەرگ لەو فەرهەنگه چاپكراوه: (ا – خ).

٨٩- عەبدولسەلام محەممەد نەبی خۆشناو، فەرهەنگی گوڵشەنی به كوردی – فارسی – عەرەبی نووسیوه و ساڵی ١٩٨٦ له ١٧٦ لاپەڕه و نزیكەی دووهەزار و حەوسەد وشه (ل ٣ – ١٥٠) و پێنسەد ڕسته (ل ١٥١ – ١٧٦)دا له بەغدا چاپ و بڵاو كراوەتەوه.[٩١]

٩٠- مامۆستا محەممەدئەمین هەورامانی، فەرهەنگی **ئێریەن ڤاچ** ی نووسیوه و لەو فەرهەنگه ٣٣٨ لاپەڕەیی یەدا وشەگەلی ئێریەن ڤاچی له گەڵ زمانی نوێی كوردی بەراورد كردووه و له ڕیشەیانی كۆڵیوەتەوه. ١٦ لاپەڕەی سەرەتای كتێبەكه تەرخان كراوه بۆ ڕوونكردنەوەیەك له بابەت زاراوه و هۆزەكانی ئێریەن ڤاچ. ئەو فەرهەنگه ساڵی ١٩٨٧ له به غدا چاپكراوه.[٩٢]

٩١- حەمید ئیزەدپەنا، فەرهەنگێكی كوردی (لەكی)- فارسی به پتر له سێ‌هەزار وشەوه نووسی و ساڵی ١٩٨٨ لەتاران چاپ و بڵاوی كردەوه. دەقی وشەكان ١٤٩ و پێشەكییەكەی ٥٦ لاپەڕەیه له پێشەكییەكەدا چەند باسێكی گرینگ گونجاوه، وەك: جوغرافیای لوڕستان، وشەی لەك، تیرەكانی عەشیرەتی لەك، دیالێكتی لەكی، چۆنیەتی ژیان و ئاژەڵداری و كشتوكاڵ و داب و نەریتی لەكان، هەروەها چەند ئاماژەیەكی گرینگی ڕێزمانی. سەرجەمی وشەكان به ڕێنووسی لاتینیش نووسراونەوه و له شوێنی پێویستدا له وێنەش كەڵك وەرگیراوه.٥٢ لاپەڕەی پاشكۆی فەرهەنگەكەش تەرخان كراوه بۆ هەندێ ڕسته و پەندی پێشینانی لەكی و هەروەها كلیلی دەكارهێنانی فارسی – لەكی فەرهەنگەكه. له دوایی كتێبەكەدا نەخشەیەكی پارێزگای لوڕستان لكێنراوه، كه شار و شارۆچكەكانی ئەو پارێزگایه دیاری دەكا و هەروەها شوێنه لەكنشینەكانی پارێزگای لوڕستان دەستنیشان دەكا. ئەم فەرهەنگه كارێكی ورد و سەركەوتوویه و نرخێكی تایبەتی به كاری فەرهەنگنووسیی كوردی بەخشیوه.[٩٣]

٩٢- مامۆستا تەها فەیزی‌زاده، ساڵی ١٩٨٨ له كتێبی هەوێندا، به شێوەی كتێبی نۆبەره [بڕ: فەرهەنگی ژماره٨٥]، هەمان گەڵاڵەی بۆ وشەی دەست داڕشتەوه.[٩٤]

٩٣- مامۆستا تەها فەیزی‌زاده، ساڵی١٩٨٨ فەرهەنگی وشه دوانەكانی زمانی كوردی بڵاوكردەوه. ئەو فەرهەنگه ١٣٠ لاپەڕەیه و له پێشەكی كتێبەكەدا (ل ٥-١٣) باسی چۆنیەتی كارەكه و دەوری وشه دوانەكان لەزماندا كراوه. له لاپەڕەی ١٥تا١٣٠ دەقی فەرهەنگەكەیه كه كوردی - كوردی‌یه. نووسەر جگه له مانای وشەكان، بۆ هەركام ڕستەیەكی ڕێكخستووه تا شێوەی دەكاركردنی وشه دوانەكان نیشان بدا. تا ئەو ساڵه، ئەمه یەكەم كاری لەم چەشنەیه له زمانی كوردیدا.[٩٥]

٩٤- عەلی عەبدوڵڵا، ساڵی١٩٨٨ فەرهەنگی گەنجینەی به عەرەبی - كوردی، له١٩٦ لاپەڕه و نزیكەی هەشت هەزار وشەدا بڵاوكردەوه.[٩٦]

٩٥- نێعمەت عەلی سایه، ساڵی١٩٨٨ فەرهەنگی گەوهەری گەرمەسێری له سێ بەرگدا به كوردی (كەڵهوڕی) - عەرەبی، له بەغدا بڵاوكردەوه. ئەو فەرهەنگه سەرجەم ٧٣٠ لاپەڕەیه و نزیكەی ١٣هەزار وشەی گرتۆته خۆ. بەرگی یەكەم٢٨٠ لاپەڕەیه و بریتییه له (ا – خ)، بەرگی دوویەم ٢٢٠ لاپەڕەیه و بریتییه له(د – ق)، بەرگی سێیەم ٢٣٠

لاپەڕەیە و بریتییە لە (ك – ی). نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا (ل ٦-١٢) ئاماژەی بە گرینگی کۆکردنەوەی وشەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی کردووە، بۆ دانانی بناغەی زمانی یەکگرتوو.[٩٧]

٩٦- نووسینی فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە لەلایەن مامۆستا هەژار و چاپ و بڵاو کردنەوەی، کارێکی گرینگ بوو لە مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا. بەرگی یەکەمی ئەو فەرهەنگە (ء – س) ساڵی ١٩٨٩ چاپ کرا. ساڵێك پاشان، بەرگی دوویەم (ش – ی)بڵاوکرایەوە هەر لە هەمان ساڵدا سەرجەمی فەرهەنگەکە لە یەك بەرگدا بە قەوارەی گەورەتر چاپ و بڵاو کرایەوە.[٩٨] هەنبانەبۆرینە فەرهەنگێکی کوردی – کوردی – فارسییە و پتر لە ٦٥هەزار وشەی کوردی لە ١٠٣٥ لاپەڕەدا گرتووەتە خۆ. نووسەر بە شارەزایی لە دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی، بەتایبەت دیالێکتی کرمانجیی ژووروو، فەرهەنگەکەی گەلێك دەوڵەمەند کردووە و لە لێکدانەوەی وشەکاندا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە. لەم فەرهەنگەشدا چونکە وەکی باقی فەرهەنگەکانی زمانی کوردی، بەرهەمی هەوڵی تاکەکەسە، ژمارەیەکی زۆر وشەی ڕەسەن و پێویست لە قەڵەم کەوتوون، یا هەندێك لە وشەکان مانای تەواو بە دەستەوە نادەن.[٩٩] بەڵام سەرەڕای ئەمانە، بەکردەوە زۆر کارساز و گرێکەرەوەیە. سی وپێنج لاپەڕەی هەوڵی فەرهەنگەکە تەرخان کراوە بۆهەندێ باسی ڕێنووسیی و ئەلفوبێی کوردی و فەرهەنگنووسی. هەوڵی بێوچانی کاك ماجد مەردووخ ڕووحانی لەو کارەدا زۆر گرینگ و بەرچاوە. چاپی دوویەمی ئەو فەرهەنگە لە ساڵی ١٩٩٨ بەبێ هیچ دەستکاری و زیاد کردنێك بڵاو کرایەوە. شیاوی باسە کە لەگۆڤارە کوردییەکاندا, بەتایبەت سروە، دەیان لیست وشە بڵاو کرایەوە کە هەنبانە بۆرینە نەیگرتبوون. ژمارەی ئەو وشانە پترلە دووهەزار دەبوون، بەڵام لە چاپی دوویەمدا ئاوڕیان وەلا نەدرایەوە.[١٠٠]

٩٧- پرۆژەی Lexin لە سوئێد، تا ئێستا گەلێك فەرهەنگی سوئێدی – بیانی ئامادە کردووە. ئەو پرۆژەیە کاری فەرهەنگەکانی خۆی لە سێ چەشنی گەورە، ناونجی و بچووکدا بە ئەنجام دەگەیەنێ. ساڵی ١٩٨٩ فەرهەنگی سوئێدی – کوردی (کرمانجی) لە چەشنی سێیەم mini lexikon و لە ٦٠٠٠ وشەدا, بە وەرگێڕانی ڕەشۆ زیلان، لە چاپخانەی نۆشتێتی ستۆکهۆڵم، چاپ و بڵاو کردەوە.[١٠١]

٩٨- شەوکەت ئیسماعیل حەسەن، ساڵی ١٩٨٩ بەرگی یەکەمی فەرهەنگی کوردی – ئینگلیزی لە ٣٧٤ لاپەڕە و نزیکەی سێهەزار وشەدا بڵاو کردەوە.[١٠٢] ئەوفەرهەنگە لە ڕاستیدا کوردی – کوردی – ئینگلیسییە ولە هەمبەر سێهەزار وشەی سەرەکیدا، نزیکەی سێزدەهەزار وشەی کوردی و کەمتر لەم ڕادەیەش وشەی ئینگلیسی داناوە. بەرگی یەکەم تەنیا ئەو وشانە دەگرێتەوە کە بەپیتی (ء)ەوە دەست پێدەکەن. ١٨ لاپەڕەی سەرەتای فەرهەنگەکە تەرخان کراوە بۆ پێشەکی ئینگلیسی و پێشەکی کوردی و کورتەوشە و نیشانەکانی ناو فەرهەنگەکە و سەرچاوەکان و هەندێ وردەباسی تر. شێوازی ڕێکخستن و نووسینی ئەم فەرهەنگە، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ فەرهەنگەکانی پێشوو، گەلێك پێشکەوتووترە و دانەر هەوڵی داوە کە بە یارمەتی ٥٤ کورتە وشەوە پتر بە دەوری وشەدا بێ و تێگەیاندنی بۆ خوێنەر هاسانتر بکا. ئەم فەرهەنگە وەك لەسەر بەرگەکەی ئاماژەی پێکراوە، وشە و زاراوەی هاوواتایە.

٩٩- خوناو خورشید و سیروان خورشید و شێل لێسکەر، فەرهەنگێکی سوئێدی – کوردییان نووسیوە و ساڵی ١٩٨٩ لەشاری ئۆپلاندس بروو ی سوئێد بڵاویان کردۆتەوە.[١٠٣]نووسەران لەپێشەکی فەرهەنگەکەیاندا دەڵێن: «ئەم فەرهەنگۆکە وەکوو پرۆژەیەك، لە قوتابخانەی Bro، لە شارەوانی ئۆپلاندس بروو، لە لایەن چەند قوتابییەکی کورد بە هاوکاری مامۆستاکەیان هاتۆتە کایەوە. لە ساڵی ١٩٨٦ەوە دەست پێکراوە. لە بەر ئەوەی کە فەرهەنگەکەمان بە پیتی لا تینیش نووسراوە ، بۆیە ڕەنگە ئەمە ببێتە سەرچاوەیەکی سوودبەخش چ بۆ کوردی ئاوارە و چ بۆ ئەو

سوئێدییانەی کە دەیانەوێ هەندێ لە زمانی کوردی بگەن. لەم فەرهەنگۆکەدا لەوشەی کرمانجیش کەڵك وەرگێراوە و نزیکەی ٢٠٠٠ وشەیە.»

١٠٠- حەمید ئەبووبەکر ئەحمەد، فەرهەنگێکی چوار زمانەی ئینگلیسی- عەرەبی- کوردی- فارسی بەناوی **فەرهەنگی وێنەدار بۆ منداڵان** نووسیوە کە لە ساڵی ١٩٩١ لە هەولێر چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

١٠١- د. ئیزۆلی فەرهەنگی کوردی- تورکی/ تورکی- کوردی نووسیوە کە لە ساڵی ١٩٩٢ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.[١٠٤]

١٠٢- باران ڕزگار، فەرهەنگێکی کوردی –ئینگلیزی/ ئینگلیزی-کوردی نووسیوە وساڵی ١٩٩٣ لەلەندەن چاپ وبڵاوی کردۆتەوە.[١٠٥] ئەم فەرهەنگە ٤٠٠ لاپەڕەیە و٢٥ هەزار وشە و ڕستەی کوردی و ٢٠ هەزار وشە و ڕستەی ئینگلیسی تێدایە. وشە کوردییەکان بە پیتی کریلی وعەرەبی ولاتین نووسراون.

١٠٣-د. محەممەد تەقی ئیبراهیمپوور، دوویەم ئەزموونی فەرهەنگنووسیی خۆی لە ساڵی ١٩٩٤ لە تاران چاپ و بڵاو کردەوە. بەرهەمی ئەم ئەزموونە دوو فەرهەنگی سەربەخۆیە بە ناوی واژە نامەی کوردی-فارسی [١٠٦] وواژەنامەی فارسی - کوردی.[١٠٧] هەر دوو فەرهەنگ وێنەدارن. یەکەمیان ٧٩٥ لاپەڕەیە کە ٣٧ لاپەڕەی هەوەڵی تەرخان کراوە بۆ پێشەکی و ڕێزمانی کوردی ونزیکەی ٢٨ هەزار وشەی کوردی گرتۆتە خۆی. دوویەمیان ٤٢٩ لاپەڕەیە و ١٩ لاپەڕەی هەوەڵی تەرخان کراوە بۆ پێشەکی ونزیکەی ٩ هەزار وشەی فارسی تێدایە.

١٠٤- ئەمیر ئەمینی، **فرهنگ گیاهان دارویی** بەکوردی-ئینگلیسی- فارسی - عەرەبی نووسی وساڵی ١٩٩٥ لە کرماشان چاپ و بڵاوی کردەوە. ئەم فەرهەنگە ٢٨٤ لاپەڕەیە و لە ٥٣٣ چەشن ڕوەك دەدوێ. بۆ نزیکەی سەرجەمی وشەکان لە وێنە کەڵك وەرگیراوە. وشە سەرەکییەکان بە پێی ناوی فارسی ڕیزکراون. لە بەرامبەر هەر وشەیەکی سەرەکیدا ناوی زانستی و تیرەی ڕوەکەکە نووسراوە، ئەمجار ناوی هەمان ڕوەك بە چوار زمانی کوردی، فارسی، ئینگلیسی و عەرەبی هاتووە. لە دواییدا بیچم و دروشمی گیایەکە ڕاڤە کراوە و دەکار کردنی بە شێوەی دەرمانی شی کراوەتەوە. دەقی کتێبەکە فارسییە و ٨ لاپەڕەی بۆ پێشەکی تەرخان کراوە و لە دوایی کتێبەکەدا چوار پێرست بۆ هەر چوار زمان ڕێکخراوە کە کەڵك وەرگرتن بۆ خاوەنی هەرکام لە زمانەکان هاسان دەکاتەوە. چاپی دوویەمی ئەم فەرهەنگە ساڵی ١٩٩٧ بڵاوکرایەوە.[١٠٨]

١٠٥- چیرۆکنووسی کورد، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، فەرهەنگی کوردی کرماشانی- فارسی لە ٤٣٣ لاپەڕە و نیزیکەی ١٠ هەزار وشەدا نووسی و ساڵی ١٩٩٦ چاپ وبڵاوی کردەوە.[١٠٩] ئەم فەرهەنگە تایبەتە بە وشە و زاراوەی سەر بە لەهجەی کرماشانی. نووسەر هەوڵی داوە وشە و زاراوەی خەڵکی ڕەمەکی کووچە و کۆڵان دەستەچن بکا و بە وەبەرچاو گرتنی کورتەوشە، شێوەزارەکانی کرماشانیشی دەستنیشان کردووە.هەروەها شێوە ئاخاوتنی وشەکانیشی بە پتی لاتینی تۆمار کردووە. ٣٦ لاپەڕەی سەرەتای فەرهەنگەکە تەرخان کراوە بۆ چەند باسێکی وەك: جوغرافیای کرماشان، مێژووی کرماشان، زمانی کوردی و ڕێزمانی کوردی (لە هجەی کرماشانی).

١٠٦- حامید دروودی و حاتەم مەنبەری، **فەرهەنگی بێستوون**یان بە سۆرانی – هەوارمی نووسی و ساڵی ١٩٩٨ لە ستۆکهۆڵم چاپ و بڵاویان کردەوە.[١١٠]

١٠٧- **کوردستان** ناوی دوایین فەرهەنگی چاپکراوی مامۆستاگیو موکریانی یە. ئەم فەرهەنگە نزیکەی نیوسەدە هەروا بە دەستنووسی مایەوە و ئەگەر لە کاتی خۆیدا چاپ کرابا، یەکەم فەرهەنگی کوردی – کوردی بوو. ساڵی ١٩٩٩ بە کۆششی د.کوردستان موکریانی و لە سەر ئەرکی نێچیرەڤان بارزانی، لە هەولێر چاپ و بڵاو کرایەوە.[١١١] هەشت لاپەڕەی سەرەتای فەرهەنگەکە تەرخان کراوە بۆ هەندێ باسی هەوڵەکانی مامۆستا گیو، لە بواری

فەرهەنگنووسیدا و زمانی کوردی و پێرستی کورتەوشە و نیشانەکانی نێو فەرهەنگەکە. دەقی ئـەم فەرهەنگـە ٩٤٠ لاپەڕەی گەورەیە و دەوری ٥٠ هەزار وشەی گرتۆتە خۆ. هەنگاوێکی بە سوود کە لەم فەرهەنگەدا بەرچاو دەکـەوێ، ئەوەیە کە شوێنی جوغرافیایی و دیالێکت و لەهجە و بنلەهجە و شێوەزاری وشەکان بە وردی دەستنیشان کراون و بە ١٨٠ کورتەوشە لێك جیا کراونەوە و سنووریان لە زمانی کوریدا دیاری کراوە، کە ئەم کارە بەم وردییـە تـا ئێستا لە فەرهەنگە کوردییەکاندا ئاوڕی وەلانەدراوەتەوە. سەرەڕای ئەوە، کەم و زۆر لە وێنەش کەڵك وەرگیراوە.

١٠٨- **بەرەو فێر بوونی دیالێکتی کرمانـجی ژووروو** ناوی فەرهەنگۆکێکی کوردی (کرمانـجیی نێوەڕاسـت) — کـوردی (کرمانـجیی ژووروو) یە کە بە هەوڵی ئیسماعیل مستەفازادە هاتۆتە بەرهەم و ساڵی ٢٠٠٠ لـە مـەهاباد چاپ و بـڵاو کراوتەوە.[١١٢] ئەم فەرهەنگۆکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم — وشـە، بەشـی دوویـەم — ڕسـتە. هەردووبـەش بەپێی بابەت ڕێکخراون و وشە و ڕستەکان بە سەر ٢٠ بابەتی جۆراوجۆر دابەش کراون.

١٠٩- **حەوتەوانـە** بەرهـەمی هـەوڵ و کوششـی مامۆسـتا فـەتاح کاویانـە کـە سـاڵی ٢٠٠٠ لـە سـلێمانی چـاپ و بـڵاو کرایەوە.[١١٣] حەوتەوانە، فەرهەنگی ئیدیۆمی ئینگلیزی — کوردی - فارسی یە و مامۆستا کاویان، ئەم فەرهەنگـەی لـە بـەرگی یەکـەمی فەرهـەنگی ئیـدیۆمی کـارای زمـانی ئینگلیسـی، ئاکسـفۆرد[١١٤] وەرگێـڕاوە و بـە شـێوەیەکی تایبـەت دایڕشـتووە و شـێوازێکی بـۆ دانـاوە، کـە بـە حـەوت چەشـنی: کـوردی — کـوردی ، فارسـی — فارسـی، ئینگلیسـی — ئینگلیسی، کوردی — فارسی، کـوردی — ئینگلیسی، فارسی — کـوردی و فارسـی — ئینگلیسـی کـەڵکی لـێ وەردەگیرێ. سەرجەم فەرهەنگەکە پتر لە ١١٠٠ لاپەڕەیە.

١١٠- مامۆستا شەفیق قەزاز، **فەرهەنگی شارەزوور** ی بە کوردی - ئینگلیزی نووسیوە، کە ساڵی ٢٠٠٠ لە هەولێر، چاپ و بڵاوکراوەتەوە.[١١٥] ئەو فەرهەنگە ٦٠١ لاپەڕەی گەورەیە و نزیکەی ٩ هەزار وشەی گرتووە، کە بریتین لە وشـەگەلی گشتی، زانستی، زاراوە، پەند، ڕامیاری و ... شێوازی ڕێکخستی فەرهەنگەکە بە بەراورد کـردن لەگـەڵ فەرهەنگـەکانی پێشوو، کارێکی تازە و پێشکەوتووە و هـەنگاوی نـوێی پێوە دیارە.شێوەی ئاخـاوتن و بـە زاردا هێنـانی وشـەکان بـە پیتی لاتین دیاری کراوە. پاشان باری ڕێزمانی وشەکە دەستنیشان کراوە، ئەمـجار هەمبـەر یـا مانـا ئینگلیسییەکەی نووسـراوە و لـە دواییـدا ڕاڤـەی وشـەکە هـاتووە. ٢٠ لاپـەڕەی سـەرەتای فەرهەنگەکـە هەنـدێ باسـی سـوودمەندە بـۆ ڕوونکردنەوەی ئەرکی فەرهەنگەکە. لاپەڕەی٢١- ٦٠١ دەقی کتێبەکەیە.

١١١- **هەرمان** فەرهەنگی کوردی- کوردییە، کە عەلی نانەوازادە نووسیویە و ساڵی ٢٠٠١ لـە تـاران، بـەرگی یەکـەمی کـە بریتییە لە (ئا- ب) چاپ و بڵاوکراوەتەوە.[١١٦] دانەر لە ٣٠ لاپـەڕەی سـەرەتادا، باسـی فەرهەنگـەکەی کـردووە و دەقـی کتێبەکە (ل ٣١- ٤٩٥)نزیکەی چوار هەزار وشەی گرتووە. هەرمان دەکەوێتە خانەی ئەو فەرهەنگە کوردییانە کە لە قامووسی زمـانی کـوردی بـەم لاوە، شـێوازێکی زانسـتییانەتریان گرتـە بـەر و پتـر بـەدەوری وشـەدا هـاتن. سـەرەڕای ئەوە، دانەر بە دەستێوەردانی ڕیزی ئەلفوبێ باوی کوردی، هەنگاوێکی تـازەی هاویشتووە و دەرکـی باسـێکی نـوێی لەم بوارەدا کردۆتەوە. وشە لە فەرهەنگی هەرماندا باری ڕێزمانییەکەی دیاریکراوە، ڕەگ و ڕەچەڵەکی بـاسکـراوە، چەند مانا ببەخشێ، بـە جیـا ڕاڤـە کـراوە، هـەروەها ئامـاژەی ئـەو ئیـدیۆم و پەنـد و قسـە نەسـتەقانەش کـراوە کـە وشەکە لەواندا دەوری سەرەکی گێڕاوە. بەشی تێبینی لە دوایی هەندێ وشەدا، گەلێك زانیـاری بـە کـەڵك و پێویسـت دەداتە دەستی خوێنەر.

١١٢- مستەفا سلێمان، فەرهەنگی زاراوەی زانستی لە دوو بەشدا نووسیوە. بەشی یەکەم: ئینگلیـزی- عـەڕەبی- کوردی (٢٢٠ ل) و بەشی دوویەم: کوردی- عـەڕەبی- ئینگلیسی (١٨٠ ل ). فەرهەنگەکـە سـەرجەم ٤٠٠ لاپەڕەیـە و نزیکـەی ٩

هەزار وشەی گرتووە. بەشی دوویەمی فەرهەنگەکە گەلێك وێنەی پێویستی لە گەڵدایە. ئەم فەرهەنگە لە ساڵی ٢٠٠١ بە چاپی ئۆفسێت ٥٠٠ دانەی لێ چاپکراوە.[117]

١١٣- **فەرهەنگی ئارام**، بەرهەمی دوویەمین ئەزموونی فەرهەنگنووسیی ئەمیر ئەمینی یە کە بە ئینگلیسی- کوردی- فارسی نووسیویە و ساڵی ٢٠٠١ چاپ و بڵاویکردۆتەوە.[118] هەر لاپەڕە لەم فەرهەنگەدا بە سێ ئەستوون دابەشکراوە و لە بەرامبەر ٦ هەزار وشەی ئینگلیسیدا، هەمبەری کوردی و فارسی ڕیزکراون. ٢٩ لاپەڕە تەرخان کراوە بۆ پێشەکی و پاشکۆی پێویست و ٣٥٢ لاپەڕە دەقی فەرهەنگەکە پێکدێنێ. هەر چەند لە پێشەکیدا، ئەم فەرهەنگە بە یەکەم فەرهەنگی ئینگلیسی- کوردی ناسێندراوە، بەڵام بێ شك بەر لە فەرهەنگی ئارام گەلێك فەرهەنگی لەم چەشنە نووسراوە و لە ڕاستیدا دەبێتە دوایین فەرهەنگی ئینگلیسی- کوردی. تایبەتمەندی ئەم فەرهەنگە لەوە دایە کە لە ڕیزی وشە کوردییەکاندا گرینگییەکی بەرچاو بە دیالێکتی هەورامی دراوە و بۆ سەرجەمی وشەکان، هەمبەری هەورامی وەبەرچاو گیراوە. فەرهەنگی ئارام، فەرهەنگی وشەی هاوواتایە. جگە لە سێ ئەستوونی باسکراو، ئەستوونێکیش تەرخان کراوە بۆ شێوە ئاخاوتن و بە زاردا هێنانی وشە ئینگلیسییەکان، کە بە پیتی عەرەبی نوسراوە. هەروەها باری ڕێزمانی وشە ئینگلیسییەکان بە کورتەوشە دیاری کراوە.[119]

١١٤- ئەحمەد بەحری، **فەرهەنگی باڵندەی** کوردی بە کوردی نووسیوە و ساڵی ٢٠٠١ لە هەولێر چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.[120] دەقی فەرهەنگەکە (ل ٨- ١٨٣) بریتییە لە ناوی کوردی هەزار باڵندە، کە هەمبەری فارسی، لاتینی، فەرانسەوی و ئینگلیسیش لە ژێر وشە کوردییەکەدا هاتووە و پاشان دیاردەکان و شوێنی ژیان و خۆراك و هەندێ زانیاری تر لە سەر هەمان باڵندە دراوە. دانەر لە پێشەکییەکی کورتدا (ل ٥- ٦ ) ئاماژەی کردووەکە هەندێ لە ناوە کوردییەکان پێشنیاری خۆیەتی. پاشکۆی فەرهەنگەکە (ل ١٨٤- ٣٤٤ ) لە دوو بەشی گرینگ پێك هاتووە: یەکەم، پێڕستەکان (ل ١٨٤- ٢٤٨)، دوویەم، وێنەی باڵندەکان (ل ٢٤٩- ٣٤٤). پێڕستەکان بە سەر ٦ بابەتی تۆرەمەکان، کوردی، فارسی، لاتینی، فەرانسەوی و ئینگلیزی دابەش کراون. فەرهەنگی باڵندە بە مەودای ٥٤ ساڵ پاش فەرهەنگە بەنرخەکەی د. محەممەد موکری، دوویەم فەرهەنگی کوردییە لەم چەشنە. دانەر ساڵی ١٩٩٠، لە چوار ژمارە گۆڤاری سروە(٣٣- ٣٦ )دا،[121] فەرهەنگۆکێکی هەر بەم ناوە بڵاوکردەوە کە دەوری ١٠٠ باڵندەی تێدا باس کردبوو.

١١٥- حاجی حەبیبوڵڵا مەنسووریان، فەرهەنگێکی کوردی (ئیلامی) بە فارسی نووسیوە، کە ساڵی ١٩٩٠ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.[122] ئەم فەرهەنگە ١٦٨ لاپەڕەیە و دەوری ٢٥٠٠ وشەی گرتوەتە خۆ. دانەر، شێوەی بە زارداهاتنی وشەکانی بە سەر و ژێر و بۆری عەرەبی دیاری کردووە. **فەرهەنگی مەنسووریان** و باقی ئەو فەرهەنگانەی کە بۆ دیالێکتەکان ڕێکخراون، لە ڕوانگەی دەوڵەمەند کردنی زمانی کوردی، نرخێکی تایبەتییان هەیە.

١١٦- **گوڵچنینەوە لە خەرمانی هەنبانە بۆرینەی هەژار**، ناوی فەرهەنگۆکێکی کوردی – کوردی، عەبدوڵڵا حەسەنزادەیە کە ساڵی ١٩٩٥ لە ستۆکهۆڵم چاپی یەکەمی بڵاوکراوەتەوە. گوڵچنینەوە ١٥٠ لاپەڕەیە و دەوری ٢٠٠٠ وشەی تێدایە. ئەم فەرهەنگۆکە لە ڕاستیدا پێداهاتنەوەیەکی هەنبانە بۆرینەیە. نووسەر لە پێشەکیدا ئاماژەی چەند خاڵی گرینگ دەکا و وشەکانی فەرهەنگۆکەکە دەکاتە سێ بەش؛ بەشی یەکەم ئەو وشانەیە کە لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەدا نەهاتوون. بەشی دوویەم ئەو وشانەن کە ماناکەیان لە هەنبانەبۆرینەدا تەواو نیە، واتە جگە لەو مانایەی مامۆستا هەژار تۆماری کردووە، وشەکە مانای تریش دەبەخشێ. بەشی دوایی ئەو وشانەن کە بە بڕوای نووسەر، ماناکانیان لە هەنبانەبۆرینەدا بە دروستی لێك نەدراوەتەوە. گرینگایەتی گوڵچنینەوە لەوەدایە کە

چەپکێکە لە ڕەسەنترین وشەکانی زمانی کوردی کە لە لایەن نووسەر و وەرگێڕ و کوردیزانێکی بە تواناوە ڕاڤە کراوە و دەتوانێ هەندی فەرهەنگێکی گەورە سوودبەخش بێ.

١١٧- فەرهەنگی پەهلەوی، دوویەم ئەزموونی فەرهەنگنووسیی کاك عەلی نانەوازادەیە. ئەم فەرهەنگە، پەهلەوی بە کوردییە و بریتییە لە دەوری ٣٥٠٠ وشەی پەهلەوی.[١٢٣] دانەر زۆرتر ئاوڕی وە لای ئەو وشە پەهلەوییانەدا داوەتەوە کە لە کوردی نزیکن.لە هەمبەرە کوردییەکاندا، دیالێکتی وشەکان بە کورتە نیشانە دیاری کراوە و شێوەی بە زارداهاتنی وشەکان بە پیتی لاتینی نووسراوە. سەرجەم ٣٣٦ لاپەڕەیە و ساڵی ٢٠٠٢ لە تاران چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

***

**لە دوایی ئەم بەشەدا پێویستە ئاماژە بەو فەرهەنگانە بکەم کە لە سەرچاوە جۆر بە جۆرەکاندا تووشی ناویان هاتم و بە داخەوە نەمتوانی زانیاری پتریان لێ دەست بێنم.**

١١٨- مامۆستا هەژار لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری ئاوێنە، ئاماژە بۆ فەرهەنگێك دەکا و دەڵێ: « لە ئۆردۆنەوە بۆ کاك مەسعوود بارزانی هاتبوو، ناوی نووسەرەکەیم لە بیر نیە، ناوی کتێبەکە- فەرهەنگی بنەڕەتی گەورە- بوو. بە کوردی لاتینی نووسرابوو و لە بەریەوە واتای عەرەبییەکەی هاتبوو.»[١٢٤]

١١٩- سەدیق بۆرەکەیی لە پێشەکی فەرهەنگی ماددا، باسی دوو فەرهەنگی کوردی - ئەڵمانی و ئەڵمانی- کوردیی د.کامران بەدرخان دەکا.[١٢٥]

١٢٠- مامۆستا بابامەردووخ ڕووحانی، لە بیۆگرافی شێخ محەممەد ئەمین کاردۆخی نەقشبەندی، لەتاریخ مشاهیرکُرددا، لە باسی شوێنەوارەکانی کاردۆخی، ئاماژە بە فەرهەنگێکی هەورامی- سۆرانی دەکا.[١٢٦]

١٢١- فەرهەنگی زێوار، ئینگلیزی- عەرەبی- کوردی، جەماڵ عەبدول، هەولێر،١٩٩٥ .[١٢٧]

١٢٢- زاراوەی کوردی زانستەکان، لێژنەی زاراوە زانستییەکان، کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا،[١٢٨] نامیلکەی یەکەم (فیزیا و کیمیا- ١٩٨٩ )، نامیلکەی دووەم (فیزیا- ١٩٩٢ ).

١٢٣- فەرهەنگا بریفکانی، شێخ مەمدووحێ بریفکانی، کوردی- عەرەبی.[١٢٩]

١٢٤- ڤوکال بۆلایری، فەرهەنگی فەرەنسی- کوردی.

١٢٥- ڕێبوار، فەرهەنگی سوئێدی- کوردی.

١٢٦- فەرهەنگۆکا خوێندکاری، نزار ئەحمەد بامەڕنی، فەرهەنگۆکی کوردی- عەرەبی.[١٣٠]

١٢٧- فەرهەنگی تورکی- کوردی، ئەنستیتۆی کورد لە ئەستەمبووڵ، ٢٠٠١ ، ئەم فەرهەنگە بریتییە لە چلهەزار پەیف.[١٣١]

١٢٨- عەبدوڵڵا عەبدوڕڕەحمان، تەندروستی گشتی، کوردی – عەرەبی – ئینگلیسی، بەغدا، ١٩٧٢.

١٢٩- عەزیز ئەمیندارۆڤ، فەرهەنگی کوردی – ئینگلیسی / ئینگلیسی – کوردی، نیۆیۆرك، ١٩٩٤، ٣١٣ ل.

١٣٠- جۆیس بلو، فەرهەنگی کوردی – ترکی، Anvers، ١٩٧٥.

١٣١- جۆیس بلو، فەرهەنگی کوردی – ترکی / ترکی – ئینگلیسی، ئەستەمبووڵ، ١٩٩١.

١٣٢- جۆیس بلو، فەرهەنگی کوردی – ترکی – فەرەنسی – ئینگلیسی، ئەستەمبووڵ،١٩٩١، ٣٤١ ل.

١٣٣- حەسەن قازی و Hawa cardoi، فەرهەنگی سوئێدی – کوردی، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢.

١٣٤- حەکیم، هەڵکەوت وCautler Gerar، فەرهەنگی فەرەنسی – کوردی (سۆرانی)، پاریس، ١٩٩٣.

١٣٥- حەكیم، هەڵكەوت  فەرهەنگی كوردی (سۆرانی) – فەرەنسی، پاریس ١٩٩٦.
١٣٦- ئیزۆلی، فەرهەنگی كوردی – تركی، La Haye، ١٩٨٧.
١٣٧- كوردییێڤ و Jusopovaz، فەرهەنگا كوردی – ڕووسی، مۆسكۆ، ١٩٧١.
١٣٨- جەمال عەبدول، فەرهەنگی فوتابی، ئینگلیزی – كوردی، بەغدا، ١٩٨٥، ٢٧٢ ل.
١٣٩- .Abdula , KaiesF، فەرهەنگی كوردی – دانیماركی، دانیمارك، ١٩٩٣، ٢٥٠ ل.
١٤٠- محەممەدئەمین بۆزئەرسەلان، فەرهەنگی كوردی – تركی، ١٩٧٨.
١٤١- Chyet , Michael، فەرهەنگی كوردی – ئینگلیسی، ١٩٩٧، ٥٥٠ ل.
١٤٢- ڕەشۆ زیلان، فەرهەنگی سوئێدی – كوردی، ١٩٨١، ٧٤ ل.
١٤٣- .Khamoian , M.U، فەرهەنگی كوردی – ڕووسی، یەریڤان، ١٩٧٩.
١٤٤- فەریاد فازل عومەر، فەرهەنگی كوردی – ئەڵمانی، Bildung، ١٩٩٢، ٧٢١ ل.
١٤٥-  موژدە ڕەشید، فەرهەنگی كوردی (سۆرانی) – سوئێدی، سوئێد، ١٩٩٤، ٣٥٨ ل.
١٤٦- موژدە ڕەشید، فەرهەنگی كوردی (سۆرانی) – ئینگلیسی، سوئێد، ١٩٩٥، ١٣٨ ل.
١٤٧- موژدە ڕەشید، فەرهەنگی پزیشكی كوردی (سۆرانی) – سوئێدی، سوئێد، ١٩٩٧، ٢٥٦ ل.
١٤٨- Sagnic , Feqi Huseyn، فەرهەنگی كوردی – تركی، ئەستەمبووڵ، ١٩٩١، ١٣٣ ل.
١٤٩- عەبدوڵڵا شاڵی و محەممەدئەمین هەورامانی، فەرهەنگی فوتابی، ئینگلیزی – كوردی، بەغدا، ١٩٨٥.
١٥٠- Sirin، فەرهەنگی ئینگلیزی – كرمانجی / كرمانجی – ئینگلیزی، (دیالێكتی بادینی).
١٥١- مونزوور چەم، فەرهەنگی كوردی (زازاكی) – تركی، ستۆكهۆڵم.
١٥٢- كەمال جەلال غەریب، ڕووەك و پزیشكێتی میللی- فەرهەنگی گیاناسی كوردی.

## پەراوێزەكانی بەشی یەكەم:

١- وشەی زمانی كوردی، بەغدا، ١٩٧٥ .

٢- گۆڤاری سروە، ژ٤١، سەرماوەزی ١٣٦٨، ل ٣١- ٣٤.سروە، ژ ٤٢، بەفرانباری ١٣٦٨، ل ١٤-١٨.

٣- علی‌اكبر وقایع‌نگار كردستانی، بدایع اللغه، به كوشش محمد رئوف توكلی،( تهران، ارژنگ، ١٣٦٩ ).

**4- A.Jaba, Dictionnaire Kurde – francais. (St. Petersbourg:? , 1879)**

**5- E.Prym , and A.Socin , Kurdische Samm Lungen. (S.Pbg: ? , 1887 – 1890)**

٦- یوسف ضیاءالدین پاشا الخالدي المقدسي، الهدیه الحمیدیه في اللغه الكردیه ، (استانبول:؟، ١٨٩٣).

**7- H.Adjarian , Recueil de most kurdes en dialecte de novo  bayazet , Memoires de la societe de linguistique de paris. (? : ? , 1911)**

٨- كورتە تەرجومانێك بۆ ئازەربایجان، تفلیس، ١٩١٣.

٩- ب.نیكیتین، فەرهەنگی جەنگی ڕووسی – كوردی، ورمێ، ١٩١٦.

١٠- پێنج ژمارەی گۆڤاری كوردستان ١٩١٩-١٩٢٠، فەرهاد پیربال، گۆڤاری هیوا، ژ٧، پاریس، ١٩٩٠.

١١- فەرهەنگی کوردی – ڕووسی ئەکادێمی ئی.ئا.ئۆربیلی, کورتەی وتارەکانی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی لێنینگراد، مارت ١٩٦٦، ل ٦٩-٧٠.
١٢- ڤ. پێتۆیان، ئە.ئەڤدال، گ.جندی، ج.گێنجۆ، فەرهەنگی ئەرمەنی – کوردی، یــــەریڤان، ١٩٣٣.
خاچاتۆریان و کاپانسیان بەم فەرهەنگەدا چوونەتەوە.
١٣- شاکیر فەتتاح، فەرهەنگۆك (قاموسچەیەکی ئینگلیزی – کوردی و کوردی – ئینگلیزییە)، ڕەواندز، ١٩٣٤.
١٤- خەبەرناماتێرمینۆلۆجیین، فەلەیی – کورمانجی، ڕەوان، ١٩٣٥.
**١٥- د. محمد مکری فرهنگ نامهای پرندگان در لهجه‌های غرب ایران (لهجه‌های کُردی) و تطبیق آنها با نامهای فارسی و لهجه‌های دیگرمحلی ایران، (تهران: انتشارات امیرکبیر، ١٣٦١).**
١٦- د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ساڵی لە چاپدانی فەرهەنگیمەردووخی بە ١٩٥٦ نووسیوە، کەچی فەرهەنگەکە ساڵی چاپی لەسەر نیە. بە پێی نامەی جەنابی عەبدولمۆمن مەردووخ، کوڕی ئایەتوڵڵا، کە لە وڵامی پرسیاری نووسەری ئەم وتارەدا نووسیویەتی، فەرهەنگەکە لە ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی [= ١٩٤٨] ئامادەی چاپ بوو و ڕەوانەی چاپخانەکرا، بەڵام بە هۆی دەستکاری وێنەکانی نێو فەرهەنگەکە, کاری چاپ یەك ساڵ وە دوا کەوت و لە ساڵی ١٣٢٨ [= ١٩٤٩] چاپ و بڵاوکرایەوە.
١٧- آیتالة شیخ محمد مردوخ کردستاني، کتاب فرهنگ مردوخ، جلد اول، چاپخانەارتش،؟؛ جلد دوم، چاپخانه ارتش،؟.
وەك چۆن د. موعین بە فەرهەنگی (برهان قاطع)دا هاتەوە و سەر لە نوێ بە شێوازی ڕۆژ دایڕشتەوە، پێویستە کارێکی وەها لە لایان پسپۆڕانی کوردەوە لە سەر فەرهەنگی مەردووخ بکرێ، ئەوسا کەڵك و نرخی ڕاستەقینەی ئەو فەرهەنگە دەردەکەوێ.
١٨- گیو موکریانی، ڕابەر، فەرهەنگێکی قوتابخانەیی عارەبی و کوردییە، هەولێر، ١٩٥٠.
١٩- گیو موکریانی، کۆلکەزێڕینە، کوردی- فارسی- عەڕبی- فەرەنسی- ئینگلیزی، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٥٥؛ چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٦٦.
٢٠- عێزەددین مستەفا ڕەسووڵ، فەرهەنگۆك بۆ قوتابیانی کورد، بەغدا، ١٩٥٥.
٢١- سەمەندێ سیابەند، ئارامێ چاچان، خەبەرناما ئەرمەنی- کوردی، یەریڤان، ١٩٥٧.
٢٢- ئی.ئۆ. فاریزۆڤ ، فەرهەنگی ڕووسی- کوردی، مۆسکۆ، ١٩٥٧.
٢٣- چەرکەزی بەکۆ (چ.خ.باکایێف)، فەرهەنگی کوردی- ڕووسی- مۆسکۆ، ١٩٥٧.
٢٤- قەناتی کوردۆ ( ك.ك.کوردیێف )، فەرهەنگی کوردی – ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٠.
٢٥- شێخ محەممەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەکەم، سلێمانی، ١٩٦٠؛ جزمی دووەم، سلێمانی، ١٩٦٤؛ جزمی سێیەم، سلێمانی، ١٩٧٦.
٢٦- جەمال نەبەز، هەندێك زاراوەی زانستی، سلێمانی، ١٩٦٠.
٢٧- نەقابەی مامۆستایان لە سلێمانی، زاراوەی زانستی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠.
٢٨- جەمال نەبەز، فەرهەنگۆکی زانستی، هەولێر، ١٩٦٠- ١٩٦١.
٢٩- گیو موکریانی، مەهاباد، فەرهەنگێکی قوتابخانەیی کوردی- عەڕەبییە، هەولێر،١٩٦١.
٣٠- عەلائەددین سەجادی، دەستوور و فەرهەنگی زمانی کوردی- عەرەبی- فارسی، بەغدا،١٩٦٢.

٣١- جگەرخوێن، فەرهەنگا کوردی، بەرگی ١ و ٢، بەغدا، ١٩٦٢.

٣٢- حـميدايزدپناه، فرهنگ لك و لر، رساله پايان تـحصيلى، تهران،١٣٤٢-١٣٤٣.

٣٣- حەمید ئیزەد پەنا، (لێدوان و بەراوردکردنی: مەحـموود زامدار)، بەغدا، ١٩٧٨.

٣٤- على حصورى، گزارش گويشهاى لُرى، تهران، طهوري ،١٣٤٢.

٣٥- حـميد ايزدپناه، فرهنـگ لُرى، چاپ اول، تهران، فاروس ايران، ١٣٤٣؛ چاپ دوم: تهران، آ گـا ه ، ١٣٦٣.

**36- The world publishing company, Kurdish. (New york: publishing company, 1965).**

**37- Dictionnaire kurde – Francais – Anglais, paris, 1965.**

**38- Taufiq wahby and c.j. Edmonds. A Kurdish- English dictionary , London, 1966.**

٣٩- لـە ڕابـەری سەرچاوە لـە بـارەی زمـانی کوردییـەوەی د. ئەوڕحـمان حـاجی مارفـدا، ئـەم فەرهەنگـە بـە هەڵـە کەوتوەتە ڕیزی چاپکراوەکانی ساڵی ١٩٦٨.

**40- Ernest N. Mccarus. A Kurdish- English dictionary, dialect of sulaimania, Irap Ann Arbor.( Michigan:?, 1967).**

**41- ferhenga kurdi – tirki, Musa Anter,istanbul, 1967.**

٤٢- م. اورنـگ، فرهنـگ كُردى ( آ – ب )، بـا همكـارى صفىزاده (بۆرەكـەيى). تهـران، ١٣٤٧؛ جلـد دوم (پ-ت)، تهـران، ١٣٤٨.

٤٣- مصطفي خرمدل، صرف دستور زبان كُردي (سوراني)، (تبريز، آذربايجان، ١٣٤٧).

٤٤- مصطفي خرمدل، مكالمه روزمرەي زبان كُردي، (تبريز، آذربايجان، ١٣٤٧).

٤٥- محمدامين مصرى (سيديان)، خودآموز سه زبان »كُردى- فارسى- عربى«، مهاباد،؟.

٤٦- مەلا عەبدولکەریـمی مودەڕڕیس، دوورشتە؛ فەرهەنگێکی عەرەبی و کوردییە بە هەڵبەست، بەغدا، ١٩٧٠.

٤٧- لێژنەیەکی تایبەتی، زاراوەی پارێزگای سلێمانی، سلێمانی، ١٩٧١.

٤٨- صديق صفىزاده (بۆرەكەيى)، واژەهاى همانند در پهلوى و كُردى، (تهران: رشديه، ١٣٥٠ ).

٤٩- عەبدولقادر بەرزەنـجی، فەرهەنگی زانیاری، قاموس الاعلام، انسكلوپيدياى كورد، سلێمانی، ١٩٧١.

٥٠- گۆڤاری پەروەردە و زانست، ژمارە ٤، ١٩٧٢.

٥١- مەعرووف قەرەداغی مەردۆخی، فەرهەنگی کشتوکاڵ، بەرگی یەکەم، بەغدا, ١٩٧٢؛ بەرگی دوویەم، بەغدا، ١٩٧٣.

٥٢- سادق بەهائەددین ئامێدی، ئیدیەمێت کوردی، بەغدا، ١٩٧٣.

٥٣- کەمال جەلال غەریب، فەرهەنگی زانیـاری عـەرەبی – ئینگلیـزی – کـوردی، ب١، بەغـدا، ١٩٧٤؛ ب٢، بەغـدا، ١٩٧٩؛ ب٣، بەغدا، ١٩٨٣.

٥٤- هـەوڵی نووسـەری ئـەم وتـارە، بـۆ بیـنین یـا وە دەسـت خسـتنی زانیارییـەك لـە بابـەت بـەرگی چـوارەمی ئـەو فەرهەنگە، بێسوود مایەوە.

٥٥- گۆڤاری پەروەردە و زانست، ژمارە ٧و٨، ١٩٧٤.

٥٦- زاراوی کارگێڕی، دانان و لێدوانی ئەنـجومەنی کۆڕ، پێشەکی و ڕێکخستنی د.کـەمال مەزهـەر، چاپـخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٣-١٩٧٤.

٥٧- زاراوی هەمە چەشنە، دانان و لێدوانی ئەنجومەنی کۆڕ و لێژنەکانی، پێشەکی و ڕێکخستنی د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٤.
٥٨- لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ، دانان و لێدوانی ئەنجومەنی کۆڕ و لێژنەکانی، پێشەکی و ڕێکخستنی د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.
٥٩- کەمال جەلال غەریب، القاموس العلمی المصور / فەرهەنگی زانیاری وێنەدار/ Scientipic Dictionary Pictorial (بغداد:دارالتضامن للطباعه والنشر الکردیه، ١٩٧٥).
٦٠- گۆڤاری پەروەردە و زانست، ژمارە ٧و٨، ساڵی چوارەم، بەغدا، ١٩٧٥.
٦١- حەسەن سەلاح (سۆران)، فەرهەنگی کوردی – فارسی لەگەڵ کورتەیەك سەبارەت بە زمانی کوردی, لەندەن، ١٩٧٦.
٦٢- فازل نیزامەددین، ئەستێرەگەشە، بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیریی کوردی، بەغدا، ١٩٧٧.
٦٣- ێ.ئی.کێدایتینێ، کوردستان موکریانی، ڤ . ئی.میترۆخینە. فەرهەنگی ڕووسی – کوردی، مۆسکۆ، ١٩٧٧.
٦٤- عەبدوڕڕەحمان محەممەد ئەمین زەبیحی، قامووسی زمانی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا ١٩٧٧؛ بەرگی دووەم، بەغدا، ١٩٧٩.
٦٥- گۆڤاری پەروەردە و زانست، ژمارەی تایبەتی ١٤، بەغدا، هاوینی ١٩٧٨.
٦٦- سابیر گرد عازەبانی، چۆن فێری زمانی عەرەبی دەبیت، چاپی چوارەم، سلێمانی، ١٩٧٨.
٦٧- عەزیز ڕەشید عەقراوی، گیانێ مرۆڤی، بەغدا، ١٩٧٨.
٦٨- بە نەقڵ لە: شکور شاکری، سروەی ژمارە ٤٨، ساڵی شەشەم، پووشپەڕی ١٣٦٩، ل ٤٢. هەروها: حەوتەنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە (١٨٧) ٢٠٠٠/٧/٢٨، د.کامران عالی بەدرخان ... هەژار باکوزی. ل٣.
٦٩- گۆڤاری ئەستێرە، فەرهەنگۆك کوردی بە فارسی، وەرگێڕ عەبدوڵڵا حوسەینی، ڕێبەندانی ٢٥٩٠
٧٠- فەتاح عەزیزی ئەقدەم، فرهنگ اصیل، کُردی – فارسی، جلد اول، بە انضمام قواعد خواندن و نوشتن خط کُردی، (؟: تابش، ١٣٥٨).
٧١- د.مەکسیمی خەمۆ، فەرهەنگی ئیدیۆمی کوردی – ڕووسی، یەریڤان، ١٩٧٩.
٧٢- د.محەممەد تەقی ئیبڕاهیمپوور، واژەنامە فارسی – کُردی (سنندج، اورامی – کُردی شمال) ؟،؟،؟.
٧٣- سیامەند سەلیم، چۆن فێری ئەم سێ زمانە دەبیت: هیندی – کوردی – عەرەبی، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٨١؛ بەرگی دوویەم، بەغدا، ١٩٨٣.
٧٤- صدیق صفیزادە (بۆرەکەیی)، فرهنط ماد، جلد اول ئـ ، مؤسسۀ مطبوعاتی عطایی، تهران، تابستان ١٣٦١؛ جلد دوم ب، مؤسسۀ مطبوعاتی عطایی، تهران، بهار ١٣٦٩.
٧٥- شوکروڵڵا بابان, فەرهەنگی بابان فارسی – کوردی، ؟، ١٣٦١.
٧٦- قادر فتاحی قاضي، حاشیه بر فرهنگ مهاباد، (تبریز: شفق، ١٣٦١).
77- The Alphabets of Kurdish , Manchester , 1982.
٧٨- م-س: کارا، فەرهەنگی فارسی – کوردی وشەبژێر واژەگزار، چاپ تعاونی ٤٢ سنندج، شهریور ١٣٦١.
٧٩- محەممەد ئەمینێ ئۆسمان، کوردی – ئورووپی بەرهەڤکرن، بەغدا، ١٩٨٢.
٨٠- ڤەناتی کوردۆ (ك.ك. کوردیێڤ) و زارێ یووسف، فەرهەنگی کوردی – ڕووسی،مۆسکۆ، ١٩٨٣.

٨١- صابر گرد عازەبانی، کیف تتعلم التدریب علي المحادثه باللغتین العربیه و الکردیة، ١٩٨٣.

٨٢- م-س: کارا، ژوورەزاری کار زارەکی زانەیی سەر هیمی زارین کوردی تەك لفی فارسی و ئسپرانتۆ، چاپ تعاونی ٤٢ سنندج، پاییز ١٣٦٣.

٨٣- پاشی بڵاوبوونەوەی وشەبژێر و ژوورەزاری کار، کارا نامیلکەیەکی بڵاوکردەوە بە ناوی دەلاقەی ناسە بەرەو ژووره زاری کار = دریچە شناخت بر فراگویش کار، نووسەر لەو نامیلکەیەدا هەوڵی دا کە داهێنانەکەی پتر بناسێنێ و لە بیر و زەینی خوێنەردا جێگەی بۆ بکاتەوە. بەڵام ئەم هەوڵەش نەیتوانی سوودبەخش بێ و ژوورەزاری کار هەروا بە نامۆیی مایەوە.

**84- Ferhenge Dimilki–Tirki, Malmisanij , Jina nu Yayinlari , paris , 1984.**

٨٥- سابیر گرد عازەبانی, فەرهەنگی ئاری, کوردی – کوردی: عەرەبی, بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٥.

**86- Svensk – Kurdisk Ordlista , Mal I-II , av salam Abdullah.**

٨٧- تەها فەیزیزادە، نۆبەرە گەلاڵەیەك بۆ قامووسێکی زاراوەیی، (تهران: سروش, ١٣٦٤) نۆبەرە ساڵی ١٣٦٧ سەرلەنوێ دەگەڵ کتێبی فەرهەنگی وشە دوانەکانی زمانی کوردی لە لایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی, سەلاحەددینی ئەییووبی چاپ و بڵاوکرایەوە.

٨٨- عەبدولستار تاهیر شەریف، قامووسی دەروونناسی، ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی، چاپی یەکەم, بەغدا، ١٩٨٥.

٨٩- علی سیدوگورانی، القامووس الکردی الحدیث، کُردی – عربی، عمان، اردن، ١٩٨٥.

٩٠- گیو مکریانی، الباکوره نۆبەرە، قاموس مدرسی باللغتین العربیه و الکردیه، الجزوالاول. حروف (أ،ب،ت)، بغداد، ١٩٨٦.

٩١- عەبدولسەلام محەممەد نەبی خۆشناو، گوڵشەن، کوردی – فارسی – عەرەبی، بەغدا، ١٩٨٦.

٩٢- محەممەد ئەمین هەورامانی، فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ، کوردی کۆن و هی نوێ، بەغدا، ١٩٨٧.

٩٣- حمید ایزدپناه، فرهنگ لکی، موسسەی فرهنگی جهانگیری، چاپخانەی گیلان، چاپ اول، ١٣٦٧.

٩٤- تاها فەیزیزادە، هەوێن گەلاڵەیەك بۆ قامووسێکی زاراوەیی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، ئینتیشاراتی سەلاحەددینی ئەییوبی، ورمێ، ١٣٦٤.

هەوێن ساڵی ١٣٦٧ سەرلەنوێ دەگەڵ کتێبی فەرهەنگی وشە دوانەکانی زمانی کوردی لە لایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی, سەلاحەددینی ئەییوبی چاپ و بڵاوکرایەوە.

٩٥- تاها فەیزیزادە، فەرهەنگی وشە دووانەکانی زمانی کوردی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، سەلاحەددینی ئەییوبی، ورمێ، ١٣٦٧.

٩٦- عەلی عەبدوڵڵا، گەنجینە فەرهەنگی عەڕەبی – کوردی، ١٩٨٨.

٩٧- نێعمەت عەلیسایە، گەوهەری گەرمەسێر – فەرهەنگێکی کوردی / عەرەبی زاری کەڵهوڕییە -، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا ١٩٨٨ [بەرگی یەکەم، دووەم، سێهەم].

٩٨- عبدالرحمن شرفکندی (هەژار)، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کُردی – فارسی، یك جلدی، سروش، تهران، چاپ اول ١٣٦٩ – چاپ دوم ١٣٧٦.

٩٩- بۆ زانیاری پتر، بڕوانە:

گۆڤاری ئاوێنە، ژمارە ١، نگاهی بە هەنبانە بۆرینە، ل ٥٢-٥٣.

گۆڤاری ئاوێنە، ژمارە (٣-٢)، نقدی بر هەنبانەبۆرینە، د.محمدتقی ابراهیمپور، ل ٢٠-٢١، ٤٣.

گۆڤاری ئاوێنە، ژمارە ٥، وتووێژ لەگەڵ مامۆستا هەژار بەشی ٢، ل ٦-١٠.

گۆڤاری سروە، ژمارە ٥١، ڕەخنە ل سەر فەرهەنگا هەنبانەبۆرینە، خالد عبدالرحمن، ل ٦٦-٧٣.

عەبدوڵلا حەسەنزادە، گوڵچنینەوە ...، چاپی یەکەم، ستۆکهۆلم، ١٩٩٥.

١٠٠- بڕ: گۆڤاری سروە، ژمارە ٦١، گەلاوێژی ١٣٧٠، بانگەواز، ل ٣٧.

لیستی ئەو وشانەی لە هەنبانە بۆرینەدا نەهاتوون، لە ژمارە ٦٣ ی سروە وە دەستی پێکرد و تا ئێستا بەردەوام بە ماوەی ١٠ساڵ بڵاوکراوەتەوە و هەروا درێژەی هەیە.

**101- Minilexikon , Svensk – Kurdiskt lexikon (nordkurdiska), Ferhenga swedi – kurdi (kurmanci) , 1989 Statens institut for laromedel (sil) , Stockholm.**

١٠٢- شەوکەت ئیسماعیل حەسەن، فەرهەنگی کوردی – ئینگلیزی، وشە و زاراوەی هاوواتا، بەشیەکەم ئـ، کۆماری عیراق وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، بەغدا، ١٩٨٩.

**103- SVENSK – KURDISK ORDLISTA , AV KHUNAW KHURSHID – SIRWAN KHURSHID – KJELL LASSKER , STOCKHOLM , 1989.**

**104- FERHENG – Kurdi / Tirki , Turkce / Kurtce – D. Izoli , DENG Yayinlari , 1992.**

**105- Kurdish – English , Enghish – Kurdish dintionary , Baran Rizgar , London , 1993.**

١٠٦- محمدتقی ابراهیمپوور، واژەنامەی کُردی – فارسی، انتشارات ققنوس، تهران – ١٣٧٣.

١٠٧- محمدتقی ابراهیمپور، واژەنامەی فارسی – کُردی، انتشارات ققنوس، تهران – ١٣٧٣.

١٠٨- امیر امینی، فرهنگ گیاهان دارویی، کُردی – انگلیسی – فارسی – عربی، چاپ دوم، انتشارات طاق بستان، کرماشان، ١٣٧٦.

١٠٩- علیاشرف درویشیان، فرهنگ کُردی کرمانشاهی، کُردی – فارسی، نشر سهند، چاپ اول، تهران، ١٣٧٥.

١١٠- حامید درودی و حاتەم مەنبەری، بێستوون، فەرهەنگی سۆرانی – هەورامی، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٨.

١١١- گیو موکریانی، فەرهەنگی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩.

١١٢- ئیسماعیل مستەفازادە، بەرەو فێربوونی دیالێکتی کرمانجی ژووروو، نەشری ڕەهرەو، چاپی هەوەڵ، مەهاباد، ١٣٧٩.

١١٣- فەتاح کاویان، حەوتەوانە، فەرهەنگی ئینگلیزی – کوردی – فارسی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

**114- Oxford Dictionary of Current Idiomatic English , Verbs With Prepositions and Particles , Ap Cowie and R.Mackin.**

١١٥- شەفیق قەزاز، فەرهەنگی شارەزوور، کوردی – ئینگلیزی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠.

١١٦- عەلی نانەوازادە، فەرهەنگی هەرمان، کوردی بە کوردی، چاپەمەنی تەوەکولی، چاپی یەکەم، تاران، ١٣٨٠.

١١٧- مستەفا سلێمان، فەرهەنگی زاراوەی زانستی، بەشیەکەم: ئینگلیزی — عەرەبی — کوردی. بەشی دووەم: کوردی — عەرەبی — ئینگلیزی، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان،؟، ٢٠٠١.

١١٨- امیر امینی، فرهنگ لغت آرام، انگلیسی — کُردی — فارسی، آمل، ١٣٨٠.

١١٩- بڕ: حەوتەنامەی سیروان، ژمارە ٣٦، ساڵی چوارەم، ٦ی ڕێبەندانی ١٣٨٠، بشێوی لە فەرهەنگی ئارامدا، ڕەزا حاتەمی، ل٩.

١٢٠- ئەحمەد بەحری، فەرهەنگی باڵندە، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١.

١٢١- ئەحمەد بەحری، فەرهەنگی باڵندە، سروە، ساڵی پێنجەم، ژمارە ٣٣، خاکەلێوەی ١٣٦٨، ل ٤٠-٤٣؛ ژمارە ٣٤، بانەمەڕی ١٣٦٨، ل ٢١-٢٣؛ ژمارە ٣٥، جۆزەردانی ١٣٦٨، ل ٣٤-٣٧؛ ژمارە ٣٦، پووشپەڕی ١٣٦٨، ل ٢٧-٢٩.

١٢٢- حاج حبیب‌الله منصوریان، فرهنگ لغات منصوریان — لغات زبان محلی ایلام، کُردی ایلامی — فارسی، کتاب اول، چاپ اول، انتشارات آسیا، بهار ١٣٦٩.

١٢٣- عەلی نانەوازادە، فەرهەنگی پەهلەوی، پەهلەوی بە کوردی، چاپی یەکەم، چاپەمەنی تەوەکولی، تاران ١٣٨٠ی هەتاوی.

١٢٤- گۆڤاری ئاوێنە، ژمارە ٥، ١٣٦٩، ل ٨.

١٢٥- سەدیق بۆرەکەیی، فەرهەنگی ماد، بەرگی یەکەم، ١٣٦١، ل ٤١.

١٢٦- بابا مردوخ روحانی (شیوا)، تاریخ مشاهیر کُرد، ج٢، ص ٤٤٩.

١٢٧- مستەفا سلێمان، فەرهەنگی زاراوەی زانستی، پێشەکی، ل III.

١٢٨- مستەفا سلێمان، فەرهەنگی زاراوەی زانستی، پێشەکی، ل III.

١٢٩- بڕ: حەوتەنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە ١٨٧، ٢٠٠٠/٧/٢٨، ل ٨.

١٣٠- بڕ: حەوتەنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە ١٦١، ٢٠٠٠/١/٢١، ل ١٢.

١٣١- هەڤپەیڤینی ڕادیۆ کوردی دەنگی ئەمریکا لەگەڵ سەرۆکی ئەنستیتۆی کورد لە ئەستەمبووڵ، ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٨٠.

***بەشی دووەم***

**ئەو فەرهەنگانەی کە بەشێك لە کتێبێکی ڕێزمان یان زمانەوانی پێك دێنن و بە شێوەی پاشبەند ڕێکوپێك کراون.**

١- ماوریزۆ گارزۆنی، ساڵی ١٧٨٧ لە پاشبەندی کتێبی **کورتەی ڕێزمانی کوردی**[١]دا کە ٢٨٧ لاپەڕەیە، فەرهەنگێکی ئیتالیایی – کوردی هێناوە، کە بریتییە لە دەوری پێنجهەزار وشە. شێوەزاری وشە کوردییەکان، سەر بە ناوچەی ئامێدە. کتێبەکەی گارزۆنی بە یەکەم فەرهەنگی کوردی دێتە ژمار کە لە لایەن ئەورووپاییەکانەوە نووسرا بێ.

٢- پ.س.پالاس، ساڵی ١٧٨٧ لە کتێبی **فەرهەنگی بەراوردیی هەموو زمان و شێوەکان**[٢]دا، ٢٧٣ وشەی بە دووسەد زمانی ئەورووپایی و ڕۆژهەڵاتی هەمبەر کردوون، کە کوردیش یەکێکە لە وان.

٣- کلاپرس، ساڵی ١٨١٤ وتارێکی بە ناوی پێڕستی وشەی کوردی لە هەمبەر فارسی و کۆمەڵە زمانە هاوڕیشەکانی تردا[٣] نووسی، کە لە کۆمەڵە سەرچاوەکانی ڕۆژهەڵاتیدا چاپکرا. وتارەکەی کلاپرس بریتییە لە کۆمەڵێك وشەی کوردی، کە لەگەڵ وشەی فارسی و زمانە نزیکەکانی تردا بەراوردی کردوون.

٤- کلۆدیوس جێیمس ڕیچ، ساڵی ١٨٣٦ لە پاشبەندی کتێبێکی خۆیدا،[٤] دووسەد وشەی کوردی تۆمار کردووە.

٥- پ. لێرخ، ڕۆژهەڵاتناسی ڕووس، ساڵی ١٨٥٨ کتێبێکی لە بارەی کورد و کوردستانەوە نووسی،[٥] کە ئەمە سێیەمین کتێبی ئەو بوو لەم بابەتەدا. لێرخ لەو کتێبەدا دوو فەرهەنگۆکی کوردی گونجاندووە، یەکەم: کوردی (کرمانجی ژووروو) – ڕووسی، دووەم: کوردی (زازاکی) – ڕووسی.

٦- ف. مولێر، ساڵی ١٨٦٣ لە کتێبی **لیستەی وشەکانی کوردی و سووری**[٦]دا نزیکەی هەزار پەیڤی سادە و لێکدراوی کوردی بە زمانی ئەڵمانی ڕاڤە کردووە. نووسەر خۆی لە باکووری کوردستان گەڕاوە و وشەکانی لە زاری خەڵك کۆ کردووەتەوە.

٧- س. ڕی، ساڵی ١٨٧٢ کتێبێکی لەسەر ڕێزمانی کوردی نووسی[٧] و فەرهەنگێکی بیست لاپەڕەیی کوردی – ئینگلیسیشی بۆ کردە پاشکۆ.

٨- ف. ژووستی، ساڵی ١٨٧٨ لە کتێبی **ناوی ئاژەڵان لە زمانی کوردیدا**[٨] هەندێ وشەی بە شێوەی فەرهەنگۆکێکی کوردی – فەرەنسی ڕاڤە کردوون.

٩- س. ئا. یەگێزارۆڤ، کتێبێکی لە بارەی ئەتنۆگرافیای کوردەوە نووسیوە کە ساڵی ١٨٩١ لە تفلیس چاپ کراوە.[٩] لەو کتێبەدا دوو فەرهەنگۆك هەیە؛ کوردی – ڕووسی (ل ١- ٦٥) و ڕووسی – کوردی(ل ٦٦–١٢٢)، کە سەرجەم دەوری حەوت هەزار وشە دەبن.

١٠ – هـ. ماکاس، لە پاشکۆی کتێبێکی خۆیدا، کە بریتییە لە چەند دەقی کوردی شێوەزاری دەڤەری ماردین[١٠]، فەرهەنگێکی کوردی – ئەڵمانی ڕێکخستووە و ساڵی ١٨٩٧ بڵاوی کردووەتەوە.

١١- لە دوایی سەدەی نۆزدەدا، ڕۆژهەڵاتناس ئا. سۆتسین کتێبێکی لە بابەت ڕێزمانی کوردییەوە بڵاو کردەوە[١١]، کە بەشی سێیەمی کتێبەکە (ل ٢٨١ – ٣٤١) بریتییە لە فەرهەنگۆکێکی کوردی – ئەڵمانی.

١٢- ژاك دێ مۆرگان، ساڵی ١٩٠٤ کتێبێکی دەربارەی شێوەکانی زمانی کوردی بڵاو کردەوە.[١٢] لەو کتێبەدا باسی شێوەکانی زمانی کوردی (موکری، گەڕووسی، یەزیدی، بایەزیدی، سەحنەیی، کرماشانی، هەورامانی، جافی، ڕێژاوی، سلێمانی، لەکی و خۆجەوەندی) کردووە و لەگەڵ یەکتر بەراوردی کردوون. لەو کتێبەدا، وشە و زاراوەکانی کوردی، بە فەرەنسی ڕاڤە کراون.

١٣- میجرسۆن، ساڵی ١٩١٣ کتێبێکی دەربارەی ڕێزمانی کوردی نووسیوە[١٣] و لە پاشکۆی ئەو کتێبەدا فەرهەنگێکی ئینگلیسی – کوردی چێکردووە (ل ١٧٠ – ٢٨٩) و لە لەندەن بڵاوی کردووەتەوە.

١٤- هەروەها میجرسۆن لە ساڵی ١٩١٩ ڕێزمانێکی سەرەتایی زمانی کوردی نووسی[١٤] و لە بەغدا بڵاوی کردەوە. پاشکۆی ئەو کتێبە بریتییە لە فەرهەنگۆکێکی حەفتا لاپەڕەیی ئینگلیسی – کوردی[١٥].

١٥- ئێڵ. ئۆ. فاسۆم، کتێبێکی لە بابەت ڕێزمانی کارای زمانی کودییەوە نووسیوە[١٦] کە ساڵی ١٩١٩ لە لایەن کۆمەڵی میسیۆنێری لۆتێریی ڕۆژهەڵاتەوە چاپ و بڵاو کرایەوە. فەرهەنگۆکێکی شازدە لاپەڕەیی (ل ٢٦٢ – ٢٧٨) کە نزیکەی شەشسەد وشەی گرتووەتە خۆ، کراوەتە پاشبەندی کتێبی ناو براو.

١٦- ئاغا پێترۆس ئەللو، ساڵی ١٩٢٠ کتێبێکی بە ناوی ڕێزمان و فەرهەنگی ئاسۆری و کوردی و یەزیدی بڵاو کردەوە[١٧] کە سەرجەم دەوری ٩٠ لاپەڕەیە و بریتییە لە ڕێزمانێکی کورت و فەرهەنگێك.

١٧- ر.ف. جاردین، کتێبێکی دەربارەی ڕێزمانی کوردی نووسیوە و ساڵی ١٩٢٢ لە بەغدا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە[١٨]. پاشکۆی ئەو کتێبە, فەرهەنگۆکێکی کوردی – ئینگلیسییە (ل ٥٥ – ١١٤).

١٨- د. محەممەد موکری، ساڵی ١٩٥٠ لە تاران، کتێبی **گۆرانی یا ترانەهای کُردی** بڵاو کردەوە[١٩]. فەرهەنگۆکێکی کوردی – فارسی کراوەتە پاشکۆی ئەو کتێبە.

١٩- ئەمینێ ئەڤدال، ساڵی ١٩٥٨ کتێبێکی ٢١٤ لاپەڕەیی لە مەڕ ڕێنووسی کوردی، لە شاری یەریڤان بڵاو کردەوە[٢٠] و فەرهەنگێکی کوردی – ئەرمەنی کردە پاشکۆی کتێبەکە.

٢٠- د. چەرکەزی باکایێف، ساڵی ١٩٦٢ کتێبێکی ٢٧٠ لاپەڕەیی دەربارەی دیالێکتی کوردەکانی کۆماری تورکمەنستان نووسی کە لە مۆسکۆ چاپ و بڵاو کرایەوە و سەد لاپەڕەی دوایی کتێبەکەی تەرخان کرد بۆ فەرهەنگێکی کوردی (دیالێکتی کوردەکانی تورکمەنستان) – ڕووسی.

٢١- هەروەها د. چەرکەزی باکایێف، ساڵی ١٩٦٥ لە کتێبێکی تری دا بە ناوی زمانی کوردەکانی ئازەربایجان، کە ئەویش هەر لە مۆسکۆ چاپ و بڵاو کرایەوە, سەد لاپەڕەی دوایی تەرخان کرد بۆ فەرهەنگێکی کوردی (دیالێکتی کوردەکانی ئازەربایجان) – ڕووسی.

٢٢- د. کامران بەدرخان، ساڵی ١٩٦٥ کتێبی نفیسا مـن[٢١]ی لە پاریس بڵاو کردەوە و فەرهەنگێکی کوردی – فەرەنسیشی بۆ کردە پاشکۆی.

٢٣- د. محەممەد موکری، ساڵی ١٩٦٦ لە پاریس، دەگەڵ کتێبی ڕێزمانی گۆرانیی کۆن[٢٢]، فەرهەنگێکی دیالێکتی گۆرانیشی چاپ و بڵاو کردەوە.

٢٤- د. محەممەد موکری، لە ساڵەکانی ١٩٦٦ و ١٩٧١ دوو بەرگ حق‌الحقایق یا شاهنامەی حقیقەتی حاجی نێعمەتوڵڵای جەیحوون ئابادی لە تاران چاپ و بڵاو کردەوە. د.موکری لە ساڵی ١٩٨٢ چاپی دووەمی ئەو کتێبەی لە بەرگێکدا بڵاو کردەوە.[٢٣] پاشکۆی کتێبەکە (٥٧١ – ٧٨٦) هەندێ بابەتی جۆراوجۆری تێدایە کە یەك لە وان فەرهەنگۆکێکی کوردی – فارسی (ل ٧٧٧ – ٧٨٦)یە, کە بریتییە لە وشە و زاراوەی سەر بە ئایینی ئەهلی حەق.

٢٥- د. محەممەد موکری، ساڵی ١٩٦٨ لە پاریس، فەرهەنگ و کورتەی ڕێزمانی گۆرانی بڵاو کردەوە[٢٤].

٢٦- د. جەمال نەبەز، ساڵی ١٩٦٩ کتێبێکی بە زمانی ئەڵمانی، لەسەر هۆنراوە و پەخشانی کوردی نووسیوە[٢٥] و فەرهەنگێکی گرینگ و هێژای کوردی – ئەڵمانیشی بۆ ڕێك خستووە.

٢٧- خاتوو جۆیس بلو، ساڵی ١٩٧٥ لە کتێبێکی ٢٥٢ لاپەڕەیی‌دا باسی شێوەی کوردیی ئامێدی و ژەنگار دەکا[٢٦]. پاشکۆی کتێبەکە فەرهەنگۆکێکی کوردییە.

٢٨- د. محەممەد موکری، ساڵی ١٩٧٧ لە پاریس، فەرهەنگ و ڕێزمانی شیکاریی دیالێکتی گۆرانیی کۆنی بڵاو کردەوە[٢٧].

٢٩- فەتاح عەزیزی ئەقدەم، ساڵی ١٩٧٩ کورتەیەکی ڕێزمانی کوردی بە زمانی فارسی بڵاو کردەوە [٢٨]. لە پاشکۆی ئەو ڕێزمانەدا نزیکەی ٨٠٠ وشەی کوردی بە هەمبەری فارسییەوە ڕێکخراوە و وشەکان بە پێی بابەت جیا کراونەوە.

٣٠- م. بەرزنجی، کتێبێکی لەسەر فێربوونی زمانی کوردی نووسیوە[٢٩] کە ساڵی ١٩٧٩ لە لایەن کۆمەڵا زانستی جڤاکی کوردی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. بە شێکی کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ فەرهەنگۆکێکی عەرەبی – کوردی، کە وشەکان بە پێی بابەت دابەش کراون. وشە کوردییەکانی ئەو فەرهەنگە بە دیالێکتی کرمانجی ژووروویە و لە دوو ڕیزدا نووسراون؛ ڕێزی یەکەم بە ئەلفوبێی عەرەبی و ڕێزی دووم بە ئەلفوبێی لاتینی.

٣١- خاتوو جۆیس بلو، ساڵی ١٩٨٠ لە پاشکۆی کتێبی ڕێزمانی دیالێکتی سۆرانی[٣٠]دا، فەرهەنگۆکێکی کوردی – فەرەنسی شی بڵاو کردەوە. ئەو کتێبە ٢٨٧ لاپەڕەیە و بریتییە لە: باسی ئەلفوبێ و ڕێزمان و تێکست بۆ خوێندنەوە.

٣٢- جەلال مەحموود عەلی، لە کتێبی ئیدیۆم لە زمانی کوردی‌دا[٣١]، بەشێکی بەرچاوی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ ئەو ئیدیۆمانەی کە بە پێی ئەلفوبێی کوردی تۆماری کردوون و مانای لێکداونەوە. ئەو کتێبە ساڵی ١٩٨٢ لە بەغدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

٣٣- خاتوو ئێران کەلباسی، ساڵی ١٩٨٣ لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر شێوەزاری کوردیی مەهاباد بڵاو کردەوە[٣٢]. نووسەر لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەدا (ل ١٠٥ – ٢٢٧) نزیکەی سێ‌هەزار و پێنسەد وشەی بە شێوەی فەرهەنگۆکێکی فارسی – کوردی ڕێکخستووە و بێژەی وشەکانی بە پیتی لاتینی تۆمار کردووە.

٣٤- مستەفا ئیلخانی‌زادە، ساڵی ١٩٨٣ کتێبێکی قەوارە باغەڵی بۆ فێرکردنی زمانی کوردی بڵاو کردەوە[٣٣]. کە بریتی بوو لە ٨٠٠ وشە و سەدوپەنجا ڕستەی کوردی – فارسی. نووسەر, ئەو کتێبەی جارێکی تر لە ساڵی ١٩٨٩ چاپ کردەوە[٣٤] و وشە و ڕستەکانی گەیاندە ڕادەی دوو بەرامبەری چاپەکەی پێشوو.

## ***پەراوێزەکانی بەشی دوویەم:***

1- Garzoni M.P. Grammatica e Vocabolario della lingua Kurda, Roma, Sacra congregazione di Propogande fide, 1787.

٢- پ.س. پالاس، فەرهەنگی بەراوردیی هەموو زمان و شێوەکان، پترسبورگ، ١٧٨٧.

3- Kurdisches w orterverzeichnis mit dem persischen und anderen verwandten sprachen verglichen.

4- C. J. Rich, Narrative of aresidence in koordistan and on the site of ancient niniveh,… London, 1836 – 1837, pp. 394 – 398.

٥- پ. لێرخ، لێکۆڵینەوە لە بارەی کوردەکانی ئێران و خالدییەکانی سەرووی باو و باپیرانیانەوە، پیترسبورگ، بەشی یەکەم ١٨٥٦، بەشی دووەم ١٨٥٧، بەشی سێهەم ١٨٥٨.

6- Friedrich Mueller, Kurdisches und syrsches Woerter Zeichniss, (Wien:?, 1863).

7- S. A. Rhea, Brief grammar and Vocabulary of the Kurdish language of the Hakari district in Journal of the American oriental society. (New Haven:?, 1872. Vol x.).
8- Ferdinand Justi, les noms d'animaux en kurde. (paris: Imprimerie Nationale, 1878).
٩- س.ئا.یەگیزارۆڤ، مێژوویەکی ئەتنۆگرافی کورتی کوردی پارێزگای یەریڤان، هەواڵەکانی لقی قەفقاسیای کۆمەڵی جوغرافیایی ڕووسی ئیمپراتۆری، تفلیس، ١٨٩١.
10- H. Makas, kurdische texte im kurmandj, dialecte aus der gegend von mardin. (st. Petersburg – Leningrad:?, 1897).
١١- د. ئەورەحمانی حاجی مارف، پێشەکی قامووسی زمانی کوردی، ل ٧٦.
E: Prym and A. Socin, kurdische sammlungen, Abt I.II, S. pbg, 1887 – 1890.
12- Morgan J. Dialectes kurdes langues et dialectes du Nord de la perse, paris, Imprimerie Natioale, 1904, XV, 325 p., aves 2 cartes. Etudes linguistiques de la mission scientifique en perse, t. V.
13- E. B. Soane, Grammar of the kurmanji or Kurdish language. (London:?, 1913).
14- E. B. Soane, elementary kurmanji grammar. (Baghdad:?, 1919).
١٥- شیاوی باسە، مامۆستا شێخ محەممەدیخاڵ، لە پێشەکی فەرهەنگە بەنرخەکەی خۆیدا، ل ١٢، باسی ئەو فەرهەنگەی کردووە، بەڵام بە کوردی – ئینگلیسی ناوبردووە.
16- L. O. Fossum, Apractical Kurdish grammar. (Minneapolis:?, 1919).
17- Agha petros Ellow. Assyrian, Kurdish & Yizidis, Indexed Grammar and Vocabulary, With a few Grammatical Notes. Baghdad, Government press, 1920.
18- R. F.Jardine, Bahdinan Kurmanji, a Grammar of the kurmanji of the kurds of Mosul division and surrounding distrcts of Kurdistan. Baghdad, 1922.
١٩- محمد مکری، گورانی یا ترانەهای کُردی، تهران، دانش، ١٣٢٩.
٢٠- ئەمینێ ئەڤدال، خەبەرناما کوردییا ڕاست نڤیساندنە، یەریڤان، ١٩٥٨.
21- K.Bedirkhan, NiVISA MiN, Conrs pratiquede la langue Kurde. (paris:?, 1965).
٢٢- محمد مکری، فرهنگ و دستور تفصیلی زبان گورانی قدیم، پاریس، مرکز تتبعات علمی وزارت معارف فرانسه، ١٩٦٦.
٢٣- حاج نعمت الله جیحون آبادي، حق‌الحقایق یا شاهنامەی حقیقت، متن مصحح با مقدمه و یادداشتها و تفاسیر: دکتر محمد مکری، کتابخانەی طهوري چاپ دویم، تهران، ١٣٦١ خورشیدی/ ١٩٨٢ میلادی.
٢٤- محمد مکری، فرهنگ و دستور مختصر زبان گورانی، پاریس، ساموئیلیان، ١٩٦٨.
25- J. Nebez, kurdische schrifts prache, chrestomathie Moderner texte. (Hamburg: Helmat Buske Verlag, 1969).
26- Joyce Blau, le Kurde de Amadiya et de Djabal Sindjar. Analyse linguistique, texts folkloriques, glossaires, paris, 1975.
٢٧- محمد مکری، فرهنگ و دستور تحلیلی زبان گوارنی قدیم، پاریس، مرکز تتبعات علمی وزارت معارف فرانسه، ١٩٧٧.
٢٨- فتاح عزیزی‌اقدم، کلیات دستور زبان کُردی، سازمان جوانان مسلمان کردستان، ١٣٥٨.
٢٩- م.بەرزنجی، فێربوونا زمانێ کوردی بێ مامۆستە، بەیرووت، ١٩٧٩.
30- Joyce Blau, Manuel de kurde (Dialecte sorani), paris, 1980.
٣١- جەلال مەحموود عەلی، ئیدیۆم لە زمانی کوردی دا، بەغدا، ١٩٨٢.
٣٢- ایران کلباسی، گویش کُردی مهاباد، مؤسسەی مطالعات و تحقیقات فرهنگی، تهران، ۱۳۶۲.
٣٣- مصطفی ایلخانی‌زاده، خودآموز کُردی، انتشارات لاله، تبریز، ۱۳۶۲.
٣٤- مصطفی ایلخانی‌زاده، فرهنگ کامل کردی، انتشارات محمدی، سقز، ۱۳۶۸.

## بەشی سێیەم

## ئەو فەرهەنگۆکانەی کە لە یەك یا چەند ژمارەی بلاڤۆکێکدا چاپ کراون.

١-جەلادەت عالی بەدرخان، ساڵی ١٩٣٢، بە ناوی هەرەکۆل ئازیزان، لە ٩ ژمارەی گۆڤاری هاواردا، فەرهەنگۆکێکی زاراوەکانی جڤاکی و رامیاری بڵاو کردەوە[١]، ئەم فەرهەنگە لە بەشە لاتینییەکەی گۆڤاری هاوار دایە و مانای وشەکان هەر بە کوردی لێکدراوەتەوە.

٢- دیسان میر بەدرخان، هەر بە ناوی هەرەکۆل ئازیزانەوە، لە هەمان گۆڤاردا، لە ساڵی ١٩٣٢ فەرهەنگۆکێکی کوردی - عەرەبی بڵاو کردووەتەوە.[٢]

٣- مامۆستا تۆفیق وەهبی، لە ساڵانی ٤٣-١٩٤٢ لە پێنج ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژدا، فەرهەنگۆکێکی بە ناوی فەرهەنگی گەلاوێژ بڵاو کردەوە، کە بریتی بوو لە نزیکەی ٥٠٠ وشەی عەرەبی – کوردی، کە وشە کوردییەکان لە دوو ستووندا بە پیتی عەرەبی و لاتینی تۆمار کرابوون.

٤- عەلائەدین سەجادی، لە گۆڤاری نزاردا کۆمەڵێك زاراوەی کوردی بە شێوەی فەرهەنگۆك بڵاو کردەوە.[٣]

٥- ساڵی ١٩٥٥، لە سێ ژمارەی گۆڤاری پەیام[٤]دا، فەرهەنگۆکێکی کوردی – کوردی – عەرەبی بڵاو کرایەوە.

٦- ساڵی ١٩٥٥، ش.م.بەهرامی لە پێنج ژمارەی گۆڤاری هەتاو[٥]دا، لە ژێر ناوی یەکیەتی زمانی کوردی بۆ لە یەکتر نزیك کردنەوەی دوو دیالێکتی سەرەکی زمانی کوردی، لیستەیەکی وشەی کوردی، وەکوو فەرهەنگۆکێکی کوردی ژووروو – کوردی باشوور – عەرەبی بڵاو کردەوە.

٧- ت. ئامینیان، ساڵی ١٩٥٧، لە پێنج ژمارە گۆڤاری هەتاودا زنجیرە وتارێکی نووسیوە بە ناوی ئامۆژگاری و کوردی و ئاوێستا[٦] و لیستەیەکی رێکخستووە بۆ بەرامبەر یەك گرتنی وشەکانی ئاوێستا و کوردی.

٨- ت. ئامینیان، هەروەها لە چوار ژمارەی تری هەمان گۆڤاردا، لە ساڵی ١٩٥٧، وتارێکی هەیە بە ناویئاوێستا، پەهلەوی، کوردی ئێستا[٧]، لەم وتارەدا، هەندێ وشەی ئاوێستا و پەهلەوی و کوردی هەمبەری یەك داناون و بەراوردی کردوون.

٩- ساڵی ١٩٥٨، لە سێ ژمارەی گۆڤاری پێشکەوتن [٨]دا، فەرهەنگۆکێکی کوردی – کوردی بڵاوکرایەوە کە لە راستیدا زازاکی – سلێمانی یە.

١٠- عەبدولخالق حسەین جەباری، ساڵی ١٩٥٨، لە گۆڤاری پێشکەوتندا، کۆمەڵێکی وشەی کوردی بڵاو کردووەتەوە.[٩]

١١- دوکتۆر محەممەد موکری، ساڵی ١٩٥٩، لە گۆڤاری ئاسیایی پاریس[١٠]دا، لیستەی ناوی فارسی – کوردی بایەکانی بڵاو کردەوە.

١٢- عومەر عەبدوڕڕەحیم، لە ساڵی ١٩٥٩، لە دوو ژمارەی گۆڤاری نەورۆز[١١]دا فەرهەنگۆکێکی کوردی – عەرەبی بڵاو کردەوە.

١٣- عومەر عەبدوڕڕەحیم، لە ساڵی ١٩٦٠، لە سێ ژمارەی گۆڤاری رۆژی نوێ[١٢]دا، لیستەیەکی تری وشەی کوردی – عەرەبی بڵاو کردەوە.

١٤- عومەر عەبدوڕڕەحیم، لە هەمان ساڵدا(١٩٦٠)، لیستەی شەشەمیشی لە دوو ژمارەی گۆڤاری بڵێسە[١٣]دا بڵاو کردەوە.

١٥- مامۆستایان؛ شاکر فەتتاح، سمایل فەرەج، رەفیق فەتحوڵڵا، سامی حوسێن نازم، عەبدولکەریم شێخ محەممەد، عومەر عەبدوررەحیم و محەممەد تەوفیق وردی، لە ساڵی ١٩٦٠، لە دوو ژمارەی گۆڤاری ڕۆژی نوێ[١٤]دا، نزیکەی شەشسەد وشەی کتێبی دەرسییان بە عەرەبی – کوردی بڵاو کردەوە.

١٦- لێژنەیەك بریتی لە مامۆستایان؛ ئەبووبەکر هەوری، جەمال جەلال، جەمال ئیبراهیم، ئەحمەد هەردی و عوسمان عارف، لە ساڵی ١٩٦٠، لە دوو ژمارەی گۆڤاری ڕۆژی نوێ[١٥]دا، نزیکەی شەشسەد وشە و زاراوەی زانستیی ڕیازیاتیان بە چەشنی فەرهەنگۆکێکی عەرەبی – کوردی بڵاو کردەوە.

١٧- مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی، ساڵی ١٩٦٠ لە گۆڤاری بڵێسە[١٦]دا، فەرهەنگۆکێکی کوردی – عەرەبی بڵاو کردەوە.

١٨- قادر شاڵی، ساڵی ١٩٦٠ لە دوو ژمارەی گۆڤاری ڕۆژی نوێ[١٧]دا، لیستەی وشە و زاراوەی سەر بە لەشساغی و نەخۆشی بە عەرەبی– کوردی بڵاو کردەوە.

١٩- گۆڤاری زانیاری لە ساڵی ١٩٧٠ ڕا کە دامەزرا، دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی لیستەیەکی کوردی– عەرەبی[١٨]، کەپتر ئەو وشە و زاراوە زانستییانە بوون کە نووسەرانی زانیاری لە گۆڤارەکەدا بە کاریان دێنا.

٢٠- مامۆستا ڕەشید مەلا عەلی، ساڵی ١٩٧١، لە گۆڤاری دەنگی مامۆستادا، فەرهەنگۆکێکی کوردی – عەرەبی بە ناوی فەرهەنگی وشە ئاوێتەکان[١٩] بڵاوکردەوە.

٢١- محەممەد ڕەشید مەحموود، لە ساڵی ١٩٧١، لە گۆڤاری مامۆستادا، فەرهەنگۆکێکی کوردی – ئینگلیسی بڵاو کردەوە[٢٠].

٢٢- کەمال جەلال غەریب، ساڵی ١٩٧١، لە گۆڤاری دەنگی مامۆستادا، لیستەیەکی زاراوەکانی زانستی عەرەبی – کوردی بڵاو کردەوە[٢١].

٢٣- مامۆستایان؛ فوئاد عێزەت و جەمال عەبدول، ساڵی ١٩٧٢، لە هەوەڵین ژمارەی گۆڤاری دەنگی مامۆستادا، لیستەیەکی زاراوەی زانستی (بیۆلۆژی)یان بە کوردی – عەرەبی بڵاوکردەوە کە تەنیا وشەگەلی سەر بە دوو دەنگی (ؤ) و (ب) ی گرتەوە[٢٢].

٢٤- مامۆستایان؛ فوئاد عێزەت و محەممەد ساڵح سەعید، ساڵی ١٩٧٣، لە گۆڤاری دەنگی مامۆستادا، لیستەیەکی کوردی – عەرەبی وشە و زاراوەی زانستی‌یان بڵاوکردەوە[٢٣].

٢٥- ساڵی ١٩٧٣، لە ژمارە ٦ی گۆڤاری زانیاریدا، لیستەیەکی کوردی – عەرەبی زاراوەکانی زانستی بڵاوکرایەوە[٢٤]

٢٦- دوکتۆر نەسرین فەخری، ساڵی ١٩٧٤، لە گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیاتدا، وتارێکی هەیە بە ناوی فەرهەنگی ناوی دەنگ لە زمانی کوردیدا[٢٥].

٢٧- جەمال بابان، ساڵی ١٩٧٤، لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا، وتارێکی هەیە بە ناوی هەندێك لەو زاراوانەی واتایەك زیاتر ئەبەخشن[٢٦]، ئەم وتارە لە وشەی هاوبێژی کوردی دواوە و لە پەیدابوونیانی کۆڵیوەتەوە.

٢٨- بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی، لە ژمارە ٩ی ساڵی ١٩٧٥ی گۆڤاری پەروەردە و زانستدا، دوو لیستەی لە زاراوەکانی زانستی چاپ و بڵاوکردەوە[٢٧]. لیستەی یەکەم؛ پێنسەد وشەی کوردی(کرمانجیی ژووروو – کرمانجیی نێوەڕاست – عەرەبی) و لیستەی دوویەم؛ دوو سەد وشەی عەرەبی – کوردی یە.

٢٩- دوکتۆر جەمال ڕەشید، لە بەرگی چوارەمی ساڵی ١٩٧٦ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد دا، لیستەیەکی ٧٨ وشەیی، بە ناوئێسکبەندی مرۆڤ بە کوردی – عەرەبی – ئینگلیسی بڵاو کردەوە[٢٨].

٣٠- د. نەسرین فەخری، ساڵی ١٩٧٦، لە گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیاتدا، وتارێکی بڵاو کردووەتەوە بە ناویهەندێ زاراوە و ئیدیۆمەی کوردی[٢٩]، و ٨٧ ئیدیۆمی کوردی لێکداوەتەوە.

٣١- کۆڕی زانیاری کورد، هەرچەند لە ماوەی کورتی ژیانیدا نەیتوانی ئەو هەنگاوە گەورەی کە خۆی مەبەستی بوو، بۆ کاری وەدیهێنانی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی کوردی هەڵێنێتەوە، بەڵام گەلێك کاری بنەڕەتی و گرینگی لەم مەیدانەدا جێبەجێ کرد و بناغەیەکی پتەوی بۆ دوا ڕۆژ دانا. لە بەرگی هەوەڵی گۆڤاری کۆڕەوە دەستی کرد بە بڵاو کردنەوەی لیستەی ئەو وشە و زاراوانەی کە لە مەیدانی ڕۆشنبیریی کوردیدا جێگایان دیار بوو و پێویستییەکەیان بە توندی هەست پێدەکرا.

لە ژمارە ١ تا ٦ ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد(١٩٧٨-١٩٧٣)، کە لە ١٠ بەرگدا چاپ و بڵاو کرایەوە، نزیکەی پێنج هەزار زاراوەی زانستی لە فەلسەفە و ژیربێژی، نەفس، پزیشکی، کارگێڕی، ڕیازی، جوغرافی و ئەستێرەناسی بە عەرەبی – کوردی – ئینگلیسی بڵاو کرایەوە[٣٠] و پاشانیش لە سێ کتێبی سەربەخۆدا هەمان زاراوەکان لە لایەن کۆڕەوە چاپ کرانەوە.

٣٢- کەمال جەلال غەریب، ساڵی ١٩٧٩، لە گۆڤاری پەروەردە و زانستدا، فەرهەنگۆکێکی زاراوەکانی زانستی بە عەرەبی – ئینگلیسی – کوردی بڵاوکردەوە[٣١].

٣٣- جەلال مەحموود عەلی، ساڵی ١٩٧٩، لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا، وتارێکی هەیە بە ناوی جووتە وشە[٣٢]. نووسەر لەو وتارەدا ئەو وشانەی هێناوە کە بە یاریدەی و ی پێوەندی، پێکەوە دەبەسترێنەوە.

٣٤- جەمال بابان، ساڵی ١٩٧٩، لە گۆڤاری پەروەردە و زانستدا، وتارێکی هەیە بە ناوی بنچینەی هەندێك وشە و لە یەکچوونی هەندێکی تر لە کوردیدا[٣٣]

٣٥- کەمال جەلال غەریب، ساڵی ١٩٨٣، لە گۆڤاری کاروانـدا، لیستەیەکی زاراوەکانی زانستی عەرەبی – ئینگلیسی – کوردی بڵاوکردەوە[٣٤].

٣٦- ئەمینێ ئۆسمان، لە ساڵی ١٩٨٣، لە گۆڤاری کارواندا، لیستەیەکی وشەی دیالێکتە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی بڵاو کردەوە[٣٥].

٣٧- زلفی، لە گۆڤاری هیوا، وەرزنامەی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس، ساڵی ١٩٨٣ فەرهەنگۆکێکی ٨٠٠ وشەیی ( دملکی – کرمانجیی ژووروو – تورکی ) بڵاو کردەوە[٣٦].

٣٨- د. نەسرین فەخری، ساڵی ١٩٨٤، زنجیرە وتارێکی لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ دا بڵاو کردەوە و لە باسی پەرەسەندنی وشە و دەوری لە دەوڵەمەند کردنی زماندا، ژمارەیەك وشەی ڕاڤە کردووە[٣٧].

٣٩- بەهجەت محەممەد هەوری، ساڵی ١٩٨٤، لە گۆڤاری کاروان‌دا وتارێکی هەیە بە ناوی ئەو پەیڤێن ژ دوو ڕا مانا و پتر هەین د زمانێ کوردیدا[٣٨]، وتارەکە باسی ئەو وشانە دەکا کە لە یەك مانا پتر دەبەخشن.

٤٠- عەباس عەبدوڵڵا یۆسف، ساڵی ١٩٨٥ لە گۆڤاری ئۆتۆنۆمی دا، لە ژێر ناوی فەرهەنگۆکی فەلسەفە، لیستەیەکی وشە و زاراوەی کوردی – عەرەبی بە ڕاڤە و لێدوانەوە بڵاو کردەوە.

٤١- ئەحمەدی بەحری، ساڵی ١٩٩٠، لە چوار ژمارەی گۆڤاری سروە[٣٩] دا، فەرهەنگۆکێکی بە ناوی پەلەوەر و باڵندان بڵاو کردەوە. ئەو فەرهەنگە، کوردی – فارسی یە و دەوری سەد باڵندەی تۆمار کردووە و سەرجەم بە وێنەی ڕەنگی لە دوایین لاپەڕەی گۆڤارەکە، کارەکە دەوڵەمەندتر کراوە.

٤٢- له دوای چاپ و بڵاو بوونەوەی فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەی مامۆستا هەژار، گۆڤاری سروە بانگەوازی کرد کە ئامادەیە بۆ چاپی ئەو وشانەی فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە نەیگرتوون[٤٠].

بەم جۆرە چەند لاپەڕەیەکی تەرخانکرد بۆ بەشێك بە ناوی قامووس، و هەوەڵین بابەتی ئەو بەشە، ساڵی ١٩٩١، لە ژمارە ٦٣ی سروەڕا دەستی بە بڵاوبوونەوە کرد[٤١] و تاکوو ئێستا، کە گەیاندوویەتە ژمارە ١٩٥، بەردەوام درێژەی هەیە[٤٢].

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم:

١- گۆڤاری هاوار، شام، ١٩٣٢، ژ١، ل٧؛ ژ٢، ل٧-٦؛ ژ٣، ل٦-٥؛ ژ٤، ل٤؛ ژ٥، ل٨-٧؛ ژ٧، ل٥؛ ژ٨، ل٨؛ ژ١٩، ل٥-٤؛ ژ٢٠، ل٧.

٢- گۆڤاری هاوار، شام، ١٩٣٢، ژ٦، ل٦-٥؛ ژ٩، ل٧-٦

٣- ئەو ژمارە، یا ژمارانەی گۆڤاری نزار، کە فەرهەنگۆکەکەیان تێدا بڵاو کراوەتەوە، بۆم دەستنیشان نەکرا.

بەڵام بێشك ساڵەکەی دەبێ ١٩٤٨بێ، چونکە یەکەم ژمارەی نزار لە ٣٠مارسی ١٩٤٨دەرچوو، و دوایین ژمارەی کەوتە ١٥ی فێبریەی ١٩٤٩.

٤- گۆڤاری پەیام، بەغدا، ١٩٥٥، ژ٣٠٢، ل٨؛ ژ٣٠٤، ل١٠؛ ژ٣٠٥، ل١١

٥- گۆڤاری هەتاو، هەولێر، ساڵی یەکەم، ١٩٥٥، ژ٢٤، ل٤؛ ژ٣٠، ل١٨؛ ژ٣٣، ل٨؛ ژ٣٥، ل١٦؛ ساڵیدووهەم، ژ٣٦، ل٨.

٦- گۆڤاری هەتاو، هەولێر، ١٩٥٧، ژ١١٩، ل١٣؛ ژ١٢٠، ل١٧؛ ژ١٢٢، ل٧؛ ژ١٢٣، ل١٤؛ ژ١٢٦، ل٦.

٧- گۆڤاری هەتاو، هەولێر، ١٩٥٧، ژ١٠٨، ل١٨؛ ژ١١٠، ل١٥؛ ژ١١١، ل١٧؛ ژ١١٤، ل١٧.

٨- ژ١٤، ل٧؛ ژ١٥، ل٦؛ ژ١٦، ل٧.

٩- گۆڤاری پێشکەوتن، بەغدا، ١٩٥٨، ژ٥، ل١٤-١٣.

١٠- مجلۀ آسیایی پاریس، پاریس،١٩٥٩.

١١- ژ١، ل٨٨؛ ژ٢، ل٤٧.

١٢- ژ٢، ل١٤؛ ژ٣، ل٩٤؛ ژ٤، ل٩١.

١٣- ژ٦، ل٣٨؛ ژ٨، ل٥٥-٥٤.

١٤- ژ٦، ل١٠٠-٨٨؛ ژ٧، ل١٢٥-١٢٣.

١٥- ژ٥، ل٥٩؛ ژ٦، ل٨٧-٨٨.

١٦- ژ٧، ل٤٥-٤٤.

١٧- ژ٥، ل٨٥؛ ژ٦، ل١٠١.

١٨- گۆڤاری زانیاری، ژ١، ل١٣٢؛ ژ٢، ل١١٨؛ ژ٤، ل- ١١٠؛ ژ٦، ل١٠٣-١٠٢.

١٩- گۆڤاری دەنگی مامۆستا، سلێمانی، ١٩٧١، ژ١، ل١٨.

٢٠- فەرهەنگی مامۆستا، ژ٣، ل٢٦-٢٥.

٢١- ژ٢، ل٤١-٤٠.

٢٢- گۆڤاری‌دەنگی‌مامۆستا،ساڵی‌دووەم،ژ١، سلێمانی، ١٩٧٢، ل٥٩-٥٨.

٢٣- گۆڤاری دەنگی مامۆستا،ساڵی‌سێیەم، ژ٩، سلێمانی، ١٩٧٣، ل٥٨-٥٧.

٢٤- گۆڤاری زانیاری، ژ٦، بەغدا، ١٩٧٣، ل١٠٣-١٠٢.

٢٥- گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، ژ١٨، بەغدا، ١٩٧٤، ل١٢٢-٩٥.

٢٦- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا،بەرگی ٢، ١٩٧٤، ژ١، ل٦٢٣-٥٦٩؛ بەرگی ٣، ١٩٧٥، ژ١، ل٣٨٨-٣٥٨.

٢٧- گۆڤاری پەروەردە و زانست، ژ٩، ساڵی پێنجەم، بەغدا، ١٩٧٥.

٢٨- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی چوارەم، بەغدا، ١٩٧٦، ل٩٥-٨٣.

٢٩- گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، ژ١٩، بەغدا، ١٩٧٦، ل١١٥-٧١.

٣٠- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٣، ل٥٢٥-٤٢٣؛ بەرگی دووهەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٤، ل٩٣٩-٨٨٠؛ بەرگی دووهەم، بەشی دووهەم، ١٩٧٤، ل٢١٨-١٦٦؛ بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ١٩٧٥، ل٥٤٢-٤٩٧؛ بەرگی سێیەم، بەشی دووهەم، ١٩٧٥، ل٥٥٣-٥٢٧؛ بەرگی چوارەم، ١٩٧٦، ل٤٧٩-٤٣٣.

٣١- ژ١٥، ل٥٠-٤٨.

٣٢- گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، بەغدا، ١٩٧٩، ژ٧٣، ل٨١-٧٨.

٣٣- گۆڤاری پەروەردە و زانست، بەغدا، ١٩٧٩، ژ١٦، ل٣٠-١٠.

٣٤- ژ٤، ل١١٢-١٠٣.

٣٥- گۆڤاری کاروان، ژ١٢، ١٩٨٣، ل٣٣-٢٩.

٣٦- گۆڤاری هیوا، ژ١، پاریس، ١٩٨٣، ل١٢٣-١٠٧.

٣٧- لێکسیکۆلۆگیا، ڕۆشنبیری نوێ، بەغدا، ١٩٨٤، بەشی یەکەم، ژ١٠١، ل٦٣-٥٣؛ بەشی دووەم، ژ١٠٢، ل٢٩-٢٨؛ بەشی سێیەم، ژ١٠٤-١٠٣، ل٦٦-٥٨؛ بەشی چوارەم، ژ١٠٥، ل٩٥-٨٣؛ بەشی پێنجەم، ژ١٠٧، ل١٨٩-١٨٠.

٣٨- گۆڤاری کاروان، هەولێر، ١٩٨٤، ژ١٧، ل٣٥-٣٢.

٣٩- گۆڤاری سروە، ژ٣٣، ورمێ، ١٣٦٨، ل٤٣-٤٠؛ ژ٣٤، ل٢٣-٢١؛ ژ٣٥، ل٣٧-٣٤؛ ژ٣٦، ل٢٩-٢٧.

٤٠- گۆڤاری سروە، ورمێ، ١٣٧٠، ژ٦١، ل٣٧.

٤١- گۆڤاری سروە، ژ٦٣، ل(٣٤-٣٢)+ل٦٥.

ئەحمەد کەریم، قامووس؛درێژەی هەنبانە بۆرینە.

٤٢- گۆڤاری سروە، ژ١٩٥، ل٨١-٨٠.

ئەمین گردیگلانی، قامووس.

## بەشی چوارەم
## ئەو ناونامانەی کە بەشێوەی فەرهەنگێکی سەربەخۆ، چاپ و بڵاو کراونەوە.

(١) — پێشەنگی ناونامەی زمانی کوردی، بەرهەمەکەی مامۆستا گیو موکریانییە. ناوی کچ و کوڕانی کوردی[١]، فەرهەنگی ناونامەی گیو موکریانییە، کە لە ساڵی ١٩٥٨، لە ٣٨ لاپەڕەدا، لە هەولێر چاپ و بڵاوی کردەوە. ئەم بەرهەمە جارێکی تر لە ساڵی ١٩٧٠، هەر لە چاپخانەی کوردستان، لە هەولێر، بە دەستی گیوی نەمر چاپکرایەوە. دەقی کتێبەکە (ل٧-٥٧)، کۆمەڵێك ناوی کچانە و کوڕانەیە کە بە جیا لە یەکتر، بە پێی ئەلفوبێی کوردی ڕیزکراون و تەنیا ئەو ناوانەی کە بە ڕای نووسەر، پێویستییان بە مانا و لێکدانەوە بووە، لە پەراوێزدا مانا کراونەوە.

(٢) — ناوی کوردی نوێ[٢]، ناونامەیەکی ٥٢ لاپەڕەیی هۆشیار محەممەد حاجی عەزیز قەفتانە، کە ساڵی ١٩٦٨، لە سلێمانی چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. نووسەر، پاشی پێشەکییەکی کورت (ل٥-٦)، کۆمەڵە ناوەکانی بە کوڕانەو کچانە دابەش کردووە و بە شێوەی ناونامەکەی مامۆستا گیو، هەندێ لە ناوەکانی لە پەراوێزدا ڕاڤە کردووە. ئەم بەرهەمە، چوار جار چاپ کراوەتەوە.

(٣) — اسما در ادبیات کردی[٣]، ناونامەیەکی کوردی — فارسی، بابا شێخ حسێنییە، کە ٥٨ لاپەڕەیە و دەوری ١٠٠٠ وشە دەبێ و لە تاران چاپ کراوە. هەرچەند ساڵی چاپی لە سەر نیە، بەڵام وێدەچێ لە ١٩٧٨ چاپکرابێ. نووسەر لە پێشەکی (ل٤ - ١٤)دا، هەندێ باسی ئەدەبی و زمانەوانی کردووە و لە دەقی کتێبەکە (ل١٥-٥٨)دا، کچانە و کوڕانەی سەرجەم ناوەکانی دەستنیشان کردووە.

(٤) — فرهنگ نامە[٤]، ناونامەیەکی کوردی — فارسی ئەحمەد شەریفییە، کە ساڵی ١٩٨١ لە مەهاباد چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ١٨٤ لاپەڕەیە و پتر لە ١٢٠٠ وشەی گرتۆتە خۆ. دەقی کتێبەکە کراوەتە دوو بەش؛ بەشی یەکەم (ل٤-٧٢)، ناوی کچانە و بەشی دوایی (ل٧٣-١٧٢)، ناوی کوڕانەیە. سەرجەم ناوەکان بە فارسی ڕاڤە کراون و هێما و ئاماژەگەلی مێژوویی و جوغرافیایی لە فەرهەنگۆکەکەدا زۆرە.

(٥) — نێونامە[٥]، فەرهەنگۆکێکی ناوی کوردییە، کە محەممەد سیراجوددینی، ساڵی ١٩٨٣ لە سنە چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. ٥٠ لاپەڕەیە و دەقی نامیلکەکە( ل٧ هەتا٤٠)، بریتییە لە ٦٩١ وشە، کە بەسەر ناوی کچانە و کوڕانە دابەش کراوە. بەشی یەکەم؛ (ل ٧-٢٤)، تایبەتی ناوی کچانەیە و بەشی دوویەم؛ (ل٢٦-٤٠)، ناوی کوڕانەیە. نووسەر، پتر مەبەستی ئەوە بووە کە چەپکێ ناوی جوانی کوردی، بۆ ناونانی منداڵانی کورد ئامادە بکا. کەوایە لە هەندێ شوێنی پێویست نەبێ، ئاوڕی وەلای مانا و ڕاڤەی وشە نەداوەتەوە.

(٦) — نامنامەی کردی[٦]، بەرهەمی سمکۆ ئەیوبیانە، کە ساڵی ١٩٨٢ لە مەهاباد چاپ و بڵاو کرایەوە. مامۆستا عوبەیدوڵڵا ئەیوبیان پێشەکییەکی کورتی بۆ نووسیوە و ئاماژەی داب و نەریتی ناولێنان لە ناو کوردانی کردووە. لەو نامیلکەیەدا، دەوری هەزار ناوی کچانە و کوڕانە، بە پێی ئەلفوبێ ڕیز کراوە، کە هیچ چەشنە مانا و ڕاڤەیەك نەکراون.

(٧) — کۆمەڵە ناوێك بۆ منداڵانی کورد[٧]، ناونامەیەکی سەلمان عەبدولسەمەد باڵەکییە، کە ٣٠ لاپەڕەیە و ساڵی ١٩٨٣ لە بەغدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە. نووسەر پاشی پێشەکییەکی کورت(ل٣)، بە بێ دەستنیشان کردن و جیا کردنەوەی کچ و کوڕ، ڕادەی ١٣٧٠ ناوی کوردی بە ژمارە و بە پێی ئەلفوبێ تۆمار کردووە و هیچ چەشنە ڕاڤەیەکیشی بە کار نەهێناوە.

(٨) – فرهنگ نامهای کردی[٨]، نێونامەیەکی محەممەد سەعید مەجیدیە،کە ساڵی ١٩٨٧ لە سنە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.٦٣ لاپەڕەیە و دەوری ١٨٠٠ وشەی تێدایە. ئەم بەرهەمە، کوردی – فارسییە و نووسەر، مانا و ڕاڤەی وشەکانی بە فارسی کردووە و شێوەزار و لەهجەی بەشێکی زۆری وشەکانی بە کورتەنیشانە دیاری کردووە. فرهنگ نام های کردی، جارێکی تر لە ١٩٩٦ لە ژێر ناوی «فەرهەنگی ناو[٩]» چاپکرایەوە و ئەمجار دەوری ٣٠٠٠ وشەی گرتەخۆ و کچانە و کوڕانەی ناوەکانی تێدا دەستنیشان کرا.

(٩) – ناونامەی منداڵانی کورد[١٠]، بەرهەمێکی عەباس سلێمان سمایلە، کە ساڵی ١٩٩٠ لە بەغدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە. لە پێشەکیدا (ل ٣-١٤)، هەندێ باس و لێدوانی پێویست هاتووە، وەك: ئاماژەی کارەکانی پێشوو، کورتەباسێکی مێژوویی ناولێنانی منداڵانی کورد، فەلسەفەی ناولێنان و... دەقی نامیلکەکەش (ل١٩-٤٦)، بریتییە لە سێ بەش: یەکەم؛ ناوی کوڕان (ل١٩-٢٣)، دوویەم: ناوی کچان(ل٢٤-٢٨)، سێیەم؛ فەرهەنگۆك (ل٣٠-٤٦). نووسەر لە دوو بەشی هەوەڵدا تەنیا ناوەکانی بە پێی ئەلفوبێ ڕیز کردووە، ئەمجار لە بەشی دواییدا ڕاڤەی کردوون، هەروەها بە کورتە نیشانە، هەندێ لەهجە و شێوەزاریشی دەستنیشان کردووە[١١].

(١٠) – ناونانی کوردی[١٢]، بەرهەمی ح.بەفرینە، کە ساڵی ١٩٩٠ چاپ و بڵاو کرایەوە. بیست لاپەڕەیە و دەوری ٨٠٠ ناوی کچانە و کوڕانە، بە بێ هیچ مانا و لێکدانەوەیەك تۆمار کراوە، بەڵام دوو لاپەڕەی دوایی نامیلکەکە تەرخانە بۆ ڕاڤەی هەندێ لەو وشانەی کە بە بۆچوونی نووسەر، پێویستییان بە لێکدانەوە هەبووە.

(١١) – خاتوو فەریبا کەرەمی، ساڵی ١٩٩٩ لە تاران، فرهنگ نامهای برگزیده[١٣]ی بڵاو کردەوە. ئەم بەرهەمە کە ٢٦٤ لاپەڕەیە، بریتییە لە ناوی فارسی، لوڕی، کوردی، ترکمەنی، عیبری، ئەرمەنی، تورکی، عەرەبی و فەڕەنگی. نووسەر، بە بێ جیا کردنەوەی ناوی کوڕ و کچ، سەرجەم وشەکانی بە پێی ئەلفوبێی فارسی ڕیز کردووە و مانای کورتی بەدەستەوەداوە. هاوکاری نووسەر بۆ بەشی کوردی ناوەکان، خاتوو نیشتمان محەممەدی بووە.

(١٢) – نێو لە کۆمەڵی کوردەواریدا [١٤]، فەرهەنگێکی ناونامەیە، کە هونەرمەند، ناسر ڕەزازی، نووسیویەتی و ساڵی ١٩٩١ لە ستۆکهۆڵم چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. ٣٤٤ لاپەڕەیە و دەوری ١٧٠٠ وشەی گرتۆتە خۆ. کتێبەکە لە دوو بەش پێکهاتووە؛ بەشی یەکەم (ل ٢٣ هەتا ١٧٤)، تایبەتی نێوی کچانەیە و دەوری ٧٥٠ وشەیە. بەشی دوویەم (ل١٧٧ هەتا ٣٤٤)، تایبەتی نێوی کوڕانەیە و دەوری ٩٠٠ وشەیە. نووسەر، تا ڕادەیەکی بەرچاو بە دەوری وشەدا هاتووە و بە ڕاڤە و وشەی هاوواتا و شاهید، مانای پوختی بە دەستەوە داوە. لە کاری ناونامە نووسینی کوردیدا، ئەم بەرهەمە پێشکەوتنێکی بەرچاوی پێوە دیارە.

(١٣) – نێونامەی ژینەر[١٥]، فەرهەنگۆکێکی ناوی کوردی – فارسی یە، کە فرووغ ناهید (ژینەر) نووسیویە, ٨١ لاپەڕەیە و ساڵی ٢٠٠٢ لە لایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی سەلاحەددینی ئەییووبی، لە ورمێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ٢٠لاپەڕەی سەرەتای کتێبەکە تەرخان کراوە بۆ پێشەکی و هەندێ باسی پێوەندیدار بە ناونامەکە. لە دەقی کارەکەدا ١١٠٠ ناوی کوردی, بە فارسی ڕاڤە کراون و ناوی کچانە و کوڕانە و هەروەها ناوی هاوبەش بە نیشانە لە یەك جیا کراونەوە.

(١٤) – فەرهەنگی ناوی کوردی، بەرهەمی سیروان کاروانیە، کە تا ئێستا سێ بەرگی لە سوئێد بڵاو کراوە. بەشی دوویەمی ئەو کتێبە (٢٤٠ ل)، ساڵی ٢٠٠٠ [١٨] و بەشی سێیەمی (١٧٤ ل)، ساڵی ٢٠٠٢ چاپ کراوە.[١٧]

## *بەشی پێنجەم*

## ئەو فەرهەنگە دەستنووسانەی کە هێشتا چاپ نەکراون.

(١) — د.مارف خەزنەدار، لە کتێبی لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە [١٨]دا، باسی دەستنووسێکی نامەخانەی ئامۆژگای رۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی سۆڤیەت، لە لێنینگراد دەکا، کە لە دانان و ڕێکخستنی ئەلێکساندر ژابایە و بریتییە لە فەرهەنگۆکێکی کوردی ( شێوەزاری حەکاری - ڕەوەندی) — فەرەنسی و نزیکەی حەوسەد وشەی گرتۆتە خۆ.

(٢) — ئا.ژابا، فەرهەنگێکی سێ زمانەی کوردی — فەرەنسی — ڕووسی ئامادە کردووە، کە دەستنووسە و لە کۆڕی زانیاری سۆڤیەت، لە لێنینگراد هەڵگیراوە.

(٣) — ئا.ژابا، هەروەها فەرهەنگێکی سێ زمانەی تری هەیە کە فەرەنسی — ڕووسی — کوردییە و بە دەستنووسی لە کۆڕی زانیاری سۆڤیەت، لە لێنینگراد هەڵگیراوە.

(٤) — عەبدوڵڵا زێوەر-ی شاعیر، لە ساڵی ١٩٤١، کاری وەرگێڕانی «فەرهەنگی ئەختەر» ی بە عەرەبی — کوردی دوایی پێهێنا. ئەم دەستنووسە لە دوو دەفتەری گەورەدا، لە کتێبخانەی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا پارێزراوە.

**(٥)** — د. جەمال نەبەز، لە وتارێکدا[١٩]، باس لە فەرهەنگێکی چاپ نەکراوی خۆی دەکا، کە ئەڵمانی — کوردییە و ٣٠٠٠٠وشە دەبێ و مانا کوردییەکان بە پیتی عەرەبی و لاتین و ترانسکریپسیۆن نووسراونەتەوە و جار و بار ماناکان بە چەند شێوەیەکی کوردی لێك دراونەتەوە.

(٦) — سەدیق بۆرەکەیی، لە پێشەکی فەرهەنگی ماددا[٢٠]، ئاماژە بە فەرهەنگێکی کوردی — کوردی، د. کامران بەدرخان دەکا، کە شەستهەزار وشەیە و هێشتا چاپ نەکراوە.

(٧) — مامۆستا مەعرووف قەرەداغی، لە پێشەکیی فەرهەنگی کشتوکاڵدا، ئاماژە بە دوو دەستنووسی خۆی دەکا، بەم جۆرە: ١- فەرهەنگی قەرەداغی، کوردی — کوردی، سیهەزار وشەیە و جارێ لە شکڵی موسەوەدەدا ماوە و بۆم ڕێك نەخراوە بە تەواوی. مامۆستا قەرەداغی، دوو بەرگ فەرهەنگە کشت و کاڵەکەی خۆی بە گوڵچنێك لە فەرهەنگی قەرەداغییەکە دەداتە قەڵەم. ٢- وەرگێڕانی کوردی المنجد، نووسراوی لویس مەعلووف، کە لە هێرشی بەعسدا، لە ١٩٦٣/٦/١٠ سووتێنرا[٢١].

(٨) — یەکێك لە پرۆژە گەورەکانی کۆڕی زانیاری کورد، نووسین و ئامادە کردنی فەرهەنگێکی کوردی — کوردی بووە، بە ناوی **تاڤانە** ، کە لە ماوەی تەمەنی کۆڕدا هەوڵێکی زۆریشی بۆ دراوە و کارە سەرەکییەکانی بە ئەنجام گەیشتووە، بەڵام پاشی هەڵوەشاندنەوەی کۆڕ لە ساڵی ١٩٧٩ دا، کاری فەرهەنگەکەش وەستێنراوە و گۆیا لە لایەن بەعسەوە لە ناوبراوە و فەوتێنراوە.

(٩) — سەید محەممەدی سەمەدی، ساڵی ١٩٨٢ کتێبی **فێر بوونی زمانی ئۆردوو لە دوو مانگدا** ی پرۆفیسۆر عەزیزوڕڕەحمانی لە ئینگلیسییەوە کردە فارسی و لە ٢٥٦ لاپەڕەدا ئامادەی چاپی کرد. ئەو کتێبە لە ٥٦ بەش پێکهاتووە. وەرگێڕ، لە دوایی هەر بەشێکدا، فەرهەنگۆکێکی سێ زمانەی ئۆردوو — فارسی — کوردی ڕێکخستووە، کە سەرجەم پتر لە ١٥٠٠ وشە دەبێ و یارمەتییەکی زیاتری فێرخواز دەدا بۆ فێر بوونی زمانی ئۆردوو. ئەوە یەکەمجارە کە وشەی ئۆردوو و کوردی بە شێوەی فەرهەنگۆکێك ڕێك بخرێن.

١٠) – ئەنستیتۆی کورد لە پاریس، ساڵی ١٩٨٤ ڕایگەیاند کە پێوەیە فەرهەنگێکی گەورەی کوردی – فەرەنسی ڕێکبخات و تا ئەم ساڵە توانیویەتی کاری وشەگەلی سەر بە پیتەکانی A وB وC ، لە پەنجاوپێنج هەزار وشەدا بە ئەنجام بگەیەنێ[٢٢]. هەروەها، پێوەیە پاشی تەواو کردنی فەرهەنگەکە، هەر هەمان فەرهەنگ بە زمانەکانی تورکی، ئەڵمانی، ئینگلیسی، عەرەبی و فارسیش ئامادە بکا.

(١١) – د. بەهمەن فەریوەر( سۆران سنەیی)، ساڵی ١٩٩١، لە پاشکۆی کتێبی ڕیسالەی عیشق، لە لیستەی بەرهەمەکانی خۆیدا، باسی ئەم فەرهەنگانەش دەکا کە لەژێر چاپ دان[٢٣]: ١- فەرهەنگی هەورامان، هەورامی – کوردی ئەدەبی – فارسی. ٢- فەرهەنگی کوردستان، کوردی – کوردی، کوردی – فارسی، بەرگی یەکەم( ئا )، بڵاوکەرەوە؛ ناجی ئەحمەدی، بانە. ٣- فەرهەنگی ناوەکانی کوردی، بڵاوکەرەوە؛ ناجی ئەحمەدی، بانە. ٤- فەرهەنگی ئانسیکلۆپێدیای ژیانی کوردەواری (٢٠بەرگ).

(١٢) – مامۆستا هەژار، لە چێشتی مجێوردا دەڵێ: یەکێك لە دۆستانی قامیشلیم، مەلا ئەحمەدی نامی بوو. کوردی چاك و شاعیرێکی تەبعڕەوان و فەرهەنگێکی کوردی – عارەبی نووسیبوو کە بە داخەوە چاپ نەکرا و دەگەڵ شێعرەکانی وا بزانم نەماوە. [٢٤]

(١٣) – مامۆستا مەلا خەلیل سلێمان (مشەختی)، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری ئاوێنە، باسی دوو فەرهەنگی خۆی دەکا و دەڵێ: فەرهەنگێکی گەورەی کوردی – کوردی م بە ناوی **فەرهەنگی مەرگ و ژین**، لە ١٢٠٠ لاپەڕەدا نووسیوە، تایپ کراوە و ئامادەی چاپە. هەروەها مامۆستا مشەختی باسی **فەرهەنگی ئشکەفتان** دەکا، کە ئەویش خۆی نووسیویە و بەر لە ساڵی ١٩٧٤ لە لایەن مامۆستا هەژارەوە براوە بۆ کۆڕی زانیاری کورد تا چاپ بکرێ، بەڵام لەوێ بەجێماوە و چاپ نەکراوە[٢٥].

(١٤) – عەبدوڵڵا ناهید (ئیفتیخار)، لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێ: ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی [١٩٢١ ]،ماڵم لە گوندی یەکشەوە بوو، لەوێ دەستم کرد بە نووسینی فەرهەنگێکی کوردی – فارسی و کارەکەم بە ئەنجام گەیاند[٢٦].

(١٥) – خاتوو د. ئسمرنڤا، لە هەڤپەیڤینێك لەگەڵ گۆڤاری ئاوێنەدا[٢٧]، باسی فەرهەنگی د.کەریم ئەییوبی دەکا کە بیست هەزار وشەیە و دەستنووسە و هێشتا چاپ نەکراوە.

(١٦) – مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی، فەرهەنگی زاراوە و ئیدیۆمی زمانی کوردی نووسیوە و دەستنووسەکە لە لای کۆڕی زانیاری عێراق( دەستەی کورد) ە، و ساڵی ١٩٨٧ بڕیاری لە چاپدانیان داوە.

(١٧) – د. ڕەشید قەرەداغی، لە هەڤپەیڤینێکدا باسی فەرهەنگێکی ئینگلیسی – کوردی کرد، کە هەزار لاپەڕەیە و ٦٠ تا ٦٥ هەزار وشەی گرتووەتە خۆ. لە ساڵی ١٩٧٢ڕا کاری لە سەر کردووە و هێشتا چاپ نەکراوە[٢٨].

(١٨) – د. نووری تاڵەبانی، لە ساڵی ١٩٧٥ڕا دەستی داوەتە فەرهەنگی قانوونی کوردی، کە عەرەبی – فەرەنسی – ئینگلیسی – کوردییە و بریتییە لە وشە و زاراوەگەلی سەر بە قانوون، کە بۆ زانیاری کاروباری دادگا بە کار دێ. بە پێی زانیاری ساڵی ١٩٩٠، ئەم فەرهەنگە هێشتا دەستنووسە و چاپ نەکراوە[٢٩].

(١٩) – کاك فارس نووری، لە نامەیەکدا بۆ گۆڤاری ئاوێنە، دەنووسێ: ڕێزمانی کوردی شێوەزاری کەلهوڕم نووسیوە و ئامادەی چاپە، هەروەها فەرهەنگێکی کوردیشم ڕێكخستووە کە لە دیالێکت و شێوەزارە جۆربەجۆرەکانی کوردیم کەڵك وەرگرتووە، بە تایبەت شێوەزارەکانی کرماشان، ئیلام، لۆرستان. ئەو فەرهەنگە پتر لە شەش هەزار پەیڤە[٣٠].

(٢٠) - ئەلێساندرۆ کۆلێتی ( ١٩٢٨-١٩٨٥ )، بەشێکی زۆری تەمەنی خۆی تەرخان کرد بۆ نووسینی فەرهەنگێکی کوردی – ئیتالی[٣١] و کاری دوو بەرگی فەرهەنگەکەی بە ئەنجام گەیاند. بەرگی یەکەم (ئـ ، ب) و بەرگی دوویەم (پ

، ژ). بەڵام مەرگی کۆلێتی لەساڵی ١٩٨٥ کاری فەرهەنگەکەی نیوەچڵ هێشتەوە. ئەلێساندرۆ ئەوینداری زمانی کوردی بوو و شارەزایی تەواوی بە سەر دیالێکتی کرمانجی نێوەڕاستدا هەبوو. ئەو هەڵبژاردەیەکی وێژەی فۆلکلۆری کوردی وەرگێڕایە سەر زمانی ئیتالی و بڵاوی کردەوە. دوایین بەرهەمی ئەو، کە وەکی فەرهەنگەکە بە نیوەچڵی و ناتەواوی بەجێ ما، دوو وتار بوو بە زمانی ئیتالی لە سەر فۆلکلۆری کوردی و تێکستەکانی ئۆسکارمان[٣٢].

ئەلێساندرۆ لە ساڵی ١٩٧٩ کتێبێکی لە سەر ڕێزمانی کوردی نووسی و بڵاوی کردەوە. ئەم کتێبە، پاشی بەرهەمەکەی ماوریزۆ گارزۆنی ، دووەمین ڕێزمانی کوردییە کە بە ئیتالی نووسرابێ.[٣٣]

(٢١) – مەلا خەلیل سلێمان، فەرهەنگێکی کوردی زاراوەی شەبەك- عەرەبی نووسیوە، کە هێشتا چاپ نەکراوە.

(٢٢) – ئەحمەد بەحری، کۆمەڵێك فیشی لە ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی ناوچەی موکریانی کۆ کردۆتەوە، کە دەبێ ڕێکوپێك بکرێن و وەکی قاموسێکی زاراوەیی کوردی – کوردی ئامادە بکرێ.

(٢٣) – ڕەسووڵ ڕەشئەحمەدی، گەلێك فیش و یادداشتی لە سەر زاراوەکانی ناوچەی موکریان کۆکردۆتەوە، کە زۆربەی پیشە و کار و داب و ڕەسم و بەشە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواری دەگرێتەوە.

(٢٤) – سەید ساڵح ئەییووبیان، لە ساڵی ١٣٥٥ [ ١٩٧٦ ]ەوە خەریکی وەرگێڕان و ئامادە کردنی فرهنگ عمیدە، بە شێوەی فەرهەنگێکی فارسی – فارسی – کوردی. ٢٢٥٠ لاپەڕەیە و ئێستا لە کاری دوایین پێداهاتنەوەیدایە.

(٢٥) – زانای کورد، بابا مەردووخی ڕووحانی، گەلێك شوێنەوار و بەرهەمی بەکەڵکی بە کوردی و فارسی و عەرەبی لە دوا بەجێماوە، کە لە ناویاندا دوو کاری فەرهەنگنووسی بەرچاو دەکەوێ[٣٤]:

١- فرهنگ روحانی، عەرەبی – فارسی، کە وەرگێڕاوی المنجدە و بە ناتەواوی ماوەتەوە؛ ٢- فرهنگ نوزاد، کە بە شێوەی کوردی – فارسی، لە سێ بەرگدا ئامادە کراوە و کارێکی تاقانەیە، چونکە تایبەتی ئەو وشە و زاراوانەیە کە منداڵ بەر لە فێربوونی زمان، بەکاریان دێنێ.

(٢٦) – مامۆستا حەبیبوڵڵا تابانی، لە کتێبی تاریخ تمدن کردستان دا، بەم جۆرە ئاماژەی فەرهەنگێکی دەستنووس دەکا: فەرهەنگێکی هێژای ئوستاد عوبەیدوڵڵا ئەییووبیان لە دەستی چاپ و بڵاوکردنەوە دایە، کە دەتوانێ کەلەبەرێکی گەورەی فەرهەنگنووسی کوردی پڕ بکاتەوە. [٣٥]

(٢٧) – جەلادەت عالی بەدرخان، چەندین ساڵ لە سەر فەرهەنگێکی کوردی – ئینگلیسی کاری کردووە، بەڵام نەیتوانیوە پێش مردن کۆتایی پێبێنێ. فەرهەنگەکە بە پیتی لاتینی نووسراوە. دەستنووسی پێنج پیتی یەکەمی فەرهەنگەکە، کاتی خۆی براوە بۆ مەدرەسەی توێژینەوە ڕۆژهەڵاتییەکان، لە لەندەن. بەڵام ئێستا هیچ شوێنەوارێك لەم دەستنووسە دیار نیە[٣٦].

(٢٨) – ج.س.ئـ. جانسۆن، ساڵی ١٩٣٧ یا بەر لەم ساڵە، فەرهەنگێکی ئینگلیسی – کوردی و کوردی – ئینگلیسی لە دوو بەرگدا نووسیوە، کە دەستنووسی ئەو فەرهەنگە ئێستا لە ناوەندی سواس، لە لەندەن پارێزراوە و پێناسی ژمارە MS.380327 ی پێدراوە. بە دیالێکتی کرمانجی خواروو نووسراوە و مۆرکی بنلەهجەی سلێمانی بە سەر وشەکانییەوە دیارە[٣٧].

(٢٩) – فەرهەنگی مێدیا ، ناوی فەرهەنگێکی کوردی – کوردی عەباس سلێمان سمایلە، کە ساڵی ١٩٨٨ بڕیاری لە چاپدانی بەشی یەکەمی وەرگیراوە[٣٨].

(٣٠) – مەسعوود خالید گولی، لە دوایین لاپەڕەی کتێبێکی خۆیدا، بە ناوی **فەرهەنگۆکا کلاسیکێن کورد**[٣٩]، ئاماژەی ئەو بەرهەمانەی خۆی دەکا کە لە ژێر چاپدان؛ یەك لەوان، قامووسا فارسی بۆ کوردی یە کە هێشتا چاپ نەکراوە.

(٣١) – مامۆستا مەلا عەبدولقادری شەریفی (١٩١٨ – ٢٠٠٢)، کوڕی عەبدوڵڵا، لەدایکبووی گوندی سڵۆکی ناوچەی مەنگوڕی مەهاباد، و دانیشتووی گوندی تازە قەڵای سەر بە شاری نەغەدە، لە ماوەی تەمەنیدا هەوڵێکی زۆری کۆکردنەوەی وشەی کوردی داوە و لە بیستودوو دەفتەری گەورەی دەستنووسدا، وشەی کوردی و فارسی و عەرەبی لەسەر ڕووەك و پەلەوەر و ئاژەڵ و گژوگیا، کۆ کردۆتەوە و ڕاڤەی کردوون. ئەو دەفتەرانە کە ئێستا لە لای بنەماڵەکەی پارێزراون، بەم چەشنەن:

یەکەم : فەرهەنگی پەلەوەر و باڵدارەکان، حەوت دەفتەر. دوویەم : فەرهەنگی دار و گوڵ و گیا، پێنج دەفتەر. سێیەم : فەرهەنگی گیانداری وشکایی و دێمی و ئاوی، هەشت دەفتەر. چوارەم : فەرهەنگی جۆرجانەوەر حەشەرات، دوو دەفتەر[٤٠].

***

لە بەشی دوایی، واتە بەشی پێنجەمی ئەم لیستەیەدا، ئامانج ئەوە بوو کە بۆ یەکەم جار ئەو واژەنامە دەستنووسانەش بخرێنە بەرباس کە ئەرکێکی زۆریان لە پێناودا کێشراوە، بەڵام شانسی ئەوەیان نەبووە کە تا ئێستا ڕووناکی ببینن، جا یان فەوتاون و لە ناو چوون، یان بە دەستنووسی کەوتوونەوە و چاوەڕوانی دەرفەتێکن بۆ ڕزگار بوون لە مەرگ. هەرچۆنێك بێ، ناساندن و کێشانە بەرباسیان کەمترین ئەرکێك بوو کە لەم پێیەدا دەگونجا. سا بەڵکوو ئەم تیشك خستنەسەرە، ببێتە هۆی ئەوە کە شوێنپێیان بۆ هەڵگرتن بمێنێتەوە و سەوداسەرانی ئەم ڕێبازە، لانیکەم بوارێکیان هەبێ بۆ کەوتنە شوێن و پەیجۆییان. بێگومان ژمارەشیان گەلێك لەوە پترە کە لێرەدا باسیان لێکراوە. پێویستە وە بیر بێنمەوە کە دوور نیە ژمارەیەك لەم فەرهەنگە دەستنووسانەی کە لێرەدا باسیان لێکراوە، لە ماوەی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی ئەم وتارە، تا بڵاوکردنەوەی، کە ماوەی یازدە ساڵی خایاندووە، لەوانەیە تا ئێستا چاپ کرابن و نووسەری ئەم وتارە ئاگاداری چاپ بوونیان نەبووبێ.

***

***تێبینی:***

لێرەدا لیستەی ئەو پێنج بوارەی کە لە سەرەتادا ئاماژەیان پێکرابوو، دوایی هات، بەڵام لە ماوەی بڵاوکردنەوەی وتارەکەدا، هەندێ فەرهەنگی تازەش چاپ و بڵاوکرانەوە و کتێبخانەی کوردییان پێ ڕازایەوە. جگە لەمانە، چەند فەرهەنگێکیش لە قەڵەم کەوتبوون. ئەوا لە بەشی تێبینیدا، بە لیستەکە زیاد دەکرێن کە بریتین لە:

(١) - حەمید ئەبووبەکر ئەحمەد، ساڵی ١٩٩٤، بەرگی دووەمی فەرهەنگی وێنەدار بۆ منداڵان[٤١]ی بە ئینگلیزی – کوردی – عەرەبی – فارسینووسی، کە لە هەمان ساڵدا لە هەولێر چاپ و بڵاو کرایەوە.[٤٢]

( ٢ ) - حەمید ئەبووبەکر ئەحمەد، ساڵی ١٩٩٦، بەرگی سێیەمی فەرهەنگی وێنەدار بۆ منداڵان[٤٣]ی بە ئینگلیزی – کوردی – عەرەبی – فارسی نووسی، کە لە هەمان ساڵدا لە هەولێر چاپ و بڵاو کرایەوە.[٤٤]

(٣) – کتاب منتخب الخواص[٤٥]، ناوی بەرهەمێکی شێخ محەممەدی مەردۆخی کوردستانییە، کە لە ساڵی ١٩٥١، چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەو کتێبە سەرجەم ١٣٨ لاپەڕەیە و لە باسی زیندەوەر، بەتایبەت گژوگیا و نەخۆشی و داو و دەرمانی خۆماڵی و پزیشکێتی کۆن دەدوێ. ١١٠ لاپەڕەی بەشی هەوەڵی کتێبەکە، بە پێی ئەلفوبێ، کومەڵێك ناوی ڕووەك و زیندەوەر و خواردەمەنیی کوردی و فارسییە، کە بە فارسی لێیان دواوە و چۆنیەتی دەکارکردن و بەرهەم هێنانی دەرمانەکانی شی کردووەتەوە. ٢٨ لاپەڕەی بەشی دوویەمی کتێبەکەش تەرخان کراوە. بۆ لیستەی ناوی نەخۆشییەکان، کە بە شێوەی کوردی و فارسی – فارسی ڕاڤە کراون.

(٤) - احسان علی عبدالکریم، فەرهەنگی گیرفانیی جاق بە ئینگلیسی – کوردی نووسی و ساڵی ٢٠٠١ لە کوردستان، چاپ و بڵاوی کردەوە. چاپی دوویەمی ئەو فەرهەنگە، ساڵی ٢٠٠٢ لە تاران، لەلایەن نشر احسان ، لێدرایەوە[٤٦]. پێنسەد و نەوەد لاپەڕە و هەشت هەزار وشەیە و بۆ دروست خوێندنەوەی وشە ئینگلیسییەکان، لە ئەلفوبێی دەنگیی نێودەوڵەتی کەڵك وەرگیراوە.

(٥) - فەرهەنگی نوێ، کۆمەڵێك زاراوەی سیاسییە کە مامۆستا بورهان قانع ساڵی ١٩٨١ لە زمانی فارسییەوە کردوویە بە کوردی و لە ١٩٨٥ لە بەغدا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە[٤٧]. فەرهەنگی نوێ، ٢٠٠ لاپەڕە و دەوری ٢٧٠ زاراوەیە و بە دەست پێکردنێکی پێویست دێتە ژمار، بۆ هاویشتنی هەنگاوی گەورەتر لەم بوارەدا.

(٦) - مەسعوود خالد گولی، فەرهەنگۆکا کلاسیکێن کورد[٤٨] ی نووسی کە ساڵی ٢٠٠١، لە هەولێر چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەو بەرهەمە کە ١٤٤ لاپەڕەیە، فەرهەنگۆکی ئەو وشە و زاراوە عیرفانییانەیە کە لە شێعری کلاسیکی کوردیدا بە ئیما و ئیشارە دەکار دەکرێن و هەڵگری مانای مەجازین. بەشی دوویەمی فەرهەنگۆکەکەشی تەرخان کردووە بۆهەندێ ناوی مێژوویی و جوغرافیایی و ئەفسانەیی، کە ئەوانیش لە شێعری کلاسیکی کوردیدا گەلێك بەرچاون و ڕاڤە و مانای عیرفانییان هەیە.

(٧) - فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، ناوی فەرهەنگێکی کوردی – ئینگلیزی/ ئینگلیزی – کوردی[٤٩]یە، کە بەختیار سەجادی و محەممەد مەحموودی نووسیویانە و ساڵی ٢٠٠٢ لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لە ٢٠٤ لاپەڕە و تیراژی ٧٠٠ بەرگدا، لە سلێمانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. زاراوەکان بریتین لە: ئەدەب، ڕەخنەی ئەدەبی و تیئۆری ئەدەبی.

(٨)- ئینسکلۆپیدیای ئابووریی [٥٠]، ناوی فەرهەنگێکی عەرەبی – ئینگلیسی – کوردییە، کە فەیسەڵ دەباغ نووسیویە و پتر لە دووهەزار زاراوەی ئابووری بە کوردی لێکداوەتەوە. ئەم فەرهەنگە ٥١٧ لاپەڕەیە و ساڵی ٢٠٠١ لە هەولێر، چاپی یەکەمی بڵاو کراوەتەوە.

(٩) – قامووسا سەلاحەدین [٥١] ، ناوی فەرهەنگێکی ئینگلیسی – کوردییە، کە سەلاح سەعدوڵڵا نووسیویە و ساڵی ١٩٩٨ لە بەغدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

(١٠) – فرهنگ نامهای کردی، نێونامەیەکی کوردی – فارسییە , کە بەدیع مرادی نووسیویە و ساڵی ٢٠٠٣ لە سنە چاپ و بڵاو کراوەتەوە[٥٢]. نووسەر بەبێ هیچ پێشەکی و لێدوانێك، دەوری ٢٠٠٠ ناوی کوردی، بەبێ جیا کردنەوەی کوڕانە وکچانە تۆمار کردووە و لە ڕستەیەکی کورتدا بە فارسی مانای کردوونەوە.

(١١) – مامۆستا تەها فەیزیزادە، لە لیستی بەرهەمەکانی خۆیدا[٥٣]، سێ فەرهەنگ ناو دەبا، کە لە قۆناغی ئامادە کردن دان. ئەم فەرهەنگانە بریتین لە: ١- فرهنگ ترکیبات عطفی در زبان کردی. ٢- قاموسی زاراوەیی زمانی کوردی، بەرگی یەکەم.٣- بەرکوت ، گەڵاڵەیەك بۆ قاموسێکی زاراوەیی. تەها فەیزیزادە پێشتریش کەلێك کاری فەرهەنگنووسیی بە ئەنجام گەیاندووە، کە چاپ و بڵاو کراونەوە. بەداخەوە مەرگ مەودای تەواو کردنی ئەم سێ کارەی نەدا.

(١٢) – نەوزاد محەممەد، فەرهەنگۆکێکی ئەڵمانی ـ کوردی نووسیوە کە ساڵی ١٩٨٨ لە ئەڵمان چاپ و بڵاو کرایەوە[٥٤] . ئەو فەرهەنگۆکە، کە لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری پەرەنگە، بریتی لە ٣٢٦ لاپەڕەی بچووك.

(١٣) – میرزا سەدیق ئەحمەد جنگیانی، ساڵی١٩٩٠ کتێبی گژ و گیا و ئاژەڵی بلاو کردەوە[٥٥]، کە بریتییە لە دووبەش؛ یەکەم: گوڵ و گژ و گیا، دوویەم: ئاژەڵ و گیاندار و گیانەوەر. سەرجەم ٢١٥ لاپەڕەیە و بە شێوەی کوردی ـ کوردی ڕێکخراوە.

(١٤) - فەرهەنگ و پێناسی زاراوەکانی شەریعەت و یاسا، جەلیل حەمە زیاد و سەرکەوت سلێمان، عەرەبی - کوردی – ئینگلیسی – فەرەنسی، ٢ بەرگ، ٢٥٠ ل، پتر لە ٢ هەزار وشە، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠١.

(١٥)– فەرهەنگی ئاسۆ، ئەمیر ئەمینی، کوردی – فارسی - ئینگلیسی، ٥٧٢ ل، ئامول، ١٣٨١.

(١٦) – فەرهەنگی بۆرەکەیی، سەدیق بۆرەکەیی، کوردی – کوردی، ٢ بەرگ، تارات، نشر پیکان، ١٣٨١، بەرگی یەکەم؛ «وشە»، دەوری ٤٠ هەزار وشە، بەرگی دوویەم؛ «ئەعلام»، دەوری ٣ هەزار کەسایەتی بە زمانی فارسی!

(١٧) – آوای نامها از ایران زمین، پەری زەنگەنە، چاپی سێیەم، نشر کتابسرا، تاران ١٣٧٧، ٤٤٤ ل. لاپەڕە ٢٧٩ هەتا ٢٩٣ تایبەتە بە چەند سەد ناوی کچانە و کوڕانەی کوردی کە پێشەکییەکی کورتی بۆ نووسیوە و پاشان ناوەکانی بە پێی ئەلفوبێ ڕیز کردووە و بە فارسی مانای کردوونەوە و بە پیتی لاتینیش شێوەی بە دەمداهاتنی وشە کوردییەکانی تۆمار کردووە و بە دانانی نیشانە، کچانە و کوڕانەی لەیەك جیا کردووەتەوە.

(١٨) - فەرهەنگی هانا، هۆڵەندی – کوردی، ناهید ڕەشیدیان.

(١٩) – فەرهەنگی میوان، ئینگلیسی – ئەڵمانی – کوردی، زیاد قادر کەریم(کاکە زیاد). ئەم فەرهەنگە ٥٠٠٠ وشەیە و لە بەینی ساڵانی ١٩٧٨ تا ١٩٨٦ نووسراوە و لە ئەورووپا چاپ کراوە. [بەرنامەی **پشووی هەفتە**، کوردستان تی.وی. شەوی شەممۆ، ١٣٨٢/٦/٨]

(٢٠) – فەرهەنگا مامۆستای بۆ قوناغا سەرەتایی، عەبدولستار فەتاح حەمەسەن و ئەنوەر محەممەد تاهیر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٠. ئەم فەرهەنگە ٦٣٢ لاپەڕەی قەوارە گەورەیە و بە تیراژی ٥٠٠٠ دانەوە لە لایەن **وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان** ەوە دەرچووە و زۆربەی ئەو زاراوانەی لە بابەتەکانی هەر شەش پۆلەکانی قۆناغی سەرەتاییدا بەکار دەهێنرێن لە ئەلف و بێ و خوێندنەوەی کوردی و بیرکاری و زانستەکان و پەروەردەی ئیسلامی و نیشتمانی و کشتوکاڵ و ڕێزمان و پەروەردەی خێزان و کۆمەڵایەتی و مێژوو و جوغرافیای بە خۆدا گرتووە.

(٢١) – فەرهەنگی جوغرافیای سروشتی، کوردی – عەرەبی - ئینگلیسی

(٢٢)- ڕەحیم شنۆیی مەحموودزادە، فەرهەنگێکی نووسیوە بە ناوی « معانی بعضی از اسامی کهن و ایرانی در زبان کردی »[٥٦]. ئەو فەرهەنگە بە زمانی فارسییە و دەوری ٣٥٠ وشەی کۆن و مێژوویی تێدایە کە ماناکانیان لە ڕوانگەی زمانی کوردییەوە شیکراوەتەوە. کتێبەکە سەرجەم ٥٣٦ لاپەڕەیە و دەیان وێنەی لە شوێنەوارە مێژووییەکانی کوردستان تێدایە و ساڵی ١٣٨٣ (= ٢٠٠٤) لە تاران چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

## کۆتایی

خوێنەری هێژا! لەم بەسەرکردنەوەیەدا، کە لە ژێر پێنج سەردێڕی جیاواز پێشکەشکرا، ئاوڕێك لە سەرجەمی ئەو هەوڵانە درایەوە کە لە ماوەیەکی ٣٢٠ ساڵەدا لە پێناو کۆکردنەوە و ڕاڤەی وشەی کوردیدا، ئەنجام دراون. لە فەسڵی هەوەڵدا ١٥٨ فەرهەنگ، فەسڵی دوویەم ٣٤، فەسڵی سێیەم٤٢، فەسڵی چوارەم ١٤، فەسڵی پێنجەم ٣١ و لە بەشی تێبینیدا ٢٢ و سەرجەم ٣٠١ فەرهەنگ باسیان لێکرا، لە هەمان کاتدا، کەمی و پوختی بابەتەکە پتر مەبەست بووە تا زۆریی و بۆری. ئەرکی وتارەکەش ئەوە بووە کە سەرجەمی ئەو هەوڵە تازانەی لەم مەیدانەدا دراون و نەکەوتوونە ناو بیبلۆگرافییایەکانی پێشوو، لێرەدا تۆمار بکرێن و لیستەیەکی بە پێی توانا کامڵ و تەواو بە دەستەوە بدرێ.

دوایین بەشی ئەم وتارە بە پاشکۆیەك کۆتایی پێدێ کە بریتییە لە ژمارەیەك خشتە و نموودارى پێویست، کە هەموو زانیارییەکانی ئەم وتارە، لە چوارچێوەی ئاماردا کۆ بکاتەوە و لەگەڵ یەك بەراوردیان بکات، کە ئەوەش دەبێتە هۆی پوختە کردنی وتارەکە و کەڵك لێوەرگرتنی هاسانتر دەکاتەوە.

---

## پەراوێزەکانی بەشی چوارەم و پێنجەم:

١- گیو موکریانی، ناوی کچ و کوڕانی کوردی، چاپخانەی کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٥٨٢ی مادی/ ١٩٧٠.

٢- هۆشیار محەممەد حاجی عەزیز قەفتان، ناوی کوردی نوێ، چاپخانەی کامەران، چاپی یەکەم، سلەیمانی، ١٩٦٨.

٣- باباشێخ حسێنی، اسما در ادبیات کردی، انتشارات روزبه، تهران، ؟ .

٤- احمد شریفی، فرهنگنامه، اسامی دختران و پسران کرد، انتشارات سیدیان، مهاباد، ١٣٦٠.

٥- محەممەد سیڕاجوددینی، نێونامە، سنە، ١٣٦٢.

٦- سمکو ایوبیان، نامنامه کردی، هزار و یك اسم دخترانه و پسرانه کردی، کۆمەڵەی کۆزانی کوردیناسی، مهاباد، ١٣٦١.

٧- سلمان عبدالصمد عبدالرحمن، کۆمەڵە ناوێك بۆ منالانی کورد، بەغدا، ١٩٨٣.

٨- محمد سعید مجیدی، فرهنگ نامهای کردی، چاپ اول، سنندج، ١٣٦٦.

٩- محمد سعید مجیدی، فەرهەنگی ناو، چاپی دووەم، سنە، ١٣٧٥.

١٠- عباس سلیمان سمایل، ناونامەی مندالانی کورد، بەغدا، ١٩٩٠.

١١- نووسەر، لە پێشەکی و لە بەشی سەرچاوەکانی ئەم ناونامەیەدا، باسی بەرهەمێکی تری خۆی دەکا، بە ناوی هەڤڕس، کە لە ١٩٨٥ چاپ کراوە و وەکی ناونامە لێیدەدوێ. هەروەها لە پێشەکی (ل ٥)دا، باسی مامۆستا بەشیر موشیر دەکا، کە گۆیا ئەویش خاوەنی ناونامەیەکی کوردییە. بەداخەوە دەستم بەو دوو بەرهەمە ڕانەگەیشت.

١٢- ح. بەفرین، ناونانی کوردی، ؟ ، نیسان ١٩٩٠.

١٣- فریبا کرمی، فرهنگ نامهای برگزیده، چاپ اول، تهران، بهار ١٣٧٨.

١٤- ناسری ڕەزازی، نێو لە کۆمەڵی کوردەواریدا، ستۆکهۆڵم، ١٩٩١.

١٥- فروغ ناهید( ژینەر)، نێونامەی ژینەر، ناوەندی بڵاو کردنەوەی سەلاحەددینی ئەییووبی، ورمێ، ٢٠٠٢.

١٦- گۆڤاری گزینگ، ژ ٢٧، بەهاری ٢٠٠٠، ل ٧٦.

١٧- گۆڤاری گزینگ، ژ ٣٦، پاییزی ٢٠٠٢، ل ٧٤.

١٨- د. مارف خەزنەدار، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، بەغدا، ١٩٨٤، ل ٣٨١-٤٠٦.

١٩- کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەڵمانیادا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی دووهەم، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٤، ل ٤١٣ - ٤٨٥.

٢٠- صدیق صفی‌زاده(بۆرەکەیی)، فرهنگ ماد، جلد اول(ئـ)، تهران، ١٣٦١، ص٤١.

٢١- مەعرووف قەرەداغی، فەرهەنگی کشت و کاڵ، بەرگی یەکەم، ل٨؛ بەرگی دووەم، ل١٥٤.

**22 alikari ji bo ferhenga kurdi-franszi, kovara HEVI, hejmar 2, paris, 1984, rupel 12.**

هەڵبەت بە وەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئێستا (٢٠٠٣)، ١٩ ساڵ بە سەر ئەو بانگەوازەدا تێپەڕیوە.

٢٣- سۆران سنەیی، رسالەی عشق، ئینتشاراتی سەلاحەدینی ئەییوبی، چاپی یەکەم، ورمێ، ١٣٧٠، ل٥٨٥.

٢٤- هەژار، چێشتی مجێور، چاپی پاریس، ١٩٩٧، ل٢٥٣.

٢٥ - گۆڤاری ئاوێنە، ژ١١، ڕەشەمەی ١٣٧١، ل٧.

٢٦- عبدالله ناهید( افتخار )، خاگرات من، به اهتمام احمد قاچی، چاپ اول، تهران، ١٣٦٢، ل١٠٦.

٢٧- گۆڤاری ئاوێنە، ژ٢٣، ١٣٧٤، ل٥٨.

٢٨- هەڤپەیڤین لە گەڵ دەنگی ئەمریکا، بەشی کوردی، ڕۆژی ١٩٩٤/١٠/٢٥. هەروەها ڕۆژنامەی ئێرانیی «رسالت» لە ژمارەی ڕۆژی ١٣٧١/١٠/٢٠ی خۆیدا، ئەو هەواڵەی بەم چەشنە بڵاو کردەوە: کوردێکی عێراقی بە ناوی ڕەشید قەرەداغی، خەریکی نووسینی فەرهەنگی گەورەی کوردی – ئینگلیسییە و هەتا ئێستا پتر لە چوار هەزار لاپەڕەی لێ ئامادە کردووە. – بە نەقڵ لە: لۆس‌ئانجلێس تایمز –.

٢٩- گۆڤاری کاروان، ژ٩١، ساڵی نۆیەم، ١٩٩٠، ل٧-٩.

٣٠- گۆڤاری ئاوێنە، ژ٦-٧، ١٣٧٠، ل٦٢.

**31- Dizionario cordo italiano, 1, prefazione.**

٣٢- هاننە کۆلێتی هاوسەری نووسەر، بە هەوڵی خۆی کاری ئەم دوو وتارەی بە دوایی گەیاند و ئامادەی کرد تاکوو لە کتێبی هەڵبژاردەی شێعری کوردیدا، بە زمانی ئیتالی بڵاوی بکاتەوە. هەروەها خاتوو هاننە هەوڵی زۆری دا کە خۆی فێری زمانی کوردی بکات تاکوو کارەکانی ئەلێساندرۆ بە دوایی بگەیەنێ، بەڵام مەرگ مۆڵەتی نەدا.

٣٣- گۆڤاری مامۆستای کورد، ژ ١١-١٢، سوئێد، ١٩٩١، ل٣١-٣٢.

٣٤- بابامردوخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، بخش دوم(جلد سوم)، امرا و خاندانها، به کوشش ماجد مردوخ روحانی، سروش، تهران، ١٣٧١، ص٦٥٢.

٣٥- حبیب‌الله تابانی، وحدت قومی کرد و ماد – تاریخ تمدن کردستان، انتشارات گسترده، تهران، ١٣٨٠، ص٤٨٣.

٣٦- ئەنوەر سوڵتانی، دەستنووسی فەرهەنگێکی کوردی – ئینگلیزی ، ئینگلیزی – کوردی لە کتێبخانەی سواس لە لەندەن، گۆڤاری کاروان، ژ١٤٨، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٨٠-٨١.

٣٧- ئەنوەر سوڵتانی، سەرچاوەی پێشوو.

٣٨- عباس سلێمان سمایل، ناونامەی منداڵانی کورد، بەغدا، ١٩٩٠، ل٤٧.

٣٩- مەسعوود خالد گولی، فەرهەنگۆکا کلاسیکێن کورد، دەزگەها چاپ و بلاڤکرنا موکریانی، کوردستان، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٤٤.

٤٠- ئۆتۆبیۆگرافی، بە دەستخەتی مەلا قادر شەریفی، کە لە سەر داوای کاک نووح عینایەتی نووسیویە، هەروەها بڕوانە: گۆڤاری سروە، ژمارەی تایبەتی وتوویژ (١)، ل ٣٨-٤١.

٤١- حەمید ئەبووبەکر ئەحمەد، فەرهەنگی وێنەدار بۆ منداڵان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٤.

٤٢- بڕوانە: گۆڤاری مەهاباد، ژ١٧، ل٨، فەرهەنگی ژمارە ١٠٠.

٤٣- حەمید ئەبووبەکر ئەحمەد، فەرهەنگی وێنەدار بۆ منداڵان، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٦.

٤٤- بڕوانە: گۆڤاری مەهاباد، ژ١٧، ل٨، فەرهەنگی ژمارە ١٠٠.

٤٥- شیخ محمد مردوخ کردستانی، کتاب منتخب الخواص، چاپخانه ارتش، ١٣٣٠.

٤٦- احسان علی جاف، فەرهەنگی گیرفانیی جاف، تاران، ١٣٨١.

٤٧- بورهان قانع، فەرهەنگی نوێ، بەغدا، ١٩٨٥.

٤٨- مەسعوود خالد گولی، فەرهەنگۆکا کلاسیکێن کورد، دەزگەها چاپ و بلاڤکرنا موکریانی، چاپا یەکێ، کوردستان، هەولێر، ٢٠٠١.

٤٩- بەختیار سەجادی و محەممەد مەحموودی، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٥٠- فەیسەڵ دەباغ، ئینسکلۆپیدیای ئابووریی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١.

٥١- سەلاح سەعدوڵڵا، قامووسا سەلاحەدین، بەغدا، ١٩٩٨.

٥٢- بدیع مرادی، فرهنگ نامهای کردی، سنندج، ١٣٨١.

٥٣- طه فیضیزاده، کرد و کردستان در آثار واسیلی نیکیتین، تبریز، ١٣٦٧.

٥٤- نەوزاد محەممەد، فەرهەنگی ئەڵمانی ـ کوردی، لە بڵاو کراوەکانی گۆڤاری پەرەنگ، ئەڵمان، ١٩٨٨.

٥٥- میرزا صدیق احمد جنگیانی، گژ و گیا و ئاژەڵ، سلێمانی، ١٩٩٠.

٥٦- رحیم اشنوئی محمودزاده، معانی بعضی از اسامی کهن و ایرانی در زبان کردی، نشر پیام امروز، تهران، ١٣٨٣.



سەرجەمی فەرهەنگەکانی زمانی کوردی، بە پێی دابەشکردنی ناو وتارەکە
200
150
100
50
0
154
34
42
45
15
2
فەرهەنگی سەربەخۆ
پشکۆی کتێب
ناونامە
نەزانرا




فەرهەنگەکانی زمانی کوردی، بە پێی چەند زمانە بوونیان
200
180
160
140
120
100
80
60
40
20
0
56
180
29
6
2
1
1
1
1
11
1
2
یەك زمانە
دوو زمانە
سێ زمانە
چوار زمانە
پێنج زمانە
حەوت زمانە
نۆ زمانە
بیست و حەوت زمانە
دوو سەد زمانە
دوو جار دوو زمانە
دوو جار سێ زمانە
نەزانرا




چالاکیی فەرهەنگنووسیی کوردی، لە دەهەکانی سەدەی بیستەمدا
60
50
40
30
20
10
0
1
7
3
7
4
11
32
52
50
33
یەکەم دەهە
دوویەم دەهە
سێیەم دەهە
چوارەم دەهە
پێنجەم دەهە
شەشەم دەهە
حەوتەم دەهە
هەشتەم دەهە
نۆیەم دەهە
دوایین دەهە


فەرهەنگەكانی زمانی كوردی، لە سەدەی حەڤدەوە تا بیستویەك
250
200
150
100
50
0
2
2
13
209
16
49
سەدەی بیست
نەزانرا


ڕێكخستنی فەرهەنگەكانی زمانی كوردی، لە كوردییەوە بۆ زمانەكانی تر، یا لە زمانەكانی ترەوە بۆ كوردی
250
200
150
100
50
0
192
95
4
كوردی بۆ زمانەكانی تر
نەزانرا


دانەری فەرهەنگەكانی زمانی كوردی، بە پێی كورد بوون یا نەبوونیان
250
200
150
100
50
0
235
41
13
3
كورد
غەیرە كورد
نەزانرا

فەرهەنگەکانی زمانی کوردی، لە گەڵ ئەو زمانانەی کە هەمبەر کراون( بە وەبەر چاوگرتنی فەرهەنگە چەند زمانەکان )




فەرهەنگەکانی زمانی کوردی، بە پێی چاپبوونیان لە وڵاتانی دنیادا




فەرهەنگەکانی زمانی کوردی، بە پێی چاپبوونیان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان

